# جیاوازییەکانی ئێمە

## وتووێژ سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری

بسووی سۆسیالیسم :بەڵگەنامەی "هەلومەرجی جیهان و جێگاوشوێنی کۆمۆنیزم" قەیران و داکوژانی سۆسیالیزمە بۆرژواییەکانی داوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و لە هەلومەرجی داڕووخانی ئەمانە و هێرشی بەرینی بۆرژوازی بۆ سەر سۆسیالیزمدا، وەك تەنیا ڕەوتێك لە کۆمۆنیزمی کرێکاری قسە دەکا کە ئاسۆی پێشڕەوی و هەڵدانی لەپێشە. تا ئێستا چەند مانگ زیاتر لە پەسەندکرانی ئەم بەڵگەنامەیە لە کۆنگرەی سێیەمدا ڕانەبردووە. بەڵام ڕووداوەکان زۆر خێرا ڕوویاندا: ڕووداوەکانی پۆڵۆنیا، داڕووخان لە یۆگۆسلاڤیا، وەرسووڕان لە هەنگاریا، ڕووداوە خێراکانی خودی سۆڤیەت و ئەم دواییانەش هەستانی جەماوەری و سەرکوتی خوێناوی لە چین. ئایا تۆ پێت وابوو ئەم ڕەوتە ئاوا خێرا بچێتە پێش؟ ئێستا قسەی "قەیرانی کۆمۆنیزم" لەگەڵ ئەو تەفسیرە بەردەوامانە کە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی بۆرژوازیی ڕۆژئاوا لەم ڕووداوانەی دەکەن، لە بیروڕای گشتیدا بووەتە دەستەواژەیەکی جێکەوتوو. بۆچوونت سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە چییە؟

مەنسوور حیکمەت :پێم وایە هەر ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابوردوو زۆر باشتر لە هەموو ئەو دەلیل و باسانەی کە ئێمە دەمانتوانی لە کۆنگرەی سێیەمی حیزبدا بیانهێنینە گۆڕ، دروستی لێکدانەوەکانی ئێمە لەو گوزارشەدا دەسەلمێنێ کە دامان بە کۆنگرە. تەنانەت لەم گوزارشەشدا ئێمە دەورەیەکی درێژخایەنمان بۆ ئەم ئاڵوگۆڕانە پێشبینی نەدەکرد. سەرەڕای ئەمەش ڕووداوەکانی ئەم دواییانە زۆر خێرا ڕوویان دا. بە بڕوای من ئاڵوگۆڕەکانی سۆڤیەت و ئەم وڵاتانەی پێیان دەگوترێ بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی چین، گۆشە جیاوازەکانی ڕەوتێکی گشتیی تێداچوونی سۆسیالیزمی بۆرژوایی نیشان دەدەن و نابێ ئەو جیاوازییە بنچینەییانەمان لەبەرچاو نەبێ کە پێکەوە هەیانە، سۆسیالیزمی بۆرژوایی لە چین وەك ئۆردوویەکی سۆسیالیزمی بۆرژوایی و وەك جەمسەرێك لە بزووتنەوەی بە نێو کۆمۆنیستیدا، زۆر پێش ئێستا تێک شکا و بێ ئیعتیبار ببوو. ماویزم هەر لە حەفتاکاندا شکستی بەسەر هات و لە مەیدانی سیاسی چووە دەرەوە. زۆر لەوەپێش چینی پاش ماو هەر چەشنە بانگەشەیەکی سۆسیالیستی وەلا نابوو. ڕووداوەکانی ئەمڕۆی چین زیاتر نیشاندەری کێشمەکێشی ڕێکخستنی ماددیی بینای سیاسی و کارگێڕییەکانی ئەم وڵاتەیە لەگەڵ ئەو جیهەتگیرییە بنەڕەتییانەی کە پێشتر لە ئاستی ئابووریی سیاسی ئەم وڵاتە و لە باری ئایدیۆلۆژییەوە پێک هاتبوو. ئێمە ئێستا شایەدی بە کۆتایی گەیشتنی ئەم ڕەوتانەین کە زۆر پێشتر لە چین دەستی پێکردبوو و چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا کۆتایی بە عومر و ئیعتیباری سۆسیالیزمی بۆرژوایی لە چین هێنابوو. بە مانایەك، بۆیە ڕووداوەکانی ئەمڕۆی چین بە هەموو زەقییەکانییەوە لەچاو ڕووداوەکانی کۆمەڵگای سۆڤیەت و کاریگەرییەکانیان لە ئاستی جیهانیدا گرنگییەکی زۆر کەمتریان هەیە. ئێمە لە سۆڤیەت لەگەڵ وەرسووڕانێکی مێژووساز بەرەوڕووین کە بێجگە لە کاریگەرییەکانی لەسەر پەیوەندە سیاسی و ئابوورییە نێونەتەوەییەکان، پەروەندەی ڕێڕەوی سەرەکی تا ئێستای سۆسیالیزمی بۆرژوایی وەلا دەنێ. ئاڵوگۆڕە سیاسی و فیکرییەکان لە سۆڤیەت زۆر خێراتر لە ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان ڕوویان داوە. بەڵام ئەو ڕەوتە بێگەڕانەوەیە کە دەستی پێکردووە لە یەکەم هەنگاودا تەواوی مۆدێلی سەرمایەداریی دەوڵەتی شکست پێ هێناوە و هەڵوەشانەوەی تەواو و کامڵی بە ناو ئۆردووگای سۆسیالیستی و کۆتایی سۆسیالیزمی بۆرژوایی ڕووسی بەدواوەیە. هەڵبەت ئەمە بەڵایەك نییە کە هەر داوێنی بە ئیستیلاح ڕیڤیژینیستەکانی گرتبێتەوە. وێڕای تێداچوونی ئەم ڕەوتە، بە بڕوای من تەواوی مەیل و ڕەوتە شێوە مارکسیستی و غەیرە کرێکارییەکانیش کە لەسەر بنچینەی ڕەخنەکانیان لەو ڕێڕەوە سەرەکییە پێک هاتبوون کۆتایی بە تەمەنیان دێ.

بەڵام ئایا ئەمە "قەیرانی کۆمۆنیزم"، یان "کۆتایی پێهاتنی کۆمۆنیزم"ە؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من ئەم دنیایە بە مەیدانی شەڕ و کێشەی مەکتەبەکان نازانم. مێژووی واقیعی، مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانە. ئاشکرایە لەم ناوەدا "شتێك" شکستی بەسەر هاتووە و کۆتایی پێ هاتووە. ئەم ئاڵوگۆڕانە نیشاندەری شکستی بزووتنەوەی بۆرژوایی سەرمایەداریی دەوڵەتییە. بۆرژوازی بەم بزووتنەوەیە دەڵێ کومۆنیستی و بە نێوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بە ملیۆنەها مرۆڤی ناساندووە. لە باری مێژووییشەوە ئەم

بزووتنەوەیە لەپاڵ بزووتنەوەی کۆمۆنیستییەوە هەڵیداوە و پاش تێپەڕکردنی چەند دەورەی دیاریکراو خۆی وەك ڕێڕەوی فەرمیی کۆمۆنیزم جێخستووە. بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکاری، یانی کۆمۆنیزمێك کە لە کۆمەڵی ئێستادا ئاڵای خەباتی دژی سەرمایەداریی کرێکارە، لە پاڵ ئەم کۆمۆنیزمە فەرمییەوە درێژەی بە ژیانی داوە و ئاشکرایە بە زاڵبوونی ئەم ڕەوتە سەرمایەداریی دەوڵەتییە تووشی هەڵسوکەوت و پاشەکشە بووە. ئەمە بزووتنەوەیەکی دیکەیە کە منیش هەر وەکوو مانیفێستی کۆمۆنیست دەڵێ بە نێوی کۆمۆنیزمی کرێکاری باسی دەکەم. شکستی سۆسیالیزمی بۆرژوایی لە ڕووسیا و بە ناچار داکوژانی هەر جۆرە سۆسیالیزمێکی غەیرە کرێکاری دیکە، لە ناسیۆنال ڕێفۆرمیزمی چەپەوە تا پۆپۆلیزم و ... هاتوهاواری دژی مارکسیستیی بۆرژوازی توند و تیژتر کردووتەوە و دیارە کۆمۆنیزمی کرێکاریش دەخاتە ژێر گوشارێکی ئایدیۆلۆژیی زیاتر. بەڵام قەیرانی سۆسیالیزمی بۆرژوایی نە زەمینەکانی سۆسیالیزمی کرێکاری کز و لاواز دەکا و نە دەیخاتە قەیرانەوە. ڕێك بە پێچەوانەوە، هەر وەك لە گوزارشی کۆنگرەشدا نووسیومە و لە سیمیناری یەکەمی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا چەند مانگ پێشتر ڕۆشنم کردووەتەوە، دەورێکی نوێی خەباتی کۆمۆنیستی کرێکاریمان لەپێشە. ئەمڕۆ ڕێڕەوی سەرەکی ئەوەی کە پێی دەگوترێ کۆمۆنیزمی کرێکاری، خەریکە جارێکی تر دەگوێزرێتەوە نێو چینی کرێکار. کۆمۆنیزمی کرێکاری وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوا دیسان جێگاوشوێنی واقیعی خۆی لەنێو کۆمەڵدا دەدۆزێتەوە. هێز و توانایی ئەم بزووتنەوەیە یەکجار زۆرە. بە پێچەوانەی ئەوانەی کە بە خەیاڵ کۆتایی پێهاتنی دەورەی مارکس و مارکسیزمیان ڕاگەیاندووە، من دەورەی داهاتوو بە دەورەی گەشە و هەڵدانی سەرلەنوێی مارکسیزم دەزانم، چونکە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە ئەم مارکسیزمە دەتوانێ ئاڵای بێ، بزووتنەوەی نارەزایەتیی دژی سەرمایەداریی کرێکار، تازە خەریکە پاش شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دەیان ساڵ زاڵبوونی جم و جووڵی شێوە مارکسیستی سەر ڕاست دەکاتەوە. با دور نەچین. بە بڕوای من دە ساڵی ڕابوردوو دە ساڵی نارەزایەتییە ڕادیکاڵەکانی کرێکاری لە ناوەندە پیشەسازییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و دە ساڵی سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێی حیزبە کۆمۆنیستەکانە. حیزبە کۆمۆنیستە کرێکارییەکان. بە بڕوای من مارکسیزم وەك ڕەخنەیەکی قووڵ و زۆر گەورە لە کۆمەڵی سەرمایەداری، وەك تیۆرییەك، خەوش و قەیران هەڵناگرێ. هەر ئەم ڕووداوانەی ئەمڕۆش دروستی مارکسیزم دەسەلمێنێ. تیۆری شۆڕشی کرێکاری تەنیا خودی بزووتنەوەی کرێکاری و پراتیکی کرێکاری دەتوانێ بیسەلمێنێ.
هەڵدێرانی ڕەوتە غەیرە کرێکارییەکان کە بۆ گەیشتن بە ناسیۆنالیزم، دیموکراسی، ڕێفۆرم و پیشەسازیبوون خۆیان بە مارکسیزمەوە هەڵواسیبوو، هیچی تر جگە لەوە ناسەلمێنێ.

بسووی سۆسیالیسم :وا پێدەچێ حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش وێڕای دنیای دەرەوەی خۆی، ئاڵوگۆڕێکی گرنگی بەسەردا بێ. پێم وایە نەك هەر ئەندامانی حیزب، بەڵکوو تەنانەت هەر کەسێکیش لەدەرەوە دەڕوانێتە حیزبی ئێمە و بەشوێن ئەدەبیاتی ئێمەوە بێ بە تایبەت لە دەورەی پاش کۆنگرەی سێیەمدا، ئاگاداری ناکۆکی و تەنانەت کێشمەکێشی ناوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەبێ. هەر ئەو گوزارشەی کە پێشکەشی گونگرەت کرد و قسە و باسێکی کە لە کۆنگرەدا لەسەرت کرد، ئەو نووسراوانەی کە سەبارەت بە هەڵسووڕانی حیزبی ئێمە لە کوردستان، لە گۆڤاری "کۆمۆنیست"دا چاپ کراوە، باسی ئەندامەتی کرێکاری و شتی تر، هەموویان نیشاندەری ئەم ناکۆکییانەن. ئەم مەوقیعییەتە چۆن دەبینی و باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری تا چ ڕادەیەك لەم چوارچێوەیەدا هاتۆتە گۆڕ و چ گرنگییەکی هەیە؟

مەنسوور حیکمەت :حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش وەك هەموو حیزبێکی واقیعی دیکە باڵ و مەیلی چەپ و ڕاست و ناوەندی هەیە. کێشمەکێشی ئەم مەیلانە بە شێوەی جۆراوجۆر هەر لە سەرەتای پێکهاتنی حیزبەوە وجوودی بووە. لە واقیعدا ئەم مەیلانە بەرهەمی گوشار و مەیل و بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکانن و ڕاستییەکەی نەبوونیان هۆی سەرسووڕمانە. بەڵام لە چەند ساڵی ڕابوردوودا و بە تایبەت لە یەکساڵی ڕابوردوودا بەرانبەرکێ و ناکۆکی نێوان مەیلەکانی ناو خۆی حیزب، بە هێندێك دەلیلی سیاسی زۆر ڕۆشن زیادی کردووە. ئەم هەلومەرجە نەك هەر پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مەسەلەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و باسەکانی ئێمە لەم دەورەیەدا هەیە، بەڵکوو لەوپەڕی خۆیدا ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو واقیعییەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەیە کە لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا باسم کرد. باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە بار و دۆخی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەرنەکێشراوە. ئەم باسە بەیان و لێکدانەوەی بنەڕەتیترین مەسەلەکانی کۆمۆنیزم

و سۆسیالیزمی ئێستایە. ئەم بزووتنەوەیە بە هەر حاڵ لە پێش هەموو کۆمۆنیستێك دانراوە و دەبێ بە جۆرێك وەڵام بدرێتەوە. بەڵام لە هەمان حاڵدا کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕوانگە و باسێکە کە لە لایەن مەیلی چەپی نێو حیزبەوە هێنراوەتە گۆڕ. ڕەخنەگرییەکە لە بۆچوون و شێوە و بیروباوەڕەکانی مەیلەکانی دیکەی نێو حیزب. ڕەخنەگرییەکە لەو مەوقیعییەتەی کە ئەم مەیلانە بەسەر حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیدا دەسەپێنن. باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری "چ کردن" و پلاتفۆرمێکی سیاسی و عەمەلیی تایبەت دەنێتە بەرانبەر حیزب، کە لەگەڵ لێکدانەوەی مەیلەکانی تر لەسەر مەسەلەکان و ئاسۆی حیزب جیاوازە.

لە لایەکی ترەوە جێگاوشوێنی مەیلەکانی دیکەش لە ماوەی چەند ساڵی ڕابوردوودا هێندێك ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. هەر ئەم ڕەوتە جیهانییە کە سۆسیالیزمی ناکرێکاریی لە ئاستی جیهانیدا گەیاندووەتە بنبەست، لەنێو حیزبیشدا مەیلە سۆسیالیستییە ناکرێکارییەکان تووشی بێ ئاسۆیی دەکا. کەوابێ ئێمە شایەدی ڕەوتێکی بەرەوپاش گەڕانەوە لە ناو حیزبدا بووین. چەپ و ڕاست و ناوەند ئەمڕۆ زیاتر لە هەمیشە بە ئاسۆی جیاوازەوە لەگەڵ یەك لە کێشەدان.

ئەگەر بمەوێ مەوقیعییەتی ئەمڕۆتان بۆ باس بکەم و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و ڕەوتی بەرەوپاش گەڕانەوەی مەیلە جوراجۆرەکانی نێو حیزب ڕۆشن بکەمەوە، دەبێ بە گشتی سەبارەت بە حیزب و ئەو جێگاوشوێنە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە بدوێم کە حیزب تێیدایە. بار و دۆخی ئێستا بەرهەمی ڕەوتێکی تەکامولییە کە دەبێ ئەو هەلومەرج و هۆیانەی دەخاڵەتیان تێیدایە بناسرێ.

**بسووی سۆسیالیسم** :بەشێکی گرنگی ئەم وتووێژە سەبارەت بە حیزب و ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی دەبێ. بەڵام پێم باشە کاتێك بچینە سەر ئەم باسە کە لە پێشدا زیاترمان لەسەر خودی کۆمۆنیزمی کرێکاری قسە کردبێ. مەبەستی من ئەوە نییە کە لێرەدا بچینە سەر ئەو ناوەڕۆکانەی کە پێشتر بە شێوەی ئێسپاتی ڕۆشن کرانەوە، بەڵکوو دەمەوێ هێندێك گۆشەی تایبەتیی ئەم باسە ڕۆشن بکەیەوە. دەستەواژەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەنێو ئێمەدا مانای جۆراوجۆری لێ وەرگیراوە. لە ڕاستیدا خودی تۆش ئەم دەستەواژەیەت بە مانای جۆراجۆر بەکار هێناوە: وەك ڕوانگە و بۆچوون و تەنانەت مەکتەب، وەک بزووتنەوەی ماددیی کۆمەڵایەتی، وەك مەیلێکی سیاسی، یان بزووتنەوەیەکی حیزبی و شتی لەم چەشنە، پرسیارەکەم ئەوەیە ئەمانە کامیان دەقیقتر و لە باسەکەی تۆدا بنچینەییترن؟

**مەنسوور حیکمەت** :وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاسانە. من "کۆمۆنیزمی کرێکاری" لە جێگای وشەی "کۆمۆنیزم" بەکار دێنم. چونکە ئێستا ئیتر وشەی کۆمۆنیزم ئەم خەسڵەتە چینایەتییە تایبەتە ناگەیەنێ کە لە کاتی بڵاوبوونەوەی مانیفێستی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٨٤٨دا بووی. ئەو کاتە مانای وشەی کۆمۆنیزم لەگەڵ سۆسیالیزمی کرێکاری یەك بوو. ئەنگڵس ئەو کاتە هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناوە بۆ ئاڵایەك کە بە مانیفێست بەرزیان کردەوە ڕێك هەر ئاوا باس دەکا. مارکس و ئەنگڵس بۆ نیشاندانی دووری و جیاوازییان لەگەڵ کۆمۆنیزمی ناکرێکاریی سەردەمی خۆیان نێوێکیان هەڵبژارد کە بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکاری لەسەر خۆی دانابوو. هەر وشەیەکی مانیفێستی کۆمۆنیست سەبارەت بەوەیە کە ئەمە بەیانییەی سۆسیالیزمی کرێکارییە و ئەم ڕەوتە تایبەتە چینایەتییە سەبارەت بە دنیا و کۆمەڵی مەوجوود و سۆسیالیزمە مەوجودەکانە دەڵێ چی. ئەگەر ئەمڕۆ مارکس و ئەنگڵس زیندوو ببانەوە و دیبایان کە چۆن نێوی کۆمۆنیزم لە لایەن ڕەوتە ناڕازییە شێوە سۆسیالیستییەکانی چینەکانی ترەوە بەدەستەوە گیراوە، بێگومان فیکرێکیان لە حاڵی نێوی مانیفێستی کۆمۆنیست و بە گشتی وشەی کۆمۆنیزم دەکردەوە. ڕەنگە وەك من سیفەتی "کرێکاری"یان بۆ زیاد کردبا، تا بە تەواوی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە و ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەی کە ئەم کتێبە بڵاوکراوەکەی بوو بگەیەنێ.

بەم ڕوونکردنەوەیە، وەڵامی من بە ئەسڵی پرسیارەکەت ڕۆشنە. هەر وەك چۆن کۆمۆنیزم لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا مانا دەبەخشێ، ڕوانگەیەك، مەکتەبێك و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەوتێکی حیزبی و شتی لەم چەشنە، کۆمۆنیزمی کرێکاریش کە نێوی پڕاوپڕی هەر ئەم دیاردەیە لە سەدەی بیستەمدا، هەموو ئەمانە دەگرێتەوە و هەموو ئەم مانایانە لەخۆ دەگرێ. کۆمۆنیزمی کرێکاری لە هەموو ئەمانەدا فەرقی لەگەڵ ئەو شتە هەیە کە دنیا لە پەنجا ساڵی ڕابوردوودا نێوی کۆمۆنیزمی لێناوە. مەکتەبێکی ترە، بزووتنەوەیەکی ترە، جۆرێکی تر لە ئەحزابی پێویستە، مێژوویەکی جیاوازی بووە، ئوسووڵ و پرانسیپێکی

دیکەی هەیە و ... خەبات لە پێناو کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، خەباتێکە بۆ نیشاندانی ئەم جیاوازییانە و بۆ سەروسامان پێدانی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جیاوازە.

**بسووی سۆسیالیسم**:ئایا بەم جۆرە باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەمان باسی کۆنتری "گەڕانەوە بۆ مارکسیزمی ڕەسەن" نییە؟

**مەنسوور حیکمەت**:نەخێر. کۆمۆنیزمی کرێکاری بێگومان لە باری فیکری و تیۆرییەوە هیچ شتێك جگە لە مارکسیزم، بەو جۆرەی کە لە کلاسیکەکانی مارکسیزم وەردەگیرێ، نییە. بەڵام گەڵاڵەکردنی ئەم مەسەلەیە بەم جۆرە، یانی "گەڕانەوە بۆ مارکسیزمی ڕەسەن" لە ڕوانگەی باسەکەی ئێمەوە نە دروستە و نە هەرگیز دەتوانێ ئەو گیروگرفتە فیکری و عەمەلییانە بەیان بکا کە لەژێر ناوی گشتیی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا باسی دەکەین. بە چەند دەلیل: یەکەم، "گەڕانەوە بۆ مارکسیزم" خۆی لەخۆیدا جۆرێك هەڵوێستی فیکری و تیۆری دەخاتەوە بیر. هەموو بزووتنەوەی بەناو "دژی ڕیڤیژینیستی" لە دەورە جۆراوجۆرەکاندا و لە لقە جۆراوجۆرەکانیدا بانگەشەیەکی جگە لەوە نەبوو. کۆمۆنیزمی کرێکاری مۆدێلێکی تری ڕەوتگەلی دژی ڕیڤیژینیستی نییە. پێشووتر کە لێکدانەوەیەکی بنچینەیی بڕواگەری و فیکری ئاوامان لە سیمای خۆمان و کاری خۆمان هەبوو، ناوی ڕەوتی خۆمانمان نابوو "مارکسیزمی شۆڕشگێڕ"، کە ڕێك هەر ئەم خەسڵەتە وەفاداری و ڕادیکاڵە ئەرتەدۆکسەی دەخستەوە بیر. کۆمۆنیزمی کرێکاری نیشاندەری ئاوێزانبوونێکی کۆمەڵایەتی و <u>بەپێی ئەویش</u> بزووتنەوەیەکی فیکرییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری دەیەوێ بزووتنەوەی سۆسیالیستی هەر ئێستا مەوجوودی <u>چینێکی تایبەت</u> ڕێك بخا، چینی کرێکار. مارکسیزمیش ڕێك وەك ئاڵای ئەم نەریتە چینایەتییە بۆ ئێمە گرنگە. دووەم، کەسێك دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ شتێك کە لە پێشدا لێی ترازابێ و لێی دوورکەوتبێتەوە. ڕاستیش ئەوەیە ڕەوتێك کە خۆی وا هەڵسەنگاندبێ کە لەنێو مێژووی کۆمۆنیزمی ناکرێکاری و بە ناچار نامارکسیستی ئێستادایە، بۆ جیابوونەوە لەم نەریتە دەبێ "بگەڕێتەوە" بۆ مارکسیزم. دەبێ لە باری فیکری، یان لە باری کۆمەڵایەتییەوە بگەڕێتەوە بۆ هەڵوێست و جێگا و شوێنێکی تر. بەڵام باسی ئێمە ئەوەیە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەک و ڕەوتێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ناکرێکاری تا ئێستایە. لەسەر جێی خۆیەتی. تیۆری مارکسیزم لە سەرەتاوە لەنێو ئەم سۆسیالیزمە کرێکارییەوە سەری هەڵدا و لە هەمان حاڵدا لە دەورەیەکدا حیزبە کۆمۆنیستەکان قسەکەر و ئۆتۆریتەی مارکسیزمی سەردەمی خۆیان بوون. پاش ئاڵوگۆڕەکانی ئینتەرناسیۆناڵی دووەم، پاش زاڵبوونی ناسیۆنالیزم و ڕێفۆرمیزم لە ڕووسیای کۆتایی بیستەکاندا، پاش پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی چەپ لە وڵاتانی ژێردەستە و بە تایبەت پاش شۆڕشی چین، پاش سەرهەڵدانی "مارکسیزمی ڕۆژئاوا" و دواییش چەپی نوێ، هەنگاو بەهەنگاو بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی مارکسیزم گۆڕا و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ناکرێکارییەکان لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا بوونە تەفسیرکەرەوەی مارکسیزم. گۆڕینی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتیی تیۆرییەکانی مارکس بەبێ دەستتێوەردانی ناوەڕۆکەکەی، ناوەڕۆکی کرێکاری و شۆڕشگێڕانە و ڕۆشنی، نەدەکرا. بۆ ڕەوتێک کە لە جەرگەی ئەم نەریتانەوە هەستاوە هەر جۆرە سەرنجدانێکی ناوەڕۆکی واقیعی و چینایەتی مارکسیزم بە گەڕانەوە دەژمێردرێ. بە وتەیەکی تر بە بڕوای من مەسەلەکە لەسەر ڕۆشنگەری فیکری نییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری لە باری فیکرییەوە یانی، مارکسیزم و لە باری کۆمەڵایەتییەوە یانی، بزووتنەوەی دژی سەرمایەداریی کرێکار. ئەم بزووتنەوە بابەتییە و ئەو تیۆرییەش هەیە. ئەگەر لەناو دڵی ئەم بزووتنەوەیەدا بین و لەوێوە قسە بکەین ئەوجار مەسەلە لەسەر ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوەیە و چاودێرکردنی تەواو و کامڵی ئەم تیۆرییەیە بەسەریدا. سێیەم، فۆرموولی "گەڕانەوە بۆ مارکسیزم" ناوەڕۆکی ئەسڵی باسەکانی ئەمڕۆمان دەردەهاوێژێ و وەلای دەنێ. ئێمە لە دنیایەکی جیاواز و لە دەورانێکی جیاوازدا مارکسیستین. خودی مارکسیش ئەمڕۆ دەبا بە هەمان شێوە و بە هەمان بەرژەوەندیی چینایەتییەوە سەبارەت بەم دنیایە و ئەم بار و دۆخە قسەی کردبا. گەڕانەوە بۆ مارکسیزم بۆ زۆر کەس مانای دووپاتکردنەوەی حوکمەکان و فۆرموولبەندییە بنەڕەتییەکانی مارکسیزمە. بۆ بزووتنەوەی ئێمە، بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری کە هیچ کات لەم حوکم و لێکدانەوە بنەڕەتییانە لای نەداوە، مەسەلەی حەیاتیتر بەکارهێنانی مارکسیزمە وەك ڕەخنەیەك لە دنیای ئەمڕۆ و لە هێزە چینایەتی و سیاسییە مەوجوودەکەنی ئەم دنیایەدا.

به کورتییەکەی، فۆرموولی گەڕانەوە بۆ مارکسیزمی واقیعی بە هیچ جۆرێک چوارچێوەی ڕەخنە و باسی ئەمڕۆی ئێمە بەیان ناکا. ئەگەر بناغە و سیمای کۆمەڵایەتیی بزووتنەوە بە دەسلێنەدراو و جێگیر فەرزکەین، ئەوجار بێگومان دەکرا قسەی ڕیڤیژینیزم و خەباتی دژی ڕیڤیژینیستی وەك دەستەواژەگەلێک کە پەیوەندییان بەم بزووتنەوە چینایەتییەوە هەیە بکەین، بەڵام کاتێك ئەم بزووتنەوەیە بە گشتی، یان بە هەر حاڵ ئۆردووگا جیهانییەکانی، ئیتر لەسەر بنچینەی بزووتنەوەی چینایەتییە ناکرێکارییەکان دانراوە، مەسەلەکە لە ئاستی فیکریدا، یانی گەڕانەوە بۆ ئەم یان ئەو تیۆری و خەبات لە دژی ئەم یان ئەو دەستتێوەردانانە، نامێنێتەوە. سەرجەم بینای کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمی مەوجوود، وە بەپێی ئەوە فیکرەکەشی، دەبێ بدرێتە بەر ڕەخنە. ئەم ڕەخنەیە دەبێ بەپێی هەڵوێستی بزووتنەوەیەکی جیاواز بگیرێ، کۆمۆنیزمی مارکس، کۆمۆنیزمی کرێکاری، پێش ئەوەی بیروڕای سۆسیالیزمی ناکرێکاری سەردەمی خۆی بداتە بەر ڕەخنە و بانگەوازێك بێ بۆ گۆڕینی بیروباوەڕ، جێگاوشوێنی کۆمەڵایەتیی ئەوانی وەك بزووتنەوەی ناکرێکاری ڕوون کردەوە و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و ناڕەزایەتیی سۆسیالیستیی کرێکاری لە بەرانبەریاندا دانا. مارکس لەنێو دڵی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە سۆسیالیزمی سەردەمی خۆی نەفی کردەوە و دایە بەر ڕەخنە. ئەمە کارێکە، ئەمڕۆ ئێمە دەمانەوێ بە هێنانەگۆڕی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری بیکەین.

**بسووی سۆسیالیسم**:ئەم خاڵەی دوایی ئەگەر زیاتر ڕۆشن بکەیتەوە. دەڵێی کۆمۆنیزمی کرێکاری ناکۆکی و جیاوازییەکی چینایەتی لەگەڵ کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی مەوجوود هەیە و ناکۆکی فیکری بەپێی ئەم ناکۆکییە کۆمەڵایەتییە دێتە گۆڕ. دەمەوێ هۆی ئەم جەختکردنەوەیە و جێگاوشوێنی لە باسەکانتدا زیاتر شی بکەیەوە.

**مەنسوور حیکمەت**:کۆمۆنیزمی کرێکاری پێشتر جارێك خۆی لە جیاوازی لەگەڵ سۆسیالیزمەکانی تردا تەوزیح داوە و باسی کردووە. مانیفێستی کۆمۆنیست لە بنچینەدا ڕاگەیاندنێک بوو بۆ ئەم کارە. شێوەی مارکس لە مانیفێستدا، جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتیی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە مەیلەکانی ترە نەك جیاکردنەوە مەکتەبییەکەی. مارکس لەوێدا، دوای ئەوەی کۆمۆنیزم وەك بزووتنەوەیەکی کرێکاری و وەڵامدانەوەیەکی چینایەتی تایبەت بە کۆمەڵی سەرمایەداری ڕوون دەکاتەوە، جیاوازییەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ سۆسیالیزمی چینەکانی دیکە، سۆسیالیزمی فیۆداڵی، بۆرژوایی و وردەبۆژوایی، دەبژێرێ. مانیفێست ئەم ڕەوتانە نەك وەك مەکتەب، بەڵکوو وەك بزووتنەوەی چینایەتیی دیاریکراو، وەك بەرەنجامی هەلومەرجی دیاریکراو و هەڵقوڵاو لە بەرژەوەندە دیاریکراوەکان باس دەکا و سنووری کۆمۆنیزمی کرێکارییان لەگەڵ جیا دەکاتەوە. بە وتەیەکی تر مارکس لەبەرانبەرکێی <u>بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا</u> و تەنیا لەسەر ئەم بنچینەیە باسی بەرانبەرکێی بیروباوەڕ دەکا. بە لای مارکسەوە کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی هەر ئێستا مەوجوود و بابەتیی کۆمەڵایەتی بوو کە پێش فیکرەکان و تێکۆشانی خۆی هەبوو، وە تەنانەت هەر ئەو کاتە ڕابەرانی فیکری و فۆرموولبەندییە تیۆرییەکانیشی لە دەروونییەوە ڕەخساندبوو. مارکسیزم سەروسامانپێدانی ئەم بزووتنەوەیە و چەکدارکردنی بە ئاسۆ و ئامانجی ڕۆشن و بە ڕەخنەیەکی قووڵ و پتەو لە کۆمەڵی مەوجووددا کرد بە ئامانجی خۆی. زۆر خێرا مارکسیزم بوو بە ئاڵای کۆمۆنیزمی کرێکاری.

ئێمەش ئەمڕۆ هەر بەم شێوەیەی مانیفێست چاو لە دنیا دەکەین. بۆ ئێمە کۆمۆنیزمی کرێکاری پێش هەموو شتێك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و بابەتییە. تەنیا لەسەر ئەم بنچینەیە دەچینە ناو باس و فیکر و سیاسەتێك کە دەڕوانێتە سەر ئەم بزووتنەوەیە و جیاوازییەکانی لەگەڵ مەیلە سۆسیالیستییەکانی تری ناو کۆمەڵی ئەم سەردەمە. ئەمە ڕێك بە پێچەوانەی ڕوانگە و بۆچوونی هەموو مەیلەکانی کۆمۆنیزمی مەوجوود لەسەر ئەم مەسەلەیەیە. یەکێک لە نموونەکانی جیایی ئەم کۆمۆنیزمە لە چینی کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاری هەر ئەم حاشاکردنەیە لە بابەتێتی کۆمەڵایەتیی کۆمۆنیزمی کرێکاری. بە لای ئەوانەوە سۆسیالیزمی کرێکاری بەشێکە کە لە <u>ئایدیۆلۆژیی سۆسیالیستی</u> دەبێتەوە. مەکتەبی سۆسیالیستی خوڵقێنەری ناڕەزایەتیی سۆسیالیستیی چینی کرێکارە. ئەوانە مارکسیزم، جا بە هەر شێوەیەک تێی بگەن، بە سەرچاوەی سۆسیالیزمی کرێکاری دەزانن. پەیوەندیی بزووتنەوە و فیکر، کۆمەڵ و فیکر، بە تەواوی بە لای ئەوانەوە سەروبن بووەتەوە. ئەگەر ئەم مارکسیزمە بە دەستێبراو و گۆڕاو بزانن، ئەوجا ناچار دەبن حاشا لە بابەتێتی

نارەزایەتیی سۆسیالیستی کرێکار بکەن. ئێمە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و نارەزایەتیی کرێکاری لە دژی کۆمەڵی مەوجوود دەکەینە بنەما. ئەگەر ئەمرۆ ئەو مارکسیزم و ئەو کۆمۆنیزمە حیزبییە کە هیدایەت و سەروسامانپێدانی نارەزایەتیی سۆسیالیستیی کرێکاری بە ئامانجی خۆی دانابوو، ئیدی پاشەکشەی پێکراوە و کۆمۆنیزمی مەوجوود بەدوای مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتیی دیکە کەوتووە، ئەمە تەنیا بە مانای کزبوون و سەرلێشێواوی و بێ ڕابەرمانەوەی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەیە نەك نابوودکردنی. ئەگەر ئەمرۆ مارکسیش زیندوو بباوە و ڕوانیبایە کۆمەڵ و نارەزایەتیی کرێکارانی دیبا، دیسانیش دەستی دەدایە نووسینی مانیفێستێکی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە ئاڵای نارەزایەتیی سۆسیالیستی <u>کرێکار</u> بەرز کاتەوە و بەرانبەر بە سەرجەم سۆسیالیزمی چینەکانی تر، کە بەداخەوە نێوی کۆمۆنیستیشیان لەسەر خۆیان داناوە، ئاسۆ و ڕەخنە بەم بزووتنەوەیە ببخشێ. ئێمە ئەمرۆ مارکسمان نییە، بەڵام بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی خۆمان هەیە و بە خۆشییەوە لەو بزووتنەوەیەدا نفووزی قووڵی مارکسیشمان وەك مەیلی غەریزی و ئیتر "خۆرسك"ی کرێکاریی تێکۆشەر بە مارکسیزم هەیە، باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ ئێمە یانی، بەرزکردنەوەی ئاڵای ئەم بزووتنەوە و نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییە جیاوازە، نەك داهێنانی مەیلێکی دیکە لە چوارچێوەی نەریتی کۆمۆنیزمی مەوجووددا. وەڵامی ئێمە بەم کۆمۆنیزمە وەلامێکی کۆمەڵایەتییە، ڕەخنەی ئێمە عەمەلی و کۆمەڵایەتییە، بابەتی کاری ئێمە جیاوازە. وەڵامی ئێمە هەمان وەڵامە کە بە گشتی بە بۆرژوازی دەیدەینەوە: پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی بەهێزی کۆمۆنیستیی کرێکاری.

**بسووی سۆسیالیسم** :بە تەواوی لەو گرنگییە دەگەم کە دایدەنێی بۆ جیاکردنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و لەپێشتربوونە تەحلیلییەکەی لە هەر جۆرە سنوورکێشانێکی باوەڕگەری و سیاسی. بەڵام لە هەر حاڵدا، لێرەدا دوو پرسیاری سەرەکی دێتە گۆڕ. یەکەمیان ئەوەیە کە بەم جۆرە تیۆری و سنووردانانی تیۆریك لەگەڵ لقەکانی دیکە کە بانگەشەی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم دەکەن، لەم ڕوانگەیەدا چ جێگاوشوێنێکی دەبێ و دووەم: ئەو بابەتانەن کە بە بڕوای تۆ کێشەیەکی تیۆری ئاوها دەبێ لە دەور هەڵخرێ. لە بابەت پرسیاری یەکەمەوە، یانی مەسەلەی جێگاوشوێنی تیۆری و کێشەی تیۆریك، دەمەوێ سەرنجت ڕاکێشمە سەر ئەوەی کە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا بەرانبەر بە یەکدانانی تیۆری و بزووتنەوە شێوەیەکی کۆن و لەمێژینەیە. پێت وانییە بگوترێ باسەکەی تۆش خەریکە هەر بەم چوارچێوە فیکرییە لەمێژینەی چەپەوە جەخت لەسەر تیۆری هەڵدەگرێ و دایدەنێتە سەر بزووتنەوە؟

**مەنسوور حیکمەت** :ڕەنگە زۆر شت بە باسەکانی من بڵێن و لەوانە، "بەپێشخستنی بزووتنەوە"، یان "ئیکۆنۆمیزم"، پیرۆزکردنەوەی "خۆرسك" بەرانبەر بە وشیاری و شتی تر. بە بڕوای من ئەم خەسڵەتنوێنییانە لە باسەکانی ئێمە بەرلەوەی شتێك سەبارەت بە ناوەڕۆکی بیر و بۆچوونەکانی ئێمە و کەم و کووڕییەکانی بڵێ، بیرکردنەوەی قاڵبیی ڕەخنەگرە ئیحتیمالییەکەمان نیشان دەدا. باسەکە بە هیچ جۆرێک لەسەر "تیۆری و بزووتنەوە" نییە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: "کام بزووتنەوە". سەروبنی قسەی ئێمە لەسەر ئەوەیە کە لقە جۆراوجۆرەکانی سوسیالیزمی تا ئێستا جیا لەو داس و چەکوشەی کە لەسەر ئاڵاکەیان بووە و ناوی مارکس و لێنین کە ویردی زمانیان بووە، زۆربەیان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی چینە نارازییەکانی دیکە بۆ ڕێفۆرمات و ئاڵوگۆڕی غەیرە سۆسیالیستی بوون. ئەوەی کە لە ناو ئەم بزووتنەوانەدا تیۆری و کردەوەی سیاسیی حیزبەکان چ پەیوەندییەکیان پێکەوە بووە، کامیان کەوتووەتە بەر تیشکی ئەوی تریان و شتی لەم چەشنە، دەکرێ لەناو خودی ئەم نەریتانەدا جێی قسە و باس بێ. قسەی ئێمە لەسەر ئەوەیە، کە هی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دیکەین، کە هەم بە تیۆری جیاوازی خۆیەوە و هەم بەکردەوەی خۆیەوە، لە پاڵ ئەم سۆسیالیزمە غەیرە کرێکارییەوە هەبووە و هەیە، جا بە هەڵکەوت لەم بزووتنەوەیەدا کە ئێمە قسەی لێ دەکەین، یانی کۆمۆنیزمی کرێکاری، ناکرێ تیۆری و بزووتنەوە بە دوو بەشی جیاواز کە هەرکامیان لەسەر پێی خۆ ڕاوەستابن دابەش بکەی. باسی لەپێش بزووتنەوە خستنی تیۆری یان لەپێش تیۆری خستنی بزووتنەوە مانای نابێ. ئەمانە ئاستی جۆراوجۆری خۆنواندنی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی یەکانەن. بە بڕوای من هەر کەس مانیفێستی کۆمۆنیست بە وردی بخوێنێتەوە، تێدەگا کە ئەمە ڕاگەیاندنی بزووتنەوەیەکی نارەزایەتیی کرێکارییە، نەک گەڵاڵەی سەرباسەکانی کۆمەڵناسییەکی زانستی، کە هەر کەس بتوانێ جیا لەو بزووتنەوە نارەزایەتییە چینایەتییە بەدەرس بیڵێتەوە، یان دەست بداتە وردکردنەوەی زیاتری و بیکاتە بەشێک لە خۆیدا.

بە بڕوای من ئەو چارەنووسەی کە مارکسیزم لە باری تیۆرییەوە بەدەستی هێناوە، ئەو پرۆبلێماتیکە تیۆرییانەی کە لەنێوخۆی نەریتی مارکسیستی تا ئێستادا هاتوونەتە گۆڕ و بوونەتە بنەمای سنووردانانی خەتەکان و مەیلەکان و جەمسەرە جۆراجۆرەکانی نێو بزووتنەوەیەك کە وەك بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نێوی لێ براوە، جیاواز لە چارەنووسی کۆمەڵایەتیی مارکسیزم و بەکارهێنانی چینایەتییەك کە ئەم تیۆرییە بەدەستی هێناوە دەرك ناکرێ. هەر چۆن ڕوانگەیەکی فەلسەفی و سیاسی، مەکتەبێکی فیکری، جیا لە پایە ماددییە کۆمەڵایەتییەکانی و پێویستییە مێژوویی_ چینایەتییەکانی هەڵناسەنگێندرێ، ئەو مەسەلانەش کە لەنێوخۆی ئەم مەکتەبەدا بەرەو پێش دەبرێ و کێشەی لەسەر دەکرێ، بەبێ هەڵگەڕانەوەیان بۆ لای ئەم بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە پشتیانەوە خەوتووە دەرك ناکرێ. مارکسیزم وەك تیۆرییەك و مەکتەبێك، پتەوییەکی دەروونی هەیە، شێوە و میتۆدێکی هەیە و بە ئەنجامگیری ئاشکرا و دیاریکراو سەبارەت بە کۆمەڵ، سیاسەت و کردەوەی خەباتکارانە دەگا. مارکسیزم وەك تیۆری بە ئیعتیباری خۆی دەکرێ بخوێندرێتەوە و دەرك بکرێ. کێشە و سنووردانانی مەکتەبی کاتێك پەرە دەگرێ و مەسەلەی ڕاڤەی جۆراوجۆر و جاروبار دژ بەیەك لەم تیۆرییە کاتێك دێتە گۆڕ، کە مەسەلەی بەکارهێنانی ئەم تیۆرییە لە جیهانی واقیعیدا دێتە گۆڕ و مەیل و بۆچوون و مەیلە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بۆ وەڵامدانەوەی گیروگرفتە تایبەتییەکانیان دەست بۆ لای ئەم تیۆرییە ڕادەکێشن. بۆ وێنە تیۆری مارکس تیۆرێکی دیاریکراو سەبارەت بە شۆڕشی کۆمۆنیستی، هەلومەرجی بەدیهاتنی و ئەرکەکانی بەدەستەوە داوە، بەڵام پرۆبلێماتیکی سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا لە جەرگەی کێشمەکێشێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی نێوان مەیلە زیندووەکانی شۆڕشی ڕووسیادا لەسەر پەرەپێدانی ئابووریی ڕووسیا پێک دێ. مارکس لە کتێبی سەرمایەدا بە شێوەیەکی دیاریکراو پەیوەندیی نێوان نرخ و بایی لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا باس دەکا، بەڵام کێشەی "گۆڕینی بایی بە نرخەکانی بەرهەمهێنان" تەنیا لەجەرگەی هەلومەرجێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دیاریکراودا و لە لایەن ڕەوتێکی دیاریکراوەوە دەکرێتە پرۆبلێماتیکی تیۆریك. تێزی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، مەسەلەی پەیوەندیی نێوان ژێرخان و سەرخان و چلۆنایەتی کاریگەریدانانیان لەسەر یەکتر، سۆسیالیزم و بازاڕ و شتی تری دیکەش کە هەرکامیان سەرچاوەی کێشەی زۆر گرنگ و درێژخایەنی نێو نەریتی بەناو مارکسیستی بوون، بەبێ دەرککردنی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پشت سەریان و بەبێ تێگەیشتن لەو مەسەلەیە کە ئەم کێشە و پرۆبلێماتیکە قاڵبی کام کێشمەکێشی بابەتیی کۆمەڵایەتییە، ناکرێ قسەی لەسەر بکرێ.
بە کورتی قسەی من ئەوەیە کە ئەم کێشە و گیروگرفت و گرێوگۆڵە تیۆرییانە، هەر لەخۆیەوە و بێ ئەوەی شتێك ڕووی دابێ، لە چوونە ناو دەریای تیۆرییەکانی مارکس و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی زانایانە و دۆزینەوەی "ناڕۆشنییەکان"یان وەك مەکتەبێك هەڵناقوڵێ، بەڵکوو بەرهەمی شێوە بەکارهێنانێکی تایبەتیی مارکسیزمە کە ڕەوتە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان هەوڵیان بۆ داوە. ڕەنگە ئەم کێشمەکێشانە بە ڕاستیش سەرنجی ئێمەیان بۆ لای هێندێك ناڕۆشنیی خودی تیۆرییەکەش ڕاکێشابێ. من خۆم بڕوایەکم بەمە نییە، بەڵام تەنانەت لە حاڵەتێکی واشدا مەسەلەی سەرەکی ئەوە نییە کە تیۆرییەکە تەفسیر هەڵئەگرێ، بەڵکوو بوونی تەفسیرکەری جۆراوجۆر و بوونی ئەو بەرژەوەندییە گرنگە کۆمەڵایەتییانەیە کە ئەم تەفسیرە جۆراوجۆرەیان لە مارکسیزم بۆ دەکرێ. بە بڕوای من هەموو ئەو بەڵایەی کە بەسەر تیۆرییەکانی مارکسدا هاتووە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جۆراجۆرەکان هەوڵیان داوە بیکەنە ئامرازی بەرەوپێشبردنی شتی وا کە لەگەڵ خودی ئەم تیۆرییە یەك ناگرێتەوە. مارکسیزم تیۆری لێکدانەوەی ئابووری و حیسابکردنی باییەکان و نرخەکان و گەیشتن بە هاوکێشەی ماتماتیکی بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی لەنێو بەشە جۆراوجۆرە بەرهەمهێنەرەکاندا نییە. ئەگەر کەسێك بیەوێ بۆ ئەم کارە کەڵکی لێ وەرگرێ، دیارە دەبێ دەستی تێبەرێ و دیارە بەبێ ڕەخنەگرتن لە تیۆری بایی مارکس، یان گۆڕینی مارکس بە ڕیکاردۆ ئەم کارە سەرناگرێ. ڕاستییەکەی بە بڕوای من ڕیشەی زۆربەی هەرە زۆری ئەم پرۆبلێماتیکە تیۆرییانەی نەریتی مارکسیستی تا ئێستا لە کێشمەکێشی ئەو ڕەوتانەدایە کە ناوەڕۆکی ئەسڵی ئەم تیۆرییە، یانی ڕەخنەگری لە سەرمایەداری و پێویستیی شۆڕشی کرێکارییان وەلا ناوە و هەوڵیان داوە لەم تیۆرییە کۆمەڵناسییەکی زانستی، یان زانستی ئابوورییەکی جێگر بۆ باڵی چەپی بۆرژوازی ساز بکەن، یان بڕوبیانووی تیۆریك بۆ باسکردنی زەمینیترین بەرژەوەندییە ناکرێکارییەکان، ناسیونالیزمی ڕووسی و چینی و ناکۆکی فیرقەیی و شتی تر ساز بکەن.

هەر بۆیە کاتێك سەبارەت بە شێوەی بەرخوردکردن بە تیۆری لێم دەپرسی، پێویستە سنووری خۆم لەگەڵ ئەم بەکارهێنانە ئیسکۆلاستیکە، یان ئۆپۆرتیۆنیستییەی مارکسیزم بە ڕۆشنی دانابێ. تیۆری و خەباتی تیۆریك جێگاوشوێنێکی زۆر گرنگ و چارەنووسسازی بۆ سۆسیالیزمی کرێکاری هەیە. بەڵام بۆ مارکسیزم ئامراز و وەسیلەی ڕەخنەگرییە. ئامرازی ناسینی قووڵترین ڕیشەکانی بەڵایەکە کە بەشەر بە گشتی و کرێکار بە تایبەتی لەم کۆمەڵگایەدا تاقی دەکاتەوە. ئامرازی وەدەستهێنانی هۆشیارییەکی قووڵی کۆمەڵایەتی و مێژووییە بۆ کرێکار و ناسینی ئەو ئیمکاناتەیە کە بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵی مەوجوود هەیە. ئەمانە خەسڵەتە ئیسپاتییەکانی تیۆری مارکسن کە ئەگەر بەکارهێنانە ناکرێکارییەکانی تا ئێستای نەبوایە، دەکرا ڕاستەوخۆ ببرێتە ناو کۆمەڵ و چینی کرێکار و ڕیزبەستنێکی فیکریی بەهێز بەرانبەر بە بیروباوەڕی زاڵ لەنێو کۆمەڵدا پێک بێنێ. کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبێ ڕەوتێکی فیکری بەهێزی ناو کۆمەڵ بێ بەرانبەر بە مەیل و بیر و بۆچوونە فیکرییە بنەڕەتییەکانی بۆرژوازی، وەك لیبراڵیزم، دیموکراسی، ناسیۆنالیزم، ئۆمانیزم، سۆسیال دیموکراسی و شتی تر، نەك ئەوەی هەر مارکسیزم بەرانبەر بە ڕەوتی وەك ماویزم، ترۆتسکیزم، سۆسیالیزمی ڕووسی، یان چەپی نوێ بە زمانێکی تر باس بکا. ئەمە جێگاوشوێنێکە کە ئێمە بۆ تیۆری دادەنێین. بڕوانە، ئێمە خەسڵەتە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی کۆمۆنیزممان باس کردووە. ئێمە ئەوەمان باس کردووە بەر لەوەی ئەم پرسیارە بێتەگۆڕ کە "کۆمۆنیستەکان دەڵێن چی"، ئەمە پرسیارە کە کۆمۆنیزم ئاڵای کام بەشی کۆمەڵ و کام چینە. ئێمە گوتوومانە تەنیا وەك بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی کرێکار چاو لە کۆمۆنیزم دەکەین و تەنیا لەجەرگەی ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی ئەم چینە نوێیەدایە دەکرێ کۆمۆنیزم وەك مەکتەبێك، ڕوانگەیەك و تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانە دەرك بکرێ و خەباتی بۆ بکرێ. لەبەرانبەر ئەمەدا ئەم پەرچەکردارە هاتووەتە پێش کە "تیۆریی چی بە سەردێ؟". من ئەمە بە پەرچەکرداری ئاسایی هەمان بەش و چینی کۆمەڵایەتی و هەمان نەریتی سیاسی دەزانم کە خەریکم ڕەخنەی لێ دەگرم. کۆمۆنیزم بۆ سۆسیالیزمی ڕادیکاڵی مەوجوود تیۆرییەکە. هێنانەخوار و کردنی کۆمۆنیزم بە دەزگایەکی فیکری بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی هەمووان، یان کردنی بە "زانستی مێژوو"، وە شتی لەم چەشنە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی ڕووناکبیری چەپگەرای بۆرژوا، بیرۆکراتی ڕیفۆرمخواز، ناسیۆنالیست و دیموکراتی چینی و بۆلیڤی و ئێرانی، خۆی لە مارکسیزم و کۆمۆنیزمدا وەك کرێکار بە خاوەن حەق دانێ. کاتێك ئێمە دەڵێین کۆمۆنیزم تەنیا وەك ڕەوتێکی کرێکاری شیاوی ئەم ناوەیە، دەڵێن ئەی تیۆری چی بەسەر دێ؟ بە بڕوای من مەبەستی ئەمانە ئەوەیە کە "ئێمە چیمان بەسەر دی". ئەگەر ئەمانە ئەوەندەیان لە مارکس وەرنەگرتبێ کە کۆمۆنیزم بزووتنەوەیەکی باوەڕگەرایی نییە، بەڵکوو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی_ چینایەتیی دیاریکراوە، بزووتنەوەیەکی کرێکارییە، ئەوجار ئیتر نابێ نیگەرانی دەربڕینیان بۆ تیۆریی لەبەرانبەر کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بە جیددی وەربگیرێ. هەر ئەم ڕەخنەگرتنەیان لە باسەکانی ئێمە یانی، حاڵینەبوون لە بنچینەی مارکسیزم وەك تیۆرییەك. با بڵێم تیۆری "چی بەسەر دێ". تیۆری لە ئامرازی ناڕۆشنی داتاشینەوە، لەوەوە کە ببێتە ئامرازی داپۆشینی قازانجە غەیرە کرێکارییەکان لەژێر ناوی مارکسیزمدا، لە ئامرازی خۆشباوەڕی پێکهێنان بۆ باڵی چەپی بۆرژوازییەوە، لە ئامرازی سەلماندنی بەرزتربوونی پلەی خوێندەوارانەوە تەنانەت لەنێو حیزبە مارکسیستییەکانیشدا و لە شتی لەم چەشنەوە، دەبێتە هەمان ڕەخنەی توند و تیژ، کرێکاری، قووڵ و شارەزایانە، کە لە ئاسارە کلاسیکییە مارکسیستییەکاندا دەیبینین. تیۆری جارێکی تر دەبێتەوە چەکێکی کاریگەر لە خەباتی چینایەتیدا. دەبێتە ئیددیعانامەیەکی ئاشکراکەرەوەی ڕۆشن، بێخەوش و خاڵ و شیاوی تێگەیشتن بەرانبەر بە کۆمەڵی مەوجوود و میکانیزمە بە ڕواڵەت ئاڵۆزەکانی. دەبێتە هێزێکی ماددیی نێو کۆمەڵ کە بیر و بۆچوونی کرێکاری ناڕازیی دنیای ئەمڕۆ شکڵ پێ دەدا. باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ خودی ئێمە بەرهەمی وردبوونەوەیەکی تیۆری زۆر بووە و ئەرکی تیۆریی جۆراوجۆر و زۆر جیددیتر لە پێشوومان دەخاتە سەرشان. باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری تازە چوارچێوەیەکی پێداوین کە بتوانین لەم چوارچێوەیەدا پەلامارێکی بەرینی تیۆریك دەست پێ بکەین.

**بسووی سۆسیالیسم** :ئەم پەلامارە تیۆرییە بێگومان لە باری تیۆرییەوە سنووری خۆی لەگەڵ لقە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی بەناو کۆمۆنیستیی مەوجوود دەکێشێ و هەروەها تەکلیفی خۆی لەگەڵ ئەم کۆسپ و پرسیارە سەرەکییەکانەی کە لە گۆڕن ڕۆشن دەکاتەوە. بە وتەیەکی تر دەبێ ڕۆشن بکرێتەوە کە

کۆمۆنیزمی کرێکاری وەك ڕوانگە و نەریتێکی دیاریکراوی مارکسیستی لە کوێ سنووری خۆی لەگەڵ نەریتەکانی تر، کە خۆیان بە مارکسیست لەقەڵەم داوە جیا دەکاتەوە. پرسیارەکەمان ئەوەیە، کە ئەم کێشە و سنووردانانە تیۆرییانە لەگەڵ ئەم ڕەوت و مەکتەبانە دەبێ لەدەوری چی هەڵخرێ و بەڕێوە ببرێ و ئەم ئەرکە سەرەکییانەی کە لەم بارەوە دەبێ پەیرەوییان لێ بکرێ کامانەن؟

مەنسوور حیکمەت :با لە پێشدا خاڵێك ڕۆشن کەمەوە. بە گشتی ڕەوتە چەپە ڕادیکاڵەکان کاتێك باسی خەباتی فیکری دەکەن، پێش هەموو شتێك مەبەستیان ئەوەیە لەگەڵ لقەکانی تری چەپ "سەبارەت بە مارکسیزم" قسە و باس بکەن. "خەباتی ئایدیۆلۆژیك" بۆ ئەم ڕەوتانە مانای جەدەلێکی دەروون مەکتەبی پەیدا کردووە. خودی ئێمەش لە ڕابوردوودا زۆرمان ئەم کارە کردووە. من ناتوانم لێرە بچمە ناو ئەم باسە کە بۆچی و چۆن و لە چ ڕەوتێکدا خەباتی فیکری ئەم مانا بەرتەسکەی بە خۆوە گرتووە. بەڵام پێویستە بڵێم کە ئەمە خۆی وێنەیەك بووە لە خەسڵەتی غەیرە کۆمەڵایەتی و فیرقەیی چەپی ڕادیکاڵ و بەناو کۆمۆنیست. بۆ ئێمە خەباتی فیکری مەیدانێکی خەباتی چینایەتییە و بەناچار هاوبەشە لە دژی بیروباوەڕی زاڵ لەنێو کۆمەڵدا، بیروباوەڕی ئەو چینانە کە لە دنیای ماددی و لە مەیدانی عەمەلیدا وەك چینێك لەبەرانبەریاندا ڕاوەستاوین. شەڕێک لە دژی ئەو بیروباوەڕ و مەکتەب و نەریتە تیۆرییە بۆرژواییانە کە توانیویانە لە ڕادەی دەیان ملیۆنیدا مۆری خۆیان لەسەر بیر و بۆچوونی مرۆڤەکان بدەن. جەدەلکردن لەگەڵ ئەوانەی بانگەشەی مارکسیزمیان هەیە گۆشەیەکی ئەم مەسەلەیەیە، بەڵام بە هیچ جۆرێک تەوەری کار نییە و بە تایبەت ڕێرەوێك نییە کە سیمای تیۆریی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەو ڕێگایەوە بکێشرێتەوە و ڕۆشن بکرێتەوە. ئەو پەلامارە سیاسییەی من باسم کرد، پەلامارێک کە دەبێ کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی کرێکاری، مارکسیزم وەك بزووتنەوەیەکی چینایەتی، دەستی بداتێ پەلامارێکە لە دژی نەریتە فیکری و بنەڕەتییەکانی بۆرژوازی. ئەو نەریتانەی کە تەنانەت هیچ بانگەشەی مارکسیستبوونیشیان نییە. ئێمە لە مەیدانی کێشەی فیکریدا لەگەڵ لیبراڵیزم و دیموکراسی، لەگەڵ ناسیۆنالیزم، ڕێفۆرمیزم، سۆسیال دیموکراتیزم و ئانارشیزم و شتی لەم چەشنە بەرەوڕووین. ڕاستییەکەی من پێم وایە بەبێ هەڵگەڕانەوە و دیتنی نفووزی قووڵی ئەم نەریتە سەرەکیترە تیۆری و سیاسییانە کە لە بیر و بۆچوون و جیهانبینی شێوە مارکسیستەکاندا هەیە، ناکرێ کێشە و جەدەل لەگەڵ ئەوانەش بکەی کە بانگەشەی مارکسیزمیان هەیە.

بسووی سۆسیالیسم :ئەم باسە دەبێ زیاتر شی بکەیەوە، چونکە جەدەلی دەروون مەکتەبی، یان دەروون بزووتنەوەیی بەشێکی جیانەکراوەی نەریتی کۆمۆنیستی، هەمان نەریتی کۆمۆنیستی کرێکاریی مارکس و لێنینیش بووە. ئێمە جەدەلەکانی مارکس و مارکسیستەکانمان لە دژی بیر و بۆچوونی پرۆدۆن و لاسال هەیە، جەدەلەکانی لێنینمان لە دژی سەردەمدارانی فیکریی ئینتەرناسیۆنالی دووەم هەیە، کە تەنانەت تا ڕادەیەکی زۆر دیاردە سیاسی و فیکرییەکانی لێنینیزم دەردەخا و گەلاڵەی دەکا. وە سەرەنجام مەسەلەی ڕیڤیژینیزممان لەپێش بووە، کە ماوەیەکی زۆر وەك کۆسپێکی واقیعی بەری شکڵگرتنی حیزبە مارکسیستییە شۆڕشگێڕەکانی گرتووە و کۆسپی سەر ڕێگای سۆسیالیزمی کرێکاریی واقیعی بووە. ئەم بارەی خەباتی فیکری چ جێگاوشوێنێکی لە ڕوانگەی ئێوەدا هەیە؟

مەنسوور حیکمەت :من نەك هەر جەدەلی دەروون بزووتنەوەیی بەڵکوو جەدەلی دەروون مەکتەبیش بە هیچ جۆر ڕەت ناکەمەوە. بەڵام با بزانین ئەم کێشە و جەدەلانە تا ئەو جێگایەی کە بە واقیع لایەکیان مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری بووە، لە کام چوارچێوەی مێژوویيدا ڕووی داوە و چ دەور و نەخشێکی لە ڕەوتی گشتیی خەباتی فیکری و کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بووە. ئەوەی مارکسیزم دەکا بە مارکسیزم و کۆمۆنیزم دەکاتە کۆمۆنیزم سنووردانانە جەدەلییەکانی مارکس لەگەڵ پرۆدۆن و لاساڵ نییە. ڕەخنەی گشتی مارکس ڕەخنەیەکە لە سەرمایەداری و بە گشتی لە بیر و بۆچوونی بۆرژوایی. مارکس ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی و بیر و بۆچوونی فەلسەفی پێش خۆی دەداتە بەر ڕەخنە. سەردەمدارانی فیکریی ئابووریی سیاسی هاوچەرخی خۆی و پێش خۆی لە چکۆلەترین ڕادەی خۆشیدا دەداتە بەر ڕەخنە. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر دینامیزمی کۆمەڵی مەوجوود و پەیامەکانی، لە چەوسانەوە و هەژارییەوە بگرە تا ئیمپریالیزم، کۆیلەداری، فەحشا، ئایین، دیموکراسی، ناسیۆنالیزم و شتی تر دەداتە بەر ڕەخنە. مارکس دەچێتە شەڕی چینە دەسەڵاتدارەکان و بیر و بۆچوونە زاڵەکانی ناو کۆمەڵ. بەبێ کتێبی سەرمایە و ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی،

ناكرێ ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا بگرێ و مەكتەب و نەریتێكی فیكری پێک ناهێنێ. ماركسیزم ڕەخنە لە دۆخێكی ئابووری، سیاسی و فیكری گشتی و دەسەڵاتدار دەگرێ و هەر لەسەر ئەو بنچینەیەش دەچێتە سەر ڕەخنەگرە سەتحی و ناشۆڕشگێڕەكەی ئەم نیزامەش. نموونەی جەدەلەكانی لێنین لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵی دووەمت هێنایەوە. من دەپرسم بەبێ ڕەخنەگرتن لە ئیمپریالیزم و ناسیۆنالیزم، بەبێ ڕەخنەگرتن لە دیموكراسی بۆرژوایی وەك بیر و بۆچوونێكی دەرەوەی نەریتی ماركسیستی ئەسڵەن چۆن دەكرا پەلامارێكی ئاوا بكرێتە سەر ئینتەرناسیۆناڵی دووەم. ئەمە ڕەخنەیەكی گشتی و واوەتر لە ڕەخنەی مەكتەبی و ڕەخنەی بزووتنەوەیی بوو كە لێنینزم وەك ڕەگەیەكی فیكری شۆڕشگێڕ و موعتبەر بەرانبەر بە ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم شكڵ پێدا. هەروەها دەبێ ئەمەش بڵێم ماركس و لێنین هەردووكیان خۆیان لەبەرانبەر مەیلگەلێكی شێوە سۆسیالیستی بەهێزدا دیبوو. ئەمانە ڕەوتگەلێک بوون كە لە ڕادەی كۆمەڵایەتیدا كاریگەرییان نابووە سەر بیروباوەڕی كرێكاری ناڕازی. بە بڕوای من كێشە و جەدەل لەگەڵ ڕەوتە زیندووەكانی دیكەی نێو بزووتنەوەی چینایەتی بە مانای واقیعیی وشە هەمیشە حەیاتییە و ئەویش ناخەمە ژێر سەردێڕی كێشە جەدەلی مەكتەبییەوە.

دەبێ لەسەر مەسەلەی ڕیڤیژینیزم باسێكی زیاتر بكەین. مانای ڕیڤیژینیزم هەرچی هاتووینە پێشتر ئایینی تر و فیقهی تر بووەتەوە. بۆ كۆمۆنیزمی دەورانی ماركس دیارە نە دەكرا دەستەواژەی ڕیڤیژینیزم لە گۆڕ بێ. بە بڕوای لێنین دەستتێوەردان و هەڵگەڕانەوەی مەیلەكانی تر لە بیر و بۆچوونی ماركسیستی پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەو بزووتنەوە كۆمەڵایەتی و هێزە ماددییانە هەیە كە پێویستییان بەم دەستتێوەردانە بووە. بە وتەیەكی تر، بە بڕوای لێنین ڕیڤیژینیزم ئاڵای ڕەوتێكی ماددی و كۆمەڵایەتی دیاریكراو بووە كە لەپێشدا بە هۆی جێگاوشوێنی سیاسی و كۆمەڵایەتییان ڕەخنەیان لەسەرە. لەم چوارچێوەیەدا یانی، لە كێشە لەگەڵ بزووتنەوە سیاسییەكانی چینەكانی تردا، لێنین بەرگری لە دروستیی حوكمەكانی ماركسیزم دەكا و تێدەكۆشێ بەری گۆڕینی ماركسیزم لە لایەن ئەوانەوە بگرێ. مەبەستم ئەوەیە كە ڕیڤیژینیزم پێش ئەوەی لە چوارچێوەی مەكتەبێكدا و بە مەحەكی واوە هاتبێتە گۆڕ كە ئاخۆ كام بەش لە حوكمەكانی ماركسیزم دەسكاری دەكا و دەیگۆڕێ، وەك ئاڵای فیكریی بەرژەوەند و بزووتنەوە كۆمەڵایەتییە غەیرە كۆمۆنیستی و غەیرە كرێكارییەكان مانا دەكرێتەوە. ڕیڤیژینیزم بە مانای غەیرە ئایینییەكەی یانی، سەرهەڵدانی بزووتنەوە كۆمەڵایەتییە غەیرە كۆمۆنیستی و غەیرە كرێكارییەكان لەژێر ناوی ماركسیزمدا. لقێكی بزووتنەوەی سەرمایەداریی دەوڵەتی لە سۆڤیەت لەژێر ناوی ماركسیزمدا كاری كردووە و بە ناچار تەفسیرێكی تایبەتیشی لەم تیۆرییە داوەتە دەست. ئەمە ڕیڤیژینیزمە. بزووتنەوەی دژی ئیمپریالیزمی و ناسیۆنالیستی چینیش هەروەها. ئەمەش ڕیڤیژینیزمێكە. كۆمۆنیزمی كرێكاری بەرانبەر بە ناسیۆنالیزم و سەرمایەداریی دەوڵەتی كە بە ئیعتیباری خۆیان هەن، پێ دەنێتە مەیدانی كێشە و جەدەل لەگەڵ ئەم لقە شێوە ماركسیستانەی ئەم بزووتنەوانەش. بەڵام سیمای سیاسی و تیۆرییەكەی، بە پێچەوانەی بزووتنەوەی دژی ڕیڤیژینیستی چەپی ڕادیكاڵ، لە سنووركێشان لەگەڵ ماویزم، یان پەسەندكراوەكانی كۆنگرەكانی ٢٠ و ٢٢ی حیزبی سۆڤیەت و تێزی ڕێگای گەشە و هەڵدانی غەیرە سەرمایەداری و شتی ترەوە دەرناكێشرێ. بە وتەیەكی تر خودی خەسڵەتی دەروون مەكتەبیی حەیاتی فیكری چەپی ڕادیكاڵ و ئەم واقعییەتە كە ئەمانە سیمای تایبەتی خۆیان لە سنووردانان لەگەڵ جەمسەرەكان و ئۆردووگا مەوجوودەكانی سۆسیالیزم و كۆمۆنیزم دەردەكێشن، نیشاندەری ئەوەیە كە هەردووكیان هی جێگاوشوێنێك و بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی هاوبەشن. چەپی ڕادیكاڵی تا ئێستا لەگەڵ ئەو جەمسەرانەی كە ڕەخنەی لێ گرتوون لە ڕەوتێكی هاوبەشی چینایەتیدا بوون. سنووردانانەكانی ئەمانە لەگەڵ ڕیڤیژینیزم لە سۆڤیەت و لە چین، مەكتەبی و شێوە ئایینییە، چونكە لە مەیدانی كۆمەڵایەتیدا نوێنەری بزووتنەوەیەكی جیاواز و سەربەخۆ نەبوون و بەرگرییان لە ئامانج و ئامانجێكی جیاواز نەكردووە. ڕەخنەكەیان لە سەرمایەداری هەر ئەوە بووە، تێگەیشتنیان لە سۆسیالیزم هەر ئەوە بووە. كێشەی ئەمانە "لادان"ی ئەم جەمسەرانە لە حوكمە تیۆرییەكان، یان لە سیاسەت و تاكتیكە دیاریكراوەكان بووە. لە باری كۆمەڵایەتیشەوە هەموو لقەكانی چەپی ڕادیكاڵ، لە بۆردیگیزم و ترۆتسكیزمەوە تا ئەمڕۆ، وەك ڕەخنەگری ڕەوتی سەرەكی و بە ئیعتیباری وجوودی ئەم ڕەوتە ئەسڵییە، مەوجوودییەتیان بەدەست هێناوە. كەس ناتوانێ ترۆتسكیزم ڕاستەوخۆ لە بەرانبەركێیەكی تایبەتی ئەم ڕەوتەدا لەگەڵ كۆمەڵی سەرمایەداری بناسێنێ. ئەم ڕەوتە

بەرهەمی لاوەکی هەمان ڕەوتی سەرەکییە. بە زمانێکی تایبەت لە چوارچێوەی هەمان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا دەدوێ.
بە کورتی قسەکەم ئەوەیە، گەرچی حەتمەن دەبێ کۆمۆنیزمی کرێکاری بەرانبەر بەم نەریتانەش قسە بکا، بەڵام سیما سیاسییەکەی لە بەرانبەرکێی لەگەڵ کۆمەڵی سەرمایەداریدا بە گشتی و لەگەڵ مەیل و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانی بۆرژوازی لە هەر دەورەیەکدا دیاری دەکرێ. تۆ جەدەلەکانی ڕابوردووی نەریتی مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاریت وەك نموونە هێنایەوە. زۆر باشە، بەڵام من دەپرسم، ئەمڕۆ بۆ شکڵپێدانی ڕیزی شۆڕشی کرێکاری کام کێشە و جەدەلی تیۆری حەیاتییە. کێشە لەگەڵ ماویزم و ترۆتسکیزم و چەپی نوێ و ... یان لەگەڵ ناسیۆنالیزم، تریدیۆنیزم، لیبراڵیزم و دیموکراسی، ڕیفۆرمیزم، سۆسیال دیموکراسی، گۆرباتشۆفیزم، تاتچەریزم و شتی تر؟ یانی لەگەڵ ئەو فیکر و تەفسیرانەی کۆمەڵی ئەمڕۆ کە بیر و بۆچوونی کرێکاران و هەموو کۆمەڵ بە گشتی شکڵ پێ دەدا. کۆمۆنیزمی کرێکاری لە مارکسەوە تا ئێستا خوازیاری بەرانبەرکێیەکی چینایەتی و هەمە لایەنە لەگەڵ بۆرژوازی و کۆمەڵی بۆرژوایی بووە، نەك هەر ئەوەی کە پاکی و پەتیبوونی فیکری لەچاو چەپترین ڕەوتەکانی پاڵ دەستی بپارێزرێ.
با چەند خاڵی تریش باس بکەم. یەکەم، دەبێ بزانین لەم دەورەیەدا کە پێمان تێناوە، خودی ئەمانە چەندە خۆ بە مارکسەوە هەڵدەواسن. جارێ وا پێدەچێ کە هەموویان خۆیانیان وێڕای ئەم و ئەو قسە لە کۆتایی پێهاتنی مارکسیزم دەکەن، یان سەریان بەرداوەتەوە تا ئەم شەپۆلە تێپەڕێ. لە ئاخری شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا کە مارکسیزم لەناو ڕووناکبیراندا باو بوو، بێگومان پێویستییەکی زیاتر بەوە هەبوو کە سۆسیالیزمی کرێکاری لەسەر ڕەوابوونی ڕیوایەتی کرێکاری لە مارکسیزم خەبات بکا. دووەم، نابێ بکەوینە داوی کێشە و خەباتی مەکتەبی. مەسەلەن بۆ ڕەخنەگرتن لە ماویزم و پۆپۆلیزم، هەڵگەڕانەوە بۆسەر ئەوەی کە مارکس واقیعەن چی وتووە، هێندە پێویست نییە. مرۆڤ دەتوانێ ڕاست بچێتە سەر کاکڵ و ناوەڕۆکی سەرەکیی ناسیۆنالیستی ئەم ڕەوتە و ئاشکرای کا. بە بڕوای من زیادەڕەوی لە جەدەلکردنی "دەروون مەکتەبی" لەگەڵ ئەم مەیلانە ئەم ناڕۆشنییە کە سەبارەت بە مەوجوودییەتی کۆمەڵایەتی ئەمانە هەیە زیاد دەکا. سێیەم، هەر وەك باسم کرد، ڕیوایەتەکانی تر کە لە مارکسیزم دەکرێ، هی خراپ تێگەیشتن و جیاوازیی نێوان تێگەیشتنەکان نییە. ئەمانە تەفسیری مەیلە کۆمەڵایەتییەکانی ترن کە وەك تیۆرییەك لە مارکسیزم دەکرێن. تەفسیری ناسیۆنالیزم، ڕیفۆرمیزم و دیموکراسی وەك بزووتنەوەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتین لە مەکتەبێکی فیکری و سیاسی. ئەم مەیلانە تەنیا دەستیان لە مارکسیزم وەرنەداوە. بۆ نموونە، پایەیەکی ناسیۆنالیزم ڕەگەزپەرستییە و ڕەنگە لەم ڕێگایەوە ڕیوایەتێکی تایبەتیش لە داروینیزم بکا. بەڵام جەدەلکردن لە مەیدانی بیۆلۆژی و تیۆری پەرەسەندنی سرووشتیدا نە تەنیا سنوورێك پێک ناهێنێ، بەڵکوو بنچینەی ناکۆکییەکەش دادەپۆشێ. چوارەم، ڕەواجی جەدەلی تیۆری و باسی "مارکس واقیعەن دەیگوت چی" تا ڕادەیەکیش ئەو گفتوگۆیانە دەخاتەوە بیر، کە مەیلە غەیرە کرێکارییەکان بۆ تیۆرییەکانی مارکس سازیان کردووە. ڕووناکبیری بۆرژوا هونەرێکی لەم جەدەلانە ساز کردووە و ئەم هونەرە لانی کەم تا حەوت هەشت ساڵ پێش، جیاواز لە خەباتی کۆمۆنیستی ئەوانەی بەرەو خۆی ڕادەکێشا. پێم وایە، بە هەر ڕادەیەك کە قورسایی سەرەکیی هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی بگوێزرێتەوە ناو چینی کرێکار و بە هەر ڕادەیەك کە ڕابەرانی کرێکاری ببنە موخاتەبی سەرەکیی پلمیکە تیۆرییەکان، خەسڵەتی مەکتەبی سنوورکێشانە تیۆرییەکان کەمتر دەبێتەوە و حاڵەتێکی کلاسیکتر، وەك بەرانبەرکێی سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم، سۆسیالیزم و لیبراڵیزم و شتی تری لەم چەشنە بە خۆوە دەگرێ. بەڵام بە هەر حاڵ، تەنانەت لە خەباتی فیکریدا لەگەڵ ئەو ڕەوتانەی بانگەشەی مارکسیزمیان هەیە، دەبێ بنەڕەتی سەرەکیی کارمان دابنێینە سەر لەبەرچاوگرتنی ڕەنگدانەوەی ئەو بزووتنەوە فیکرییە بۆرژواییانە کە لە لێکدانەوە و تەفسیری ئەمانە لە مارکسیزم و سیاسەتی کۆمۆنیستیدا هەیە. تەنیا کاتێك کە ناحەزی و چەپەڵی ناسیۆنالیزم وەك بیر و بۆچوونێك، وەك ڕوانگەیەکی دیاریکراو بۆ تێڕوانینی جیهانی مەوجوود ئاشکرا بووبێت، جا ئەوجار دەکرێ ناوەڕۆکی غەیرە کرێکاری و غەیرە مارکسیستی پۆپۆلیزم و ماویزم نیشان بدرێ. ئەگەر چەپێک، چەپێکی وەك چەپی ڕادیکاڵی ئێران لە دە ساڵی ڕابوردوودا بە هەموو نەریتی پۆپۆلیزم و ماویزمەوە هەبێ کە شانازیش بە ناسیۆنالیستیبوونی خۆیەوە کردبێ، یان بە هەر حاڵ بە بێزاری لە ناسیۆنالیزمەوە بار نەهاتبێ، جەدەلکردن لەگەڵ ئەو چەپە لەسەر مارکسیزم و سیاسەتی مارکسیستی خۆ فریودانە و

بەرهەمێکی نییە. بە بڕوای من دەبێ چەپی غەیرە کرێکاری وەك ڕیوایەتێکی تایبەت لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی گشتیتر و سەرەکیتری بۆرژوایی لەنێو کۆمەڵدا چاوی لێ بکرێ و لە دڵی ئەو وەڵامە فیکری و سیاسییەدا کە دەیدەینەوە بەم بزووتنەوە گشتیترە، بەرهەمە شێوە مارکسیستییەکەیشی بکوتین.
وە سەرەنجام با ئەوەش بڵێم کە لەمێژە مارکسیزم وەك تیۆرییەك بووەتە هونەر و زانستی پاراستنی پتەوی و لەسەرخەتڕاگرتنی فیرقەی خۆ. تیۆریسینی مارکسیست تا ڕادەی کەسێك هێنراوەتە خوارەوە، کە بتوانی وەڵامی ئەو کەسانە بداتەوە کە لەپێشدا خۆیان وەك هاومەکتەبی ئەو ڕاگەیاندووە. لەدەرەوەی ئەم چوارچێوەیە، لەدەرەوەی ئەم "بازاڕ"ە لەپێشدا دیاریکراوە، تیۆریسینە ناوبراوەکە تەنانەت زانا و ڕەخنەگرێکی موعتەبەر و بە نفووزی جیهانی هاوچەرخی خۆیشی نییە. ڕاستییەکەی تەنانەت لە باری ڕادەی فیکری و وزە و توانای مەعنەوییەوە سەردەمدارێکی فیکری پلە دووەمە. مارکس چووە شەڕی دێوەزمە فیکرییەکانی جیهانی بۆرژوایی و لە شەڕ لەگەڵ ئەواندا لە باری مەعنەوییەوە سەرکەوت. هیگڵ و فۆیەرباخ، ڕیکاردۆ و ئادەم سمیت و میل و ماڵتۆسی لەبەر ناکۆکییەکانیان تێکشکاند و وردی کردن. دەکرێ هەر ئەوەش سەبارەت بە لێنین، لوکسامبۆرگ، ترۆتسکی، بوخارین، پرئوبراژینیسکی و بەشێکی زۆری ڕابەرانی کۆمۆنیزم لە سەرەتای ئەو سەدەیەشدا بگوترێ. بەڵام ئەمڕۆ سەردەمداری فیکری و ڕابەری فیکری چەپی ڕادیکاڵ بەپێی توانابییەکەی بۆ جەدەلکردن لەگەڵ مەیلی پاڵ دەست و سنوورکێشانی دەروون مەکتەبی لەگەڵ کەسانی تر ڕێز و بایەخی بۆ دادەنرێ. فیکرەکەی مەسرەفی دەروون فیرقەیی هەیە و بەپێی فیرقە و ڕەوتەکەی ئەهمییەتی پێ دەدرێ. ئەگەر ئێوە ماویزم لە مەیدان دەرکەن بتڵهایمێك لە مەیدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا نامێنێتەوە. بە بڕوای من تیۆری کۆمۆنیستی و بەپێی ئەمەش تیۆریسیەن و ڕەخنەگری کۆمۆنیست، دەبێ وەك ڕەخنەگرێك بێتە مەیدان کە ڕەخنە لە بیر و بۆچوونی زاڵ دەگرێ. دەبێ جیهان بە جەماوەری بەرینی چینی کرێکار بناسێنێ. دەبێ لە شکڵپێدانی تێگەیشتوویی گشتیی چینایەتیدا دەور و نەخشی خۆی بنوێنێ، نەك تەنیا ڕێنوێنی ئەسحابەکان و پەیڕەوانی خۆی بێ. کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوە بووە. بە سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە و شکڵگرتن و دەربڕینی ئەم جیهانبینییە لە لایەن مارکس و مارکسیزمەوە ڕێگەیەکی ڕەخنەگرانە بە برەوێکی بەرینی کۆمەڵایەتییەوە پێک هات. دوای سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە تێگەیشتنی کۆمەڵ لە دەوڵەت، ئابووری، ئایین، دادوەریی، مێژوو و داهاتووی مرۆڤایەتی و بە کورتی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگای بەشەری بە شێوەیەکی بێگەڕانەوە گۆڕا. ئێستاش ئێمە هەر ئەوەمان پێویستە. کێ لە کۆمۆنیزم و چینی کرێکار قەبووڵ دەکا لە هەلومەرجێکدا کە هەر سەعات و ساتێك نەریتە فیکرییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵی بۆرژوایی، بە ئەسڵدانانی خاوەندارێتی و بە ناسیۆنالیزم، ڕێفۆرمیزم، دیموکراسی، لیبراڵیزم، ڕاسیزم و بە شتی لەم چەشنە مێشك و زەینی سەدان مرۆڤ لە قاڵب دەدەن، خۆی بە جەدەلکردن لەگەڵ ماویزم و ترۆتسکیزم و چەپی نوێ و شتی ترەوە خەریك کا و خۆیشی بە مەیلێکی زیندووی فیکری و ڕەوتێکی ڕەخنەگرانەی موعتەبەری جیهانی ئەمڕۆ بزانێ. ئێمە دەبێ وەڵامی ئەو فیرقانە بدەینەوە کە بانگەشەی مارکسیزمیان هەیە. بەڵام کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبێ جارێکی تریش وەك ڕەخنەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی لە دژی بیر و بۆچوونی زاڵی نێو کۆمەڵ هەستێ. ئێمە ئەوەمان دەوێ. کۆمۆنیزمی کرێکاری وەك بیر و بۆچوون و جیهانبینییەك بەبێ ئەوەی لە ڕادەیەکی کۆمەڵایەتیدا بە گژ جیهانی بۆرژوایی و بیر و بۆچوونی بۆرژوایی ڕۆچێ، برەوی کۆمەڵایەتی نابێ.

بسووی سۆسیالیسم :زۆر ڕاستە. هەر ئەو شێوە چاو لە تیۆری و چاو لە ئەرکە تیۆرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریکردنە خۆی جیابییەکی فیکری جیددی لە چەپی غەیرە کرێکاری تا ئێستا دەسەلمێنێ. بەڵام ڕەنگە بگووترێ ئەم باسە تازە ئەمڕۆ دەتوانێ بکرێ، یانی لە هەلومەرجێکدا کە سۆسیالیزمی بۆرژوایی هەر وەك لە گوزارشی کۆنگرەشدا باسی کراوە لە هەموو لقە جۆراوجۆرەکانیدا گەیشووەتە بنبەست. ئەمڕۆ هەر تەنیا دژی ڕیڤیژینیزمبوون شتێکی زۆر ناگەیەنێ و ناتوانێ نیشانەی لەسەر هەقبوونی ڕەوتێك، یان شێوە و ڕەوشتێکی ناساندن و داڕشتنی سیمای سیاسی و تیۆریی ڕەوتێکی کۆمۆنیستیی شۆڕشگێڕ بێ. بەڵام ئەگەر خۆت لە هەلومەرجی سی چل ساڵ لەوەپێش و لە کاتێکدا دابنێی، کە ئۆردووگای شێوە سۆسیالیستی لە سۆڤێت بە سەر سەرجەم بیر و بۆچوون و پراتیکی کۆمۆنیستەکاندا زاڵ بوو، ئایا نەدەکرا بڵێی سەرهەڵدانی هەر ڕەوتێکی کۆمۆنیستی واقیعی و لە ڕاستیدا گەشە و هەڵدانی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەك بزووتنەوەیەکی حیزبی لە ڕێگای خەباتێکی دژی ڕیڤیژینیستییەوە تێدەپەڕێ؟

ئایا لە مێژووی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا جێگایەك بۆ نەریتی دژی ڕیڤیژینیستی بە تایبەت لە چل ساڵی ڕابوردوودا دادەنێن؟

**مەنسوور حیکمەت** :بێگومان تێگەیشتن و هەروەها باسکردنی ڕوانگەی ئێمە ئێستا لەچاو سی چڵ ساڵ لەوە پێشتر زۆر ئاسانتر بووەتەوە. گومانێکم لەوەدا نییە. تەنانەت ئەوەشم قەبووڵە لە هەلومەرجێکدا کە بزووتنەوەی سەرمایەداریی دەوڵەتی لە سۆڤێت هێشتا جێگاوشوێنی درۆینەی خۆی وەك کلیلبەدەست و سەردەمداری مارکسیزم لەدەست نەدابوو، کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەرکێکی زیاتری لە جۆری "خەباتی دژی ڕیڤیژینیستی" لەسەرشان بوو. بەڵام هەلومەرجی ئەو سەردەمە فەرق و جیاوازییەك لە باسەکانی مندا پێک ناهێنێ و حوکم نییە ئەو ڕەوتە دیاریکراوانە بە باش بزانین کە لە ماوەی ئەم دەورەیەدا بە گژ ئەم ڕێڕەوە فەرمییە ڕۆچوون و لێی جیابوونەوە. وە یان مەرج نییە ئەمانە بە سۆسیالیزمی کرێکاری وەك بزووتنەوەیەك یان جیهانبینییەك، نزیکتر بن، یان بەشێکی زیاتریان پێوەی هەبێ. بە پێچەوانەوە کاتێك بە شێوەیەکی دیاریکراو دەڕوانینە ناوەڕۆکی ڕەخنەگرانەی ئەم ڕەوتە ڕەخنەگرەی ئۆردووگای بەناو سۆسیالیستی، تێدەگەین کە سەرهەڵدانی خودی ئەمانە هاوکات بووە لەگەڵ ئەوەی کە کۆمۆنیزم وەك تیۆرییەك و بزووتنەوەیەك، لە پایەی چینایەتیی خۆی پتر دوور کەوتووەتەوە. ماویزم ڕەخنە لە سۆسیالیزمی ڕووسی دەگرێ. بەڵام خۆی بە هەمان ڕادە غەیرە مارکسیستی و غەیرە کرێکارییە. چەپی نوێش هەروا، ترۆتسکیزمیش هەروا، ئورۆکۆمۆنیزمیش هەروا، ڕەوتی لایەنگری ئەلبانیش هەروا و سۆسیالیزمی خەڵکییش هەروا. لە ڕاستیدا لەپشت ئەم ڕەوتە ڕەخنەگرانەوە جیایی سۆسیالیزمی ڕادیکاڵ لە کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاری بە ڕۆشنییەکی زیاترەوە دەبینرێ، چونکە ئەمانە پێشینەی شۆڕشێکی کرێکاری بەرین و گەورەیان نەبووە و بە ئاشکرا لە ئاستی کۆمەڵدا لە شوێنە غەیرە کرێکارییەکانەوە سەریان هەڵدا و هەر لەوێش جێگیر بوون. لە باری بیروباوەڕەوە هەرگیز بنچینەکانی سۆسیالیزمی بۆرژوایی لە لایەن ئەمانەوە ڕەخنەیان لی نەگیرا. تێگەیشتنیان لە سۆسیالیزم و خاوەندارێتی سۆسیالیستی هەر ئەو تێگەیشتنەی ئەوانە. کاتێك چاو لە جیاوازییەکانیان دەکەی، بەرژەوەندییە غەیرە کرێکارییە ڕۆشنەکانی ئەوان و نفووزی مەیلە فیکری و سیاسییە بۆرژواییەکانی ئەوانیان بە ئاشکرا تێدا دەبینی. ڕەخنەی ئورۆکۆمۆنیزم، ماویزم و پۆپۆلیزم لەو ڕێڕەوە فەرمییە بە تەواوی ناسیۆنالیستییە. ڕەخنەی ترۆتسکیزم و لیبراڵیزمی چەپ و چەپی نوێ ڕەخنەیەکە کە لە هەڵوێستی دیموکراسییەوە دەگیرێ. لە باری عەمەلی و کۆمەڵایەتییەوە ئەم ڕەوتە ڕەخنەگرانە هەرگیز نوێنەری هاتنەمەیدانی کرێکاران بەرانبەر بەم جەمسەرە فەرمییە نەبوون. بە پێچەوانەوە ڕادیکاڵیزمی سیاسیی ئەمانە تێکەڵاوی ئەوە بوو، کە هێزی هەڵسووڕاویان بکەنە خوێندکاری و ڕووناکبیری و ناوەندی سەرنجدانی مارکسیزم بەرنە نێو زانکۆکان و نێو شوێنی نارەزایەتیی خوێندکاری. ئەمانە هەرگیز ئاڵای نارەزایەتیی کرێکارییان بەدەستەوە نەگرت. ئەمانە هەرگیز مەیلێك نەبوون کە نارەزایەتیی سۆسیالیستیی کرێکار بەرانبەر بە سۆسیالیزمی بۆرژوایی لە ڕووسیادا بەدەستەوە بگرن و ڕێکی بخەن. هەر بۆیە بینیمان کاتێك پاش چەندین ساڵ ئەم جەمسەرە فەرمییە درزی تێکەوت و لەژێر گوشارە بابەتییە ئابوورییەکان و هێرشەکانی بۆرژوازیی لایەنگری بازاڕدا بەرەو لەبەریەکچوون دەڕوا، کرێکاران نەك هەر لەژێر ئاڵای ئەم ڕەوتە ڕەخنەگرانەدا کۆ نەبوونەتەوە بەڵکوو تەنانەت بە سۆسیالیزمیش بەدگومانن. ئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕیزی خۆی بەرانبەر بەم قوتبانە پێک هێنابا، ئەمڕۆ ئێمە نە لە وڵاتانی سەر بە ئۆردووگای سۆڤێت شایەدی ئەوە دەبووین کە کلیسا و محافەزەکاریی نوێ دەستدرێژ بکەنە سەر بزووتنەوە کرێکارییە ڕوو لە گەشەکان و نە ئەوەی کە لە ئەورووپای ڕۆژئاوا نارەزایەتیی کرێکاری بدرێتە دەستی سۆسیال دیموکراسی و تریدیۆنیۆنیزم.

دەکرێ بۆ سی چل ساڵی ڕابوردوو بگەڕێینەوە و ئەرکەکانی "دژی ڕیڤیژینیستی"ی کۆمۆنیزمی کرێکاری بناسین، ئەرکگەلێک کە لە واقیعدا و بە هیچ جۆرێک لێدان و لەناوبردنی حیزبەکانی ئەم نەریتە نەبووە. بەڵام بە بڕوای من تێکۆشانێکی لەو جۆرە لە لایەن سۆسیالیزمی کرێکارییەوە، تایبەتمەندییە تیۆری و پراتیکییەکانی چەپی ڕادیکاڵی ڕەخنەگری ڕووسیا بە هیچ جۆرێک قبووڵ ناکات. ئەم چەپە ڕادیکاڵە بە بڕوای من، لە مێژووی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، هیچ پشکێکی ڕاستەوخۆی نییە. لە هێنانەکایەوەی سۆسیالیزمی ڕادیکاڵ و میلیتانتدا ئەشێ، بەڵام لە مێژووی سۆسیالیزمی کرێکاریدا نەخێر. (ئەم پەرەگرافە لە وەرگێڕاوە کوردییەکەدا نەبوو، لە دەقە فارسییەکەوە وەرمان گرتووە/ سالار(

**بسووی سۆسیالیسم:** وتت به بڕوای تۆ دەبێ خەبات و سنوورکێشانی فیکری و تیۆری لەگەڵ ڕەوتە بەناو سۆسیالیستی و کۆمۆنیستییەکان یەکێك لەو شتانە بێ کە پەیڕەوی لە بەرانبەرکێی کۆمۆنیزم لەگەڵ ڕەوتە فیکرییە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی نێو کۆمەڵی سەرمایەداری دەکا. ئەم ڕەوتانە کامانەن و بە بڕوای تۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری لە پێشڕەوی خۆیدا بەر لە هەموویان بەرانبەر بە کامیانە؟

**مەنسوور حیکمەت:** ئەوەی کە من دەمەویست لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووتدا جەختی بکەمە سەر ئەوەیە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی فیکری وا نییە کە بە دوای پایەی پراتیکیی خۆیدا بگەڕێ، بە پێچەوانەوە بزووتنەوەیەکی ماددی و پراتیکی جیاوازە کە بەپێی ئەمەش دەبێ لە کێشە و جەدەلێکی فیکری زۆر گەورە لە ئاستی کۆمەڵیشدا ببێ. کەوابێ تەنیا کاتێك کە ئێمە ڕیزی کۆمەڵایەتی خۆمان وەك بزووتنەوەیەك، بەرانبەر بە کۆمەڵی مەوجوود و هەموو بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی تر کە بەشێکیان لەژێر نێوی کۆمۆنیزمیدا هەن، بە باشی بناسین دەتوانین هەنگاو بنێینە ناو مەیدانی بەرانبەرکێیەکی تیۆری لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایە و ئەم بزووتنەوانەدا.

کۆمۆنیزمی کرێکاری، مارکسیزم، ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو لە نیزامی مەوجوود، یانی لە نیزامی سەرمایەدارییە. ڕەخنەی بەشێکی کۆمەڵە. ڕەخنەیەکی بنەڕەتی و ئاڵوگۆڕبەخشی چینێکە کە قازانجێکی لە ڕاگرتنی چوارچێوەی نیزامی مەوجووددا نییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری دژی سەرتاپای سەرمایەداری و خودی وجوودی سەرمایەدارییە. بەڵام ئەمە تەنیا ڕەخنەی مەوجوود نییە. هەر لەنێو چوارچێوەی ئەم کۆمەڵگا مەوجوودەدا ئاڵای ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکانی تریش، تەنانەت بەر لە سۆسیالیزمی کرێکاری، هەڵدراوە و کۆمەڵی بۆرژوایی لەدەوری خۆی قوتبی کردووەتەوە. ئەمانە مەیلێکن کە چوارچێوەی فیکری و سیاسی کۆمەڵی بۆرژواییان پێک هێناوە و لە هەمان حاڵدا، لەبەر ئەوەی کە هەرکامیان شێوە و ئۆلگوویەکی تایبەتییان بۆ گەشە و هەڵدانی سەرمایەداری بووە و لێرە و لەوێ بەرانبەر بە ڕەوتێکی تایبەت کە گەشە و هەڵدانی سەرمایەداری لەم وڵات و ئەو وڵات، یان لەم دەورەیە و ئەو دەورەیەدا بە خۆوە گرتووە، کەوتوونەتە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە. بە بڕوای من سەرەکیترین ئەم مەیلانە کە مۆر و نیشانی خۆیان چ بە بیر و بۆچوونی فەرمی و چ بە بیر و بۆچوونی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵی بۆرژواییەوە ناوە بریتین لە ناسیۆنالیزم، دیموکراسی و ڕیفۆرمیزم. مێژووی کۆمۆنیزمی کرێکاری مێژووی کێشمەکێشکردن لەگەڵ ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە و ئەو ئارمە ڕیشەداکوتراوانەی کۆمەڵی هاوچەرخیشە. بە بڕوای من سۆسیالیزمی کرێکاری بە گشتی تا ئێستا، جگە لە چەند دەورەی کورت، بۆ نموونە سەرەتای بیستەکان لە ئەڵمانیا و ڕووسیا، لە ڕادەی کۆمەڵایەتیدا، لە لایەن ئەم ڕەوتانەوە چاوترسێن کراوە و تەنانەت لە باری توانستی خۆی لەنێو خودی چینی کرێکاریشدا، تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی ئەم بزووتنەوانەدا بووە. خودی ئەم ڕەوتانە نەك نوێنەری ناکۆکیی چینایەتیی ناو کۆمەڵ، بەڵکوو نوێنەری ناکۆکیی بابەتیی نێوخۆی بۆرژوازی بوون. ئەمانە چ تاکتاک و چ پێکەوە سەرچاوەی بەشێک لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی هاوچەرخمان بوون و هەرکامیان لە دەورەیەکدا، لەم یان ئەو وڵات، دەستی باڵایان هەبووە و بوونەتە خەتی زاڵ لەنێو کۆمەڵی بۆرژواییدا. بە بڕوای من مەیلی جۆراوجۆری کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی تا ئێستا زیاتر بەرهەمی ئەم مەیلە بەهێزە ناکرێکارییەی نێو کۆمەڵ و تا ڕادەیەکی کەمیش سازان لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری بوون. بەپێی ئەوەی کام یەك لەم مەیل و بزووتنەوە بنەڕەتییانە لە قەوارەپێدانی ئەم لقانەی سۆسیالیزمدا دەور و نەخشیان بووبێت، ئێمەش لەگەڵ لقی جۆراوجۆری کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم بەرەو ڕوو دەبین. دیاردەی ناسیۆنالیزم لە ماویزمدا زۆر بەهێزە. لە حاڵێکدا لە ترۆتسکیزمدا ڕیفۆرمیزم و دیموکراسی زەقە و ناسیۆنالیزم دەور و نەخشێکی هێندەی تیادا نییە. پۆپۆلیزم تێکەڵاوێك بوو لە ناسیۆنالیزم و ڕیفۆرمیزمی تایبەتی وڵاتی ژێردەستە و لانی کەم لە سەرەتاکانیدا بەشێکی کەمتری دیموکراسی تێدا بوو. چەپی نوێ، هەر لە بنەڕەتەوە بەرهەمی ڕەخنەیەک لە خەتی فەرمی لە ڕوانگەی دیموکراسییەوە بوو. "کۆمۆنیزم"ی ڕووسی هەر وەك لە باسەکانی بۆڵتنی "مارکسیزم و مەسەلەی سۆڤێت"دا وتمان، بەرهەمی زاڵبوونی ناسیۆنالیزم و ڕیفۆرمیزم بوو بەسەر کومۆنیزمی کرێکاریدا و ئەمڕۆ خەریکە ڕیفۆرمیزمەکەی بە قازانجی دیموکراسی وەلا دەنێ. وەختێك مێژووی چەپی ئێران دەخوێنینەوە هەر ئەم نەریتە بنەڕەتییانەی ڕەخنەی بۆرژوایی دەبینین کە مەشرووتە، بەرەی میللی و حیزبی توودە، ڕێبازی چریکی و سۆسیالیزمی خەڵکی شکڵ پێدەدەن. سەردەمدارانی ئەم ڕەوتانە، ئەمڕۆ کە ئیتر گلاسنۆست (سازکردنەوەی ئابووری) هەموو

جێگایەکی دنیای داگرتووە، لە بیرەوەرییە سیاسییەکانیدا بە ڕۆشنی هەر لەسەر بنچینەی ئەم مەیلە بنەڕەتییانەی ڕەخنەی بۆرژوایی لە سەرمایەداری، باسی کاکڵی بزووتنەوەکان و حیزبەکانیان دەکەن. ئەم ڕەوتانە تەنیا دەزگای فیکری و مەکتەب نین. ئەمانە بزووتنەوەی زۆر گەورەی کۆمەڵایەتین و لە ڕەوتدان. ئەمانە بەشێك لە بیروباوەڕەکانی چینی دەسەڵاتداران کە بیر و بۆچوونی ملیۆنەها مرۆڤیان شکڵ پێ داوە، بوونەتە هێزی ماددی و ڕووداوەکانی کۆمەڵی ئەم سەردەمەیان شکڵ پێ داوە. گوشاری ئەمانە لەسەر سۆسیالیزمی کرێکاری گوشارێکی واقیعی و گەورە و بەرینە. ئێمە وەك بزووتنەوەیەکی جیاواز بەرانبەر بەم ڕەوتانە ڕاوەستاوین. جیاوازییەکانی ئێمە لەگەڵ ئەم مەیلانە لەسەر سۆسیالیزمی مەوجوود و تا ئێستا لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی جیاوازییەکانمانە لەگەڵ ئەم بزووتنەوە و ڕەوتە بەرین و بەهێزانەی بۆرژوایی. بە بڕوای ئێمە ئەم ڕەوتە بنەڕەتییانە بەشیان بە سۆسیالیزم و شۆڕشی کرێکارییەوە نییە. لە ئاڵوگۆڕپێدانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا کە ڕەنگە کاری شۆڕشی کرێکاری ئاسان کردبێتەوە یان دژوار، دەکرێ بڵێی کاریگەرییان بووە، بەڵام لە خودی بزووتنەوەی سۆسیالیستیدا، نا. ئێمە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی کۆمەڵایەتین کە لەگەڵ گشت سەرمایە و هەموو ڕەوت و بزووتنەوەکانی ڕەخنەگرانەی ناکرێکاری ئەم کۆمەڵگایە لە کێشەداین.
ئەمڕۆ سۆسیالیزمی ناکرێکاری لە هەموو لقەکانی خۆیدا تووشی قەیران بووە. زیاتریش لەبەر ئەوەی کە ڕیفۆرمیزم وەک ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی و وەك نەریتێك کە ناوەڕۆکی ئابووریی سۆسیالیزمی ناکرێکاری دابین دەکرد، هەموو ئاسۆی خۆی لەدەست داوە و هەر بۆیەش مەیلەکانی تر، دیموکراسی و تا ڕادەیەکیش ناسیۆنالیزم، دەستیان ڕەسەر کەوتووە. بەو جۆرەی کە ئەمانە خەریکن دەچنە پێشەوە، ڕەنگە پلمیکی تیۆریی جیددی لەگەڵ مەیلەکانی تا ئێستای چەپی ناکرێکاری بابەتێتی خۆی لەدەست بدا و ئێمە ڕێك و ئاسان ببینە لایەنی مەیلە سەرەکییەکان. بەڵام بە هەر حاڵ، بە هەر ڕادەیەك کە بۆ تیژترکردنی بیری مێژوویی کرێکار و گەشترکردنی تێڕوانینی دنیای ئەمڕۆ جەدەلکردن و سنوورکێشان لەگەڵ ئەمانە پێویست بێ، ئێمە جیاوازییەکانمان لەسەر بنچینەی ڕەخنەگرتن لە مەیلە بنەڕەتییەکانی پێکهێنەری ئەم ڕەوتانە ڕۆشن دەکەینەوە.
ئەمڕۆ ئەمە بووەتە مۆد کە شێوە مارکسیستەکان بەدوای ئەمەدا بگەڕێن کە کام یەکێک لە سێ ماددەی سەرەتایی لە سۆسیالیزمەکەیاندا کەم بەکار کراوە. دەیانەوێ سۆسیالیزم دیموکراتیکتر بکەن. جێگایەکی زیاتری بۆ ناسیۆنالیزم تێدا بکەنەوە و شتی تر. مەکتەبی خۆیانە و هەر کارێکی لەگەڵ دەکەن، دەتوانن. بەڵام بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری، هیچ تێکەڵاوییەک لەگەڵ هیچ کام لەم مەیلانە پێویست نییە. ڕێك بە پێچەوانەوە، وەختی ئەوە هاتووە کە جارێکی دی، هەر بەو جۆرەی کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بەرانبەر بە شەڕی یەکەمی جیهانی ناسیۆنالیزمی کوتا و لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا وەڵامی دیموکراسی دایەوە، دیسانیش لە ڕادەیەکی بەرینتری کۆمەڵایەتیدا، کۆمۆنیزم لە چنگ هەر جۆرە پاشماوەیەکی نفووزی ئەم ڕەوتانە ئازاد بکەین.
ڕەوتە شێوە سۆسیالیستییەکان کە لە ژێر کاریگەریی ئەم مەیلە بنەڕەتییە بۆرژواییانەدا شکڵیان گرت، ناچار لە باری ناوەڕۆکەوە سەرجەم مارکسیزمیان لە میتۆد و فەلسەفەوە تا تیۆری سیاسی و ڕەخنە ئابوورییەکەی گۆڕیوە و بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستییەکانیاندا بێتەوە، کردوویانەتە شتێکی تر. لە سیمیناری چەند مانگ لەوە پێش، بۆ باسکردنی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەوڵم دا بە کورتی تێگەیشتنی خۆم سەبارەت بە بنچینە بنەڕەتییەکانی تیۆری مارکس لەو مەیدانە سەرەکییانەدا باس بکەم. ئەمە تێگەیشتنێکە کە هەر کەس بە هەڵوێستی کرێکارێکی نارازییەوە نووسراوەکانی مارکس بخوێنێتەوە پێی دەگا. بە بڕوای من جیاوازیی ئێمە لەگەڵ ئەو دەرکە نادروست و ڕایجانەی کە لە تیۆری مارکس دەکرێ، تەنیا لەسەر ئەو بابەتە کۆنکرێتترانە نییە کە لە ڕەوتی گەشە و هەڵدانی عەمەلیی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا هاتووەتە سەر ڕێگای، بەڵکوو هەڵدەگەڕێتەوە سەر بنەڕەتەکانیان. من لێرەدا تەنیا ئاماژە بە چەند جیاوازییەکی بنچینەیی دەکەم.
یەکەمین جیاوازیی تیۆری ئێمە هەڵدەگەڕێتەوە سەر شێوەی هەڵسەنگاندنی مێژووی تا ئێستا، بە شێوەیەك کە کۆمۆنیزمی ڕابوردوو لە خۆی دەگەیشت و بەخۆی دەناساند. کۆمۆنیزمی تا ئێستا لە کوێ بەشوێن مێژووی خۆیدا دەگەڕێ. ئەمە نیشانی دەدا کە هی کام گۆشەی واقیعیی کۆمەڵە. من تێناگەم بۆچی هەر کەس لەژێر ئاڵای داس و چەکوشدا، بەدوای داڕشتنی بەرنامەی ئابووریی میللی و ڕێکخستنی کاری بەکرێ لە

وڵاتی خۆیدا کەوتووە، ویستوویەتی مافی میللی بەدەست بێنێ، بەشوێن خواردنی نان و ماست و پەنیری خاکی پاکی نیشتمانەکەیەوە بووە، داوای دیموکراسی کردووە، یان لە کۆمەڵی "لە پیشەسازی واوەتر"دا هەستی بە "نامۆبوون لەگەڵ خۆی"دا کردووە، دەبێ بە بەشێکی مێژووی کۆمۆنیزمی بزانین، بەڵام مانگرتنی مەعدەنچی ئینگلیزی کە ساڵێکی تەواو بە گژ سەرجەم بۆرژوازی بە پۆلیسییەوە تا نووسەری ڕۆچووە، لە مێژووی یۆنیۆنیزمدا بینووسین، یان بزووتنەوەی شوورایی کرێکاری لە فلان وڵاتدا، بە مێژووی ئانارشیزم و ئانارکۆسەندیکالیزم لە قەڵەم بدەین. کەوابێ، یەکەمین جیاوازیی ئێمە لەگەڵ سەرجەم سۆسیالیزمی تا ئێستا، لەسەر خودی مێژووی کۆمۆنیزمە. نەك هەر مێژووی ڕابوردوو، بەڵکوو مێژووی زیندووی ئەمڕۆ کە لەپێش چاوی هەمووان لە ڕەوتدایە. بۆ ئێمە مێژووی کۆمۆنیزم نەک مێژووی مەکتەبێك، بەڵکوو مێژووی ناڕەزایەتییەکی چینایەتییە. کاتێك لەم ڕوانگەیەوە دەڕوانین، تازە تێدەگەین کە ئەم جەماعەتە چییان بە سەر خودی مەکتەبەکە هێناوە و چۆن ئەمڕۆ سەرەڕۆیانە، کاتێك بزووتنەوەکەیان گەیشتووەتە کۆتایی، خەریکن کۆتایی پێهاتنی مارکسیزم، یانی کۆتایی پێهاتنی ڕەخنەی کرێکاری لە سەرمایەداریش ڕادەگەیەنن. ئەم تێڕوانینە جیاوازەی مێژووی کۆمۆنیزم نەك هەر دەبێتە هۆی ئەوەی سیناریۆی تا ئێستا و پرۆبلێماتیکەکانی تا ئێستا قەبووڵ نەکەین، بەڵکوو هەر ئەمڕۆش ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێکی بەرین و تەواو جیاواز لە گیروگرفتە تیۆری و عەمەلییەکان بەرەوڕوو دەکا، کە کۆمۆنیزمی مەوجوود و مەیلە جۆراوجۆرەکانی ئەسڵەن ناچنە سەریان. بەشێك لە جیاوازییەکانی ئێمە لەگەڵ ئەم ڕەوتانە بە ناچار خۆی لەو شتانەدا نیشان دەدا کە ئەمانە نایڵێن و تێیناگەن.
جیاوازییەکی دیکەمان لەسەر خودی سۆسیالیزمە. سۆسیالیزم چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەمە دیاریی دەکا کە مرۆڤ دەردی لە کۆمەڵی موجوودا چی بێ. مارکس لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی ڕۆشنی کرێکارییەوە، ئەم دەردەی بە نیزامی کاری بەکرێ و خاوەندارێتی بۆرژوایی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا دەزانی و هەر بۆیەش سۆسیالیزمی وەك بە کۆتایی گەیاندنی ئەم دۆخە، وەك هەڵوەشاندنەوەی کۆیەلەتی بەکرێ و پێکهێنانی کۆمەڵێك لەسەر بنچینەی خاوەندارێتی هاوبەش باس دەکرد. مارکس توانی لەسەر ئەم بنچینەیە هەموو بەڵا و مەینەتەکانی مرۆڤ، لە بێ مافیی سیاسی و نائەمنی ئابوورییەوە تا کۆیلەتییەکەی لە چنگ پەیوەندە کۆمەڵایەتییەکانی بە ڕواڵەت غەیرە قابیلی دەرك و خورافاتی فیکری، شی بکاتەوە و ڕەخنەیان لێ بگرێ. سۆسیالیزم ڕزگاریی کامڵی مرۆڤە لە هەر جۆرە بێبەشی و کۆیلەتییەك و سەرکەوتنی مرۆڤە بە سەر چارەنووسی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆیدا. بەڵام ئەمانە هەمووی تەنیا بە نابوودکردنی سەرمایە، وەك هێزێکی بەدەر لە کۆنترۆڵی بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆ و دژ بە کرێکاری کرێگرتە دەکرێ. بەڵام مەیلەکانی دیکە ئەمە گیروگرفتیان نییە. بۆ بەشێکی هەرە زۆریان سۆسیالیزم وەڵامی "ئانارشی بەرهەمهێنان"ی نیزامی سەرمایەدارییە، یان ستراتیژییەکی تایبەتە بۆ گەشەپێدانی هێزە بەرهەمهێنەرەکان. هەروەکوو باوە، ئەم ڕەوتانە سۆسیالیزم بە مانای دەوڵەتیکردن و بەرنامەدارشتن تێگەیشتوون. کەوابێ سۆسیالیزمی ئەمانە ئاڵای بزووتنەوەیەکی دیکەیە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا، کە نەك لە ڕەخنەگری لە پەیوەندیی نێوان کار و سەرمایە، نەك لە ڕەخنەگری لە نیزامی کرێگرتەوە، بەڵکوو لە ڕەخنەگرتن لە کەم و کووڕییەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی سەرمایەداری کۆنترۆڵ نەکراوەوە بۆی دەچن. کەوابێ جیاوازی ئێمە لەگەڵ ئەم کۆمۆنیزمە ناکرێکارییە، هەر لەو بنچینەیەدایە کە مارکس لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا وەك ڕەخنە لە سۆسیالیزمی بۆرژوایی باسی دەکا. ئەوەی کە ئەم بزووتنەوە سۆسیالیزمە بۆرژواییە ئاڵای مارکس و مارکسیزمی هەڵگرت، هەڵبەت نیشانەی بەهێزبوونی مارکسیزم وەك مەکتەبێکی فیکری و بەهێزبوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بوو. بەڵام ئەوە خەسڵەتی کۆمەڵایەتیی سۆسیالیزمی بۆرژوایی ناگۆڕێ. ئەمڕۆ ئەمانە دەست لە مارکسیزم بەر دەدەن چونکە بزووتنەوەکەیان بۆ ڕیفۆرمکردنی سەرمایەداری بەو شێوەیەی کە دەیانەویست نەچووە پێشەوە و شکستی بەسەردا هاتووە.
بەڵام مەینەتەکانی نیزامی سەرمایەداری و ڕەخنەی کرێکار، چ لە ئاستی تیۆریدا و چ لە کردەوەی ڕۆژانەی گشت کۆمەڵدا، هەر وەك خۆی ماوە و لەجێی خۆیەتی. ئەوەی کە ڕەخنەی ئێمە لە نیزامی مەوجوود چییە و بە ناچار سۆسیالیزم نەفیکردنەوەی چ بار و دۆخێکە، جیاوازییەکی تەوەرەیی کۆمۆنیزمی کرێکارییە لەگەڵ لقە جۆراوجۆرەکانی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی ئێستادا. ئەم جیاوازییانە لەسەر ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵی مەوجوود و لەسەر سۆسیالیزم وەك بار و دۆخێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی، خۆی سەرچاوەی زنجیرە جیاوازییەکی بەرنامەیی و سیاسی بنەڕەتییە لەنێوان ئێمە و ڕەوتەکانی تردا. ئەمە لە

بەرنامەی ئێمەدا خۆی لە لێکدانەوەی ئەرکەکانی شۆڕشی کرێکاری و دەستەبەندی تیۆری و کۆمەڵایەتی چەپدا نیشان دەدا. لە باسی ئەزموونی سۆڤیێت لە بۆڵتنەکاندا ئێمە نموونەیەك لەم جیاوازیی بۆچوونانە دەبینین. لە هەڵسەنگاندنی مێژووی چەپی ئێرانیشدا هەروەها، لە تێگەیشتنمان لە بنەماکانی بەرنامەی حیزبێکی کۆمۆنیستیشدا هەروەها. بەشێکی زۆر لەم جیاوازییە تیۆری و سیاسییانە هەر لەو دەورەیەدا دێنینە گۆڕ و باسیان دەکەین.

جیاوازییەکی دیکەمان لەگەڵ ئەو مەیلانە کە بە کۆمۆنیست و سۆسیالیست ناسراون، یان بە وتەیەکی تر خەسڵەتێکی تایبەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، مەسەلەی بەرخورد لەگەڵ ڕیفۆرمگەلی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرخورد بە خەباتی ئابووریی چینی کرێکارە. من ئەم کێشەیە بە یەکێك لەبنچینەییترین پایەکانی جیاوازی لقەکانی کۆمۆنیزمی مەوجوود لەگەڵ کرێکار و نارەزایەتیی کرێکاری و یەکێك لە زەمینەکان و ڕێڕەوە سەرەکییەکانی بە تاککەوتنەوەی چەپی ڕادیکاڵ لەم دەورەیەدا دەزانم. بۆ ئێمە خەباتی ئابووریی کرێکار و هەوڵدانی بەردەوام بۆ باشتربوونی وەزعی چینی کرێکار لە ڕێگای داسەپاندنی ڕیفۆرمی سیاسی و ئابووری بەسەر بۆرژوازیدا بەشێکی جیانەکراوەی خەباتی کرێکاری و بەشێکی لەپێشدا سەلمێندراوە. مەسەلەی پەیوەندیی شۆڕشی کرێکاری لەگەڵ ڕیفۆرم و لەگەڵ خەباتی ڕۆژانەی ئابووریی چینی کرێکار بۆ ئێمە گرێژنەیەکی بنچینەییە لە هەڵسووڕانی کۆمۆنیستیدا. سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی تا ئێستا بەرانبەر بەم مەسەلەیە پشتی لە عەرز دراوە. ئەو ڕەوتانەی کە لە ڕواڵەتدا بایەخیان بە خەباتی ئابووری بۆ پێکهێنانی ڕیفۆرم داوە، کە ئەمە پتر خەسڵەتی ڕەوتەکانی خەتی فەرمیی کۆمۆنیزمە تا پێش شەستەکانی زایینی، ئەساسەن وەك ڕەوتێکی ڕیفۆرمیست کاریان کردووە. ئەوەی کە ئەمانە مەیلیان بەرەو ئەوە بووە کە لە خەبات بۆ پێکهێنانی ڕیفۆرمدا بەشداری بکەن، سەرچاوەکەی لەوەدایە کە ئامانج و مەسەلەی شۆڕشی کرێکارییان وەلاناوە .باڵی چەپی بۆرژوازی هەمیشە لە مەیدانی خەبات بۆ پێکهێنانی ڕیفۆرمدا هەڵسووڕاو بووە و ئەمانەش نەریتی سیاسی ئەم بەشە لە کۆمەڵ بوون. لەبەرانبەر ئەمەدا، ئەو چەپە ڕادیکاڵەی کە بە ڕەخنەگرتن لە خەتی فەرمییەوە هاتە مەیدان، جا چ بە شێوەی ماویزم بووبێت، یان تا ڕادەیەك ترۆتسکیزم، یەکەم ئەوەی کە لە خەباتی ئابووریی ڕۆژانەی چینی کرێکار بڕا و ناوەندی هەڵسووڕانی بە فەرمی بردە نێو ڕووناکبیرانی کۆمەڵ و دووەم، دەوری ڕیفۆرمی خەت کێشا. ڕاگەیاندنی ئەوەی کە "سەرمایەداری ناتوانێ ڕیفۆرم بکا" بووە یەکێك لە پایەکانی خۆ بە شۆڕشگێر نواندنی ئەمانە.

هەموو شۆڕشگێرییەکەیان شتێك نەبوو جگە لە داسەپاندنی ڕیفۆرمێکی ئابووری و ئیداری و فەرهەنگی بەسەر بۆرژوازیدا، بەڵام لە ئاستی تیۆری و لە پراتیکی عەمەلیدا، خەبات بۆ پێکهێنانی ڕیفۆرم لە فەرهەنگی سیاسی ئەمانەدا بووە کفرێکی گەورە. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکە بۆ شۆڕشی کرێکاری و کۆمۆنیستی. ئێمە پێمان وایە ئەم شۆڕشە هەر ئێستا دەکرێ و لە دەستووردایە. بەڵام وەك چینێکی ژێردەستە ئێمە بۆ هەر ڕادەیەك لە باشتربوونی بار و دۆخی کۆمەڵایەتی بە قازانجی چوونەسەری توانای سیاسی و ئابووری و چوونە سەری کەرامەتی مرۆیی کرێکار و زەحمەتکێش و بۆ بەرفراوانبوونەوەی فەزای سیاسی و فەرهەنگی کە خەباتمان ئاسانتر کاتەوە لێبڕاوانە خەبات دەکەین. لە مەیدانی خەباتدابوون بۆ باشتربوونی بار و دۆخ، شتێکە کە هەر لە سەرەتاوە کۆمۆنیزمی کرێکاری بوویەتی و پێشمەرج بووە، کارێك نییە کە بە پەسندکردن بڕیارنامەیەکی تایبەت بێنێتە دەستوور. ئێمە هەم حوکوومەتی کرێکاریمان دەوێ و هەم زیادبوونی لانی کەمی حەقدەستەکان، هەم بە نیازی بەسۆسیالیستکردنی هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنانین و هەم دەمانەوێ تەمەنی خانەنشینی کەم بکرێتەوە. هەم دەمانەوێ لە دژی حوکوومەتە بۆرژواییەکان شۆڕش بکەین و هەم بیمەی بێکاریمان دەوێ. بۆ ئێمە بەرابەری مافی ژن و پیاو گرنگە، جیایی ئایین لە دەوڵەت گرنگە، فێربوونی خوێندەواری گرنگە، دەواودەرمان گرنگە، ئازادیی بەیان و مافی فەردی گرنگە، چونکە پێویستی ئەمانەمان لە کتێب دەرنەکێشاوە، بەڵکوو لە ژیانی هەموو ڕۆژەماندا وەك چینێك هەستمان پێ کردووە. ئەمە ئەو لایەنەی مارکسیزمە کە چەپی ڕادیکاڵی غەیرە کرێکاری قازانجێکی لە تێگەیشتنیدا نەبووە. بە قەولی مارکس، خەسڵەتێکی تایبەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوەیە کە بۆ "بردنە پێشەوەی گشت بزووتنەوەی چینایەتی" لە هەموو قۆناغ و ساتەکاندا هەوڵ دەدا.

لە زەمینەی تیۆری ڕێکخستن، پەیوەندیی نێوان حیزب و چینی کرێکار، خەسڵەتەکانی حیزبی چینایەتی، پایە گشتییەکانی تاکتیك، تێگەیشتن سەبارەت بە ئینتەرناسیۆنالیزم و شتی تریش، زۆر جیاوازیی بنچینەییمان

لەگەڵ مەیلە جۆراوجۆرەکانی سۆسیالیزمی تا ئێستادا هەیە. کاتێک گشت ئەمانەش دەخەینە لاوە، دەبینین کە چۆن هەر جۆرە هەستکردنێک بە نزیکایەتی چەپی ڕادیکاڵ لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاریدا گومڕاکەرە. بەڵام ئەوەی کە گرنگە بەتایبەتی لەمڕۆدا ئەوەیە، بە نەمانی سۆسیالیزمی بۆرژوایی، زەمینەیەکی لەبار بۆ خستنەڕووی ڕاستەوخۆ و ئیسپاتی مارکسیزم هاتۆتە کایەوە. من پێم وایە ئەمە بۆخۆی تا ڕادەیەکی زۆر کاری ئێمە بۆ "سەرلەنوێ ناساندنەوە"ی مارکسیزم لە ڕێگای گەڕانەوەیەکی ئیسپاتی بۆ پەیکەری خودی ئەم تیۆرییە ئاسان دەکات. (ئەم پەرەگرافە لە وەرگێڕاوە کوردییەکەدا نەبوو، لە دەقە فارسییەکەوە وەرمان گرتووە/ سالار(

**بسووی سۆسیالیسم** :ئیجازە بدە با هێندێك بگەڕێینەوە سەر ئەو خاڵەی پێشوو کە سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری و ڕیفۆرم باست کرد. بە بڕوای من لێرەدا لانی کەم لە چاوپێکەوتنی یەکەمدا ناکۆکییەك بەرچاو دەکەوێ. لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا، هەروەها هەڵبەت لە سیمینارەکەشتدا سەبارەت بەم مەسەلەیە، بە بارێکی مەنفییەوە باسی دیموکراسی و ناسیۆنالیزم و ڕیفۆرمیزمت کرد. ئەمانەت بە ڕەوتگەلێک لەبەرانبەر کۆمۆنیزمی کرێکاری دانا و لە لایەکی تریشەوە جەخت دەکەیتە سەر گرنگی خەبات بۆ پێکهێنانی ڕیفۆرم. ئەمانە چۆن پێکەوە ڕێك دەخەی؟ ئایا یەکێکیان پێویستی بە دوورکەوتنەوە لە بزووتنەوە دیموکراتیك و ڕیفۆرمخوازەکان و ئەوەی تریان پێویستی بە لێنزیکبوونەوەیان نییە؟

**مەنسوور حیکمەت** :ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە. پێم وایە ئەم ناکۆکییە لەو بۆچوونەی چەپی ڕادیکاڵی تا ئێستادایە کە سەبارەت بە مەسەلەی ڕیفۆرم لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا بوویەتی. ئەگەر قەبووڵ بکا ڕیفۆرم باشە، ئەو کاتە خۆی ناچار دەبێ کە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی، کە گوایە خاوەن ئیمتییازی خەبات بۆ ڕیفۆرمە، بگرێتە باوەش، ئەگەریش بیەوێ دوورەپەرێزی لێ بکا، ئەگەر بیەوێ لە مەیدانی سیاسیدا هێزێکی سەربەخۆ بێ، ئەوجار دەبێ ڕیفۆرم وەلانێ و ببێتە ڕەوتێکی ماخولیایی و لاکەوتەی کۆمەڵ و بێکاریگەر لەسەر بار و دۆخی بابەتی. پرسیارێکی تر هەیە ئەوەیە، کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری چ نوقسانییەکی زگماکی هەیە، کە لە ڕوانگەی ئەمانەوە ناتوانێ خۆی ئاڵای ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیش بەرزکاتەوە؟ (لە حاڵێکدا کە واقیعییەت ڕێك بە پێچەوانەی ئەم خەیاڵەی سەلماندووە). هەر وەك باسم کرد باشترکردنی بار و دۆخی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی لە چوارچێوەی هەر ئەم نیزامە مەوجوودەدا کارێکی هەمیشەیی کرێکار و سۆسیالیزمی کرێکارییە. ئەوە پێشمەرزی وجوودی سۆسیالیزمی کرێکارییە وەك ڕەوتێکی شۆڕشی کرێکاری. بۆچی بەدەستەوەگرتنی ئاڵای لابردنی ستەمی میللی دەبێ کرێکار لە ناسیۆنالیزم، وەك مەسەلەیەك و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەشێك لە بۆرژوازی، نزیك بکاتەوە؟ بۆچی داخوازیی پەرەپێدان و بەرینکردنەوەی مافە سیاسییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵی مەوجووددا، دەبێ کرێکار بەشوێن دیموکراسی بۆرژوایی، وەك بزووتنەوەیەکی خاوەن سەروبەرە و خاوەن ئاڵای چینی حاکم بخات.
بە بڕوای من، تا ئەو جێگایەی خەریکین لە ئاستی تیۆریدا قسەی لێ دەکەین، کێشە لەو ڕوانگە غەیرە ماددی و غەیرە مێژووییەی چەپی ڕادیکاڵدایە کە سەبارەت بە کۆمەڵ هەیەتی. چەپ لە بیری دەچێتەوە کە بیروباوەڕی زاڵ لەنێو کۆمەڵدا و ئەو پرانسیپانەی کە بە ڕواڵەت لە خودی بەشەرەوە سەرچاوەیان گرتووە، بیر و بۆچوون و پرانسیپەکانی چینی دەسەڵاتداران، ئەمانە شکڵ و شێوەیەکی تایبەت و دیاریکراون کە بۆرژوازی ئامانجە مرۆییەکانی لە قاڵبی ئەمانەدا خستووەتە بەرچاو. ئازادی دیاردەیەکە و ئامانجێکە، بەڵام دیموکراسی بزووتنەوەی بۆرژوازییە بۆ ئازادی و لەسەر بنچینەی ڕوانگەی بەرتەسکی بۆرژوا سەبارەت بە ئازادی دانراوە. دیموکراسی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە، بە تەفسیرێکی تایبەتەوە سەبارەت بە مرۆڤ، سەبارەت بە کۆمەڵ و ئەو پەیوەندییانەی کە دەبێ تێیدا دامەزرابێ. دیموکراسی ناوێک نییە بۆ ئازادیخوازی بە شێوەیەکی گشتی، بەڵکوو ڕیوایەتێکی تایبەتە لە ئازادیخوازی کە بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵ، بۆرژوازی، بەدەستەوەی داوە. کرێکار ئازادی دەوێ. بەڵام بۆچی دەبێ ڕیوایەتی بۆرژوازی لە ئازادی قبووڵ بکا و بۆ بەدەستهێنانی ئازادی بە بزووتنەوەی بۆرژوازییەوە پەیوەست بێ. دیموکراسی حاڵەتێکی تایبەتی لە سۆسیالیزم نییە. وێنایەکی دوو ڕەهەندی و سیاسی لە ئامانجە سێ ڕەهەندی و کۆمەڵایەتی_ ئابوورییەکانی کرێکار نییە. حاڵەتێکی گشتیی کۆمەڵایەتییە، بە پێشمەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیەوە. دیموکراسی وەك دەستەواژەیەک دەبێ لە کتێبی فەرهەنگی سیاسیدا بدۆزرێتەوە. بەڵام وەك بزووتنەوەیەك، ناوەڕۆکی دیموکراسی ئیتر هەر نەك سیاسەت، بەڵکوو مرۆڤ و کۆمەڵی

مرۆییە بە گشتی و بە هەموو لایەنە ئابووری، سیاسی، حوقووقی، ئیداری و ئەخلاقی و شتەکانی تریەوە.
ئەگەر دیموکراسی وەك بزووتنەوەیەك خۆی لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵدا قەتیس دەکا و ڕواڵەتی بزووتنەوەیەك بۆ بەدەستهێنانی ڕیفۆرمی سیاسی و ئیداری بەخۆ دەگرێ، لەبەر ئەوەیە کە مەوقیعییەتی ئابووری و کۆمەڵایەتیی مەوجوودی بەفەرز گرتووە و دەیهێڵێتەوە. دیموکراسیش وەك بزووتنەوەیەك، ڕێك وەك سۆسیالیزمی کرێکاری، نەك هەر سەبارەت بە سیاسەت و مافی سیاسیی فەرد، بەڵکوو سەبارەت بە سەرجەم کۆمەڵ و هەموو لایەنەکانی حوکم دەکات. بەم جۆرە سۆسیالیزمی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەک و دیموکراسی وەک بزووتنەوەیەك یەکتری تەواو ناکەن، بەڵکوو لەگەڵ یەکتر لە کێشەدان. گەشە و هەڵدانی سۆسیالیزمی کرێکاری بێگومان بە مانای داکوژانی دیموکراسی، ناسیۆنالیزم و ئەوانەی ترە وەك بزووتنەوەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی.
دیموکراسی وەك ئامانجێك، تەسویرکردن و ڕاگەیاندنێکی تایبەتە لە ئازادی بە شێوەیەکی گشتی. ئەمە شێوەیەکی تایبەتە کە چینێکی دیاریکراو، بۆرژوازی، لە ڕەوتی مێژوودا بەم شێوەیە قسەی لە ئازادی کردووە. مارکسیزمیش بە زمانی <u>خۆی</u> قسە لە ئازادی دەکا. لێکدانەوەی مارکسیستی لە ئازادیی مرۆڤ و پەیوەندیی نێوان تاك و کۆمەڵ ڕەخنەیەکی توند و تیژتریشە لە دیموکراسی. مارکس لە مرۆڤەوە دەست پێ دەکا، نەك لە کەمایەتی و زۆرایەتییەوە. لە ڕاستیدا تەنیا ڕێگایەک کە بۆرژوازی بۆ سازان لەگەڵ ئامانجی مرۆڤ و بەرابەریی مرۆڤەکان هەیەتی هەر ئەوەیە. یانی پتەوکردنەوەی مەوقیعییەتی نابەرابەرییان لە بەرهەمهێناندا و پێکهێنانی ڕواڵەتێك لە بەرابەریی درۆیینەی حوقووقی لەنێو تاکەکاندا. دیموکراسی لە مرۆڤەوە وەك مەوجوودییەتێکی بەفەرزگیراو، موعتەبەر و پیرۆز، دەست پێ ناکا، بەڵکوو لە تاکەوە وەك یەکەیەک کە دەبژێردرێ، بۆی دەچێ. مرۆڤ لە دیموکراسیدا تا ڕادەی ڕەئی دەکێشرێتە خوارەوە. دیموکراتەکانی ئێمە ئەمڕۆ لەبیر خۆیانی دەبەنەوە کە بە فەرمیناسرانی کرێکار و ژن و کۆچەر و سوورپێست و ڕەشپێست وەك کەسانێك کە دەبژێردرێن، وە ئەوەی کە دیموکراسی ئەمانەشی گرتووەتەبەر خۆی بەرهەمی دەیان ساڵ خەباتی نادیموکراتیکی مرۆڤەکان بووە لە دژی دیموکراسییەکانی مەوجوود، کە تازە زۆربەی هەرە زۆری ئەم دیموکراسییانەی کە قیبلەی ئەمانەیە، هێشتا کاری پێ نەکراوە. بۆ نموونە تازە دیموکراتەکانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات، لەبیریان چووەتەوە کە خۆیان لە لانکی دیموکراسیدا وەك کۆچەر چکۆلەترین مافێکیان بۆ ڕەئیدان لە هەمان هەڵبژاردنی چەند ساڵ جارێکی نێوان میتێرانەکان و لوپەنەکان و تاتچرەکان و کیناکەکاندا نییە. تازە گومانم لەوەدا نییە کە زۆربەیان لە ئێرانی دیموکراتیکیاندا مافێکی ئاوا نادەن بە کۆچەرە ئەفغانییەکان. ئەمانە لەبیر خۆیانی دەبەنەوە کە ڕەئییەك، یانی مرۆڤێك بۆ دیموکراسیش هەر بەقەد ئیستیبدادیترین و ملهوڕترین نیزامەکان بێ بایەخ و بێ کاریگەرییە و ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە مرۆڤ وەک مرۆڤ، بایەخێکی بۆ دیموکراسی نییە. ئەمانە لەبیر خۆیانی دەبەنەوە کە بۆرژوازی لە هەر کوێ مافی مرۆڤ بە مانای واقیعی وشە، وە مەسەلەی بەرابەری مرۆڤەکان، بە شێوەی واقیعی هێنرابێتە گۆڕ، چۆن هەر لەو مانایەی دموکراسی و ڕەئییە کەڵکی وەرگرتووە و لە دژی ئازادی و ئازادیخوازی بەکاری هێناوە. ئەمانە لەبیر خۆیانی دەبەنەوە کە دیموکراسی لە هەر سات و کاتێکدا سەنگ و سووکی نێوان هێزەکانە، کە لەنێوان مرۆڤ و کۆمەڵی دژی مرۆیی بۆرژوازیدا دامەزراوە. من ئێستا بەسەر باسی سەرەکی مارکسیزمدا سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ئازادیی سیاسی و مافی فەردی لەگەڵ ژێرخانی ئابووری و پێویستیی گۆڕینی ئابووریی کۆمەڵ بۆ بەدیهاتنی ئازادیی مرۆڤەکان تێدەپەڕم، چونکە پێم وایە هەموو مارکسیستێك ئەمەی لەبەرە.
بە هەر حاڵ، ئێمەی کۆمۆنیست بۆ ئازادیخوازیبوون پێویستییەکمان بە سازان لەگەڵ دیموکراسی و دەرسوەرگرتن لە دیموکراسی نییە. ئێمە لە هەڵوێستی ئازادی و بەرابەری مرۆڤەکانەوە ڕەخنە لە دیموکراسی دەگرین. بۆ ئێمە مرۆڤ ئەسڵ و بنەڕەتە. ناوی ئازادیخوازیی ئێمە، ناوی باوەڕمان بە مافی تێکڕا و فەردیی مرۆڤەکان، وە ئاڵای خەباتی ئێمە بۆ دامەزراندنی ئازادی و بەرابەری، <u>سۆسیالیزمە</u> .ئێمە داکۆکی لە مافی مرۆڤ، نەک هەر لە لایەنە حوقووقی و سیاسییەکەیدا، بەڵکوو لە بنەڕەتیترین لایەنە ئابوورییەکاندا دەکەین، چونکە <u>سۆسیالیستین</u> .وە ئەمە ئەسڵێکی پرانسیپی ئێمەیە، تەنانەت ئەگەر بۆرژوازی لە هەموو خەڵکی دنیاش، لە دژی ئەم مافانە ڕەئی وەرگرێ.
ناسیۆنالیزم مەسەلەکەی لەوەش ڕۆشنترە، چونکە ئەمەیان تەنانەت وشەیەکی کورتکراوە، یان ڕیوایەتێکی نیوە و نیوەچڵی یەکێک لە ئامانجە حەقخوازانە و بەرابەریخوازانەکانی مرۆڤیش نییە. بڕوانن بزانن

ناسیۆنالیزم چ پەیامێکی بۆ خەڵکی بێبەشی جیهان هەیە. هەموو ناوەڕۆکی ناسیۆنالیزم پشتیوانیکردن لە چینی دەسەڵاتداری نێوخۆیە. لە چەوساندنەوەکەیدا، لە شەڕەکەیدا، لە برەودان بە خورافاتەکەیدا، لە پێشێلکردنی مافە مرۆییەکاندا. ناسیۆنالیزم وەك بزووتنەوەیەکی سیاسی، هۆیەکە بۆ دیاریکردنی تەکلیفی نێوخۆی بۆرژوازی لە ئاستی جیهانیدا و کێشمەکێشی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چینە لەسەر بەشوەرگرتن لە ڕەوتی کەڵەکەی سەرمایەدا. ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیی فەرمیی ئیمپریالیزم بووە. ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی لە وڵاتانی ژێردەستەدا، یان لەنێو میللەتانی ژێردەستەدا، لە دەورەیەکی کورتی مێژوودا کەوتووەتە بەرانبەرکێ لەگەڵ هێندێک لایەنی ئیمپریالیزم، بووەتە هۆی ئەوەی چەپی غەیرە کرێکاری کە خۆی مایەی لە ناسیۆنالیزم وەرگرتووە، حیساب و کیتابێکی تایبەت بۆ ناسیۆنالیزم بکاتەوە و پاکانەی بۆ بکا. بەڵام کرێکاری کۆمۆنیست و مارکسیزم، سەروسیمای بۆرژوازی لە ناسیۆنالیزمدا دەبینێ، نەك هیچ شتێکی تر. بە بڕوای من ناسیۆنالیزم وەك فیکر و مەیلێک، بەشێک لە خورافاتی دەورانی تێنەگەیشتوویی مرۆڤە کە دەبێ کۆتایی پێ بهێنرێ. لە باری فیکرییەوە ناسیۆنالیزم یانی، دابڕانی مرۆڤەکان لە خەسڵەتە هاوبەشە مرۆیی و جیهانییەکانیان. ناسیۆنالیزم ناکۆکی لەگەڵ ئەسڵی ئەساڵەتی مرۆڤ هەیە. بەرهەمی کۆمەڵایەتیی ناسیۆنالیزم بە هەر حاڵ پارچە پارچەبوونی چینی کرێکار و کز و لاوازبوونی ئۆردووی شۆڕشی کرێکارییە. کرێکارێک کە لە جیاتی ئەوەی وەك مرۆڤ و کرێکار باسی خۆی بکا، خۆی بە بەریتانی، تامیلی، هیندی، یان ئێرانی و شتی تر دەزانێ، هەر ئێستا ملی بۆ قەبووڵکردنی کۆیلەتی و بێمافی کەچ کردووە. هەستی ناسیۆنالیستی بە بڕوای من هەستێکی بە ڕاستی پڕ لە شەرم و شوورەییە و نەک هەر بە هیچ جۆرێک لەگەڵ سۆسیالیزمی کرێکاری یەک ناگرێتەوە، بەڵکوو لە بنچینەدا لەگەڵ هیچ جۆرە گەشە و هەڵدانێکی مەعنەویی مرۆڤ نایەتەوە.

ڕێفۆرمیزم لە ڕواڵەتدا ڕەوتێکە کە دەتوانێ نیشانی بدات، باری ماددی باشتر دەکا. هەر هیچ نەبێ ڕۆژکار لە ١٤ سەعاتەوە داشکاوەتە سەر ١٠ سەعات و ٨ سەعات، هەر هیچ نەبێ شتێک بەناوی بیمەی بێکاری لە هێندێک شوێن پەسەند کراوە. هیچ نەبێ خەریکن ژمارەیەك لە منداڵەکانمان ڤاکسین (تەلقیح) دەکەن و شتی تر. من ئەمانە بە ئیمتییازێک بۆ بزووتنەوە ڕێفۆرمیستییەکان نازانم. دانەدانەی ئەم ڕێفۆرمانەم بەگیان و دڵەوە دەوێ، بەڵام ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتییەی کە لە بارەگای بۆرژوازی بۆ مرۆڤ دەپاڕێتەوە و بەڵێن دەدا، کە دەست لە بناغەی کۆمەڵی مەوجوود نەدا و بنچینەی ئەم نیزامە دادەپۆشێ و بە باشی لە قەڵەم دەدا، تا هێندێک ئیمتییازی ورد لە بۆرژوازی وەرگرێ، بزووتنەوەی کرێکاریی ئاخری سەدەی بیستەم نییە. ڕێفۆرمیزم ئاسۆی خەباتی کرێکاری بۆ ئاڵوگۆڕپێدانی کۆمەڵ لێڵ و بەرتەسك دەکاتەوە. ڕێفۆرمی تا ئێستا، بەرهەمی خەبات و گوشاری شۆڕشگێڕانەی کرێکار و جەماوەری بێبەش و بێمافی کۆمەڵە. ڕێفۆرمیزم ئەم خەباتە و ئەم گوشارە بەربەست دەکا. سۆسیالیزمی کرێکاری خۆی ڕاستەوخۆ و بەبێ پێویستیی بە هیچ واسیتەیەك دەتوانێ بۆ داسەپاندنی ڕێفۆرم بەسەر بۆرژوازیدا خەبات بکا. بەڵام بۆ ئێمە ئەم ڕێفۆرمە تەنیا گۆشەیەکی ئەو شتەیە کە بزووتنەوەی ئێمە دەتوانێ بیهێنێتە دی. ئەگەر بەدەست ئێمە بووایە، ئەگەر بەدەست کرێکار و سۆسیالیزمی کرێکاری بووایە، هەر چەند دەقیقەیەک منداڵێک لە سوودان و بەنگلادیش و لە زاخەکانی پایتەختەکانی دیموکراسی و ڕێفۆرمدا لە بێ نانی و بێ دەرمانی نە دەمرد. ئەگەر بەدەست ئێمە بووایە خۆراک و پۆشاک و خانوو و خوێندن و چاودێریی تەندروستی و ئاساییشیی ئابووری وەک ئەو هەوایەی کە بە هەناسە هەڵی دەمژین بە خۆڕایی و لەبەردەستی هەمووان دەبوو. ئەگەر بەدەست ئێمە بووایە لێهاتوویی داهێنەرانەی تاکتاکی مرۆڤەکان، نەك هەر زیندوو دەمانەوە، بەڵکوو دەبووە قانوونی ئەساسیی کۆمەڵ. ئەمانە هەموویان هەر ئەمڕۆ دەکرێن. نابێ لەم بارەیەوە هیچ ناڕۆشنییەکمان هەبێ. هێزی بەرهەمهێنانی بەشەر ئەمڕۆ گەیشتووەتە ڕادەیەک کە ئیدی ناکرێ مانەوەی مەینەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بە هیچ شتێکی دیکە جگە لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ئارادان ببەسترێنەوە. ڕێفۆرمیزم هەر ئەوەمان لێ دەشارێتەوە. چاوەڕوانیی مرۆڤ بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ کەم دەکاتەوە و ناڕەزایەتی دادەمرکێنێ.

سۆسیالیزمی کرێکاری لە هەوڵدانیدا بۆ ئازادیی سیاسی و ڕێفۆرمی کۆمەڵایەتی، بزووتنەوەیەکە کە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە. خەباتی ئێمە بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، شۆڕشی کرێکاری، نابێتە هۆی ئەوەی، کە بزووتنەوەی ئێمە مەیدانی خەبات بۆ باشتربوونی بەردەوامی هەلومەرج بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی چینەکانی تر بسپێرێ. لەو مەیدانەشدا، یانی لە مەیدانی خەبات بۆ باشتربوونی

هەلومەرجی سیاسی و ئابووریی خەڵکدا، سۆسیالیزمی کرێکاری بانگەشەکەر و ئاڵتێرناتیڤێکی سەربەخۆیە.
بەم مانایەیە کە من سۆسیالیزمی کرێکاری نەك هەر لەگەڵ کۆمەڵی بۆرژوایی، بەڵکوو لەگەڵ ڕەخنەگرە بۆرژواکانی کۆمەڵی بۆرژوایی و لەگەڵ بزووتنەوە غەیرە کرێکارییەکان کە بۆ پێکهێنانی شەرت و مەرج و ڕێفۆرمکردنی کۆمەڵی بۆرژوایی بەڕێ کەوتوون لە کێشەدا دەبینم. ڕێك لەبەرئەوەی باشتربوونی بار و دۆخی سیاسی و ئابووریمان بە لاوە گرنگە، ناتوانین مەیدانی خەبات بو ئەم مەبەستە بسپێرینە دەست ئەو بزووتنەوانە کە بەڵێنی سەروگوێکراوترین و بێ ناوەڕۆکترین ئاڵوگۆڕ دەدەن. وە تازە بەم کارەیان تەواوی سیستەمی مەوجوود لەژێر ڕەخنەی پراتیکیی چینی کرێکار دەرباز دەکەن و دەیهێڵنەوە.
ئایا ئەمە بە مانای بەرخوردی دوژمنانە یان کەنارەگیرانە لە هەمبەر جووڵانەوە غەیرە کرێکارییەکانە کە بۆ ڕێفۆرم هەوڵ دەدەن؟ نەخێر، هەرگیز. ناکرێ بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ خەبات بکەی و چنگ و ددان نیشانی ئەوانە بدەی کە بە هەر بەرژەوەندییەکەوە هەمان ئاڵوگۆڕ، یان بەشێکی ئەو ئاڵوگۆڕەیان دەوێ. باسی من لێرەدا لەسەر پەیوەندی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی هەرکامیان لەگەڵ خەڵک و بە تایبەت لەگەڵ چینی کرێکارە. جیاوازیی بنەڕەتی سۆسیالیزمی کرێکاری لەگەڵ مەیلە ڕێفۆرمخوازە غەیرە کرێکارییەکان دەبێ لە هەوڵ و تێکۆشانی ئێمەدا بۆ کەمکردنەوەی نفووزیان و زاڵ نەبوونی ئاسۆیان بەسەر تەواوی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕینی ئەم وەزعە خۆی نیشان بدا. ئەمە ئیتر پەیڕەوی لە هێزی سۆسیالیزمی کرێکاری دەکا کە وەك ئاڵتێرناتیڤێکی واقیعی لە مەیدانی عەمەلیی سیاسیدا دەور و نەخشی خۆی بگێڕێ. خەبات بۆ لابردنی ستەمی میللی، دەبێ بەهێز بکرێ و لە هەمان کاتیشدا ئاسۆی ناسیۆنالیستی و هێزی کۆمەڵایەتیی ناسیۆنالیزم دەبێ کز و لاواز بکرێ. خەبات بۆ ئازادیی سیاسی دەبێ بەرینتر بکرێتەوە، بەبێ ئەوەی خۆشباوەڕی بەرانبەر بە کۆماریخوازی و پەرلەمانتاریزمی بۆرژوایی پەرەبسێنێ. کۆمۆنیزم دەتوانێ لە سەرووی بزووتنەوە بۆ ڕێفۆرم و لابردنی ستەمی میللیدا بێ، هێزێکی هەڵسووڕاوی خەبات بۆ باشترکردنی وەزعی ڕۆژانەی کرێکاران بێ، ئەم بزووتنەوانە بە گشتی بەرەوپێش بەرێ، بەبێ ئەوەی ئیمتیاز بدا بە ڕێفۆرمیزم و ناسیۆنالیزم و مەیدانی گەشە و هەڵدانیان پێ بدا.

بسووی سۆسیالیسم :باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری چ پەیوەندییەکی دیاریکراوی لەگەڵ چەپی ئێراندا هەیە. مەبەستم ئەوەیە تا چ ڕادەیەک ڕوانگە و هەڵوێستەکانی ئەمڕۆتان لەدرێژەی گۆڕانکارییەکانی چەپی ئێراندا دەزانن و چ پەیوەندییەك لەنێوان ئەم باسە و جێگاوشوێنی چەپی ڕادیکاڵی ئێرانی دە ساڵ پاش شۆڕشی ٧٩ دادەمەزرێنن؟
مەنسوور حیکمەت :بە بڕوای من دەبێ دوو باس لێکجیا بکرێنەوە. یەکەم، پەیوەندیی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەك سیستەمێکی فیکری و ڕەخنەگرانە لەگەڵ گەشەی فیکری و سیاسیی چەپی ئێران و دووەم، لە ئاستێکی تایبەتیتردا، ڕەوتێکی دیاریکراو کە ئێمەی وەك کەسانێکی دیاریکراو بەم ڕوانگەیە گەیاندووە.
بۆئەوەی کۆمونیزمی کرێکاری وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ببینین و وەک سیستەمێکی فیکری و سیاسی بیناسین، هیچ پێویست ناکات هەڵگەڕێینەوە سەر چەپی ئێران و گۆڕانکارییەکانی. هیچ شتێکی تایبەتیی ئێرانی لەم باسەدا نییە. باسی من ئەوەیە کە سۆسیالیزمی کرێکاری ڕەوتێکی بابەتی و ماددی نێو کۆمەڵی سەرمایەدارییە و لە باری تیۆرییەوە ئاڵاکەی مارکسیزمە. لە باری شیکارییەوە باسی ئەمڕۆی ئێمە سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری بە هیچ جۆرێک ئەنجامگیرییەك لە چەپی ئێران، یان تەنانەت خەباتی چینایەتی لە ئێران نییە، چ بگا بە گۆڕانکارییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. بەڵکوو ڕوانگە و هەڵسەنگاندنێکی گشتیی کۆمۆنیستییە لە جێگاوشوێنی بزووتنەوەی چینایەتی و لە چارەنووسی سۆسیالیزم وەك تیۆرییەک و پراتیکێکی کۆمەڵایەتی. بەڵام ئاشکرایە من وەک کەسێک و مەیلی ئێمە وەك کۆمەڵێك لە ئەفراد، لەجەرگەی ئەزموونێکی سیاسیی دیاریکراودا بەم ڕوانگە و لێکدانەوەیە گەیشتووین. ئێمە هەڵسووڕاوانی نەوەی ئەم دواییەی کۆمۆنیزمین لە ئێران، لە شکڵپێدانی فیکر و کردەوەی سیاسیی بزووتنەوەی سۆسیالیستی سەردەمی خۆمان لەم وڵاتە دیاریکراوە دەور و نەخشمان بووە، تەبلیغمان کردووە، سازمانمان پێداوە، هێندێک سنوورکێشان و یەکگرتووییمان لەنێو چەپی ڕادیکاڵدا پێک هێناوە. جەمعبەندی ئەمڕۆی ئێمە، هەرچەندێکیش پێکهاتەی گشتیی دابێتە دەست، بە هەر حاڵ تا ئەو جێگایەی کە ئێمە لە گۆڕانکارییە فیکرییەکانی ئەم کەسانە قسە دەکەین، لەدرێژەی مێژوویی ئەزموونی سیاسیماندایە.

بەڵام هەر ئەم ئەزموونە سیاسییەش نابێ تەنیا بە ئەزموونێکی ناوچەیی و خۆوڵاتی دابنرێ. ئەگەر کردەوەی سیاسی ئەم تاکانە بە گشتی لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی سیاسیی دیاریکراودا ئەنجام دراوە، وەک کۆمۆنیست و سۆسیالیست کاریگەرییان لە کۆسپ و موشاهەداتێکی بەرینتر و جیهانیتر وەرگرتووە و وەڵامیان داوەتەوە. بە بڕوای من ئەمە نەك هەر لە بارەی ئێمە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، بەڵکوو لە بارەی هەموو هەڵسووڕاوانی چەپی ئێران، تەنانەت ئەوانەی وێنایەکی زۆر خۆوڵاتیتر، ناوچەیی و بەرتەسکیان لە خۆیان و سیمای سیاسیی خۆیان هەیە، هەر وایە.
بە بڕوای من دە ساڵ پاش شۆڕشی ٧٩ پیاچوونەوەیەکی بنەڕەتی بۆ چەپی ئێران چارهەڵنەگرە و چەپ بۆی ناکرێ خۆی لێ لابدا. چەپی ئێران ناپەیوەستەگی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا تاقی کردەوە، شایەدی ئەوە بوو کە هەموو ڕادیکاڵیزمە خەڵکی و ڕێفۆرمخوازانەکەی ڕەخنەی لێگیرا و بووە دووکەڵ و بە بادا چوو، بە چاوی خۆی دیتی ئەو بینا فیکری و عەمەلییەی کە بە ڕواڵەت بۆ خەباتێکی قارەمانانە لە دژی ملهوڕیی پاشایەتی کافی بوو، توانای وەڵامدانەوە بە سەرەتاییترین مەسەلەکانی خەباتی سیاسی و کۆکردنەوەی لانی کەمی هێز و یەکگرتوویی بۆ هەر جۆرە نارەزایەتییەکی کۆمەڵایەتی و تەنانەت هەر جۆرە خۆنیشاندانێکی فیرقەیی لەدەست داوە. ئەم ئەزموونە، بە تایبەت بۆ قوربانییەکانی، بێگومان مەیلێک بەرەو تێڕوانینەوە و تێفیکرینەوەی سەرلەنوێ پێک دێنێ. بەڵام ئەوەی کە خەسڵەتی ئەمڕۆی بەو ئاوڕدانەوەیە داوە و ئەنجامەکانی ئەمڕۆی پێ بەخشیوە، ئیتر بار و دۆخی سۆسیالیزمە لە ڕادەیەکی جیهانیدا. ڕاستییەکەی پێم وایە، خودی ئەزموونی بابەتی شۆڕشی ٧٩، زاڵبوونی کۆنەپەرستیی بۆرژوا_ ئیسلامی و کابووسێك کە ئێستاش خەڵکی ئێرانی تێدایە، ئەنجامی هەلومەرجێکی جیهانی بوو، وە بە تایبەت لە ئاستی جیهانیدا، مۆری قەیرانی سۆسیالیزمی بۆرژوایی و هەر جۆرە ڕادیکالیزمێکی غەیرە کرێکاری پێوە بوو. ڕووداوەکانی چین وسۆڤێت و شکستی مسۆگەری سۆسیالیزمی بۆرژوایی بەرانبەر بە هێرشی مەیلی ڕاست لەنێوخۆی بۆرژوازیدا، لە ڕادەیەکی جیهانیدا چەپی ڕادیکاڵی ئێران ناچار دەکا کە لە ئاستی جیهانیدا و بە هەڵگەڕانەوە بۆسەر تەواوی مەوقیعییەتی سۆسیالیزم و ڕادیکاڵیزم دووبارە تێبفکرێتەوە و تەنانەت لە چوارچێوەیەکی جیهانیدا فیکر لە ئەزموونە ئێرانییەکەی بکاتەوە. ئەمڕۆ بەشی زۆری ئەم کارە کراوە. ئەنجامەکانی ئەم کۆبەندییە خۆی لە ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییە جیددییە فیکری و سازمانییەکانی چەپی ئێراندا نیشان دەدا. بەشێکی بەرینی هەڵسووڕاوانی چەپی ڕادیکاڵی پێشوو لە ئەنجامی ئەم بار و دۆخەدا بەرەو ڕاست وەرچەرخاون. پۆپۆلیزم و ڕادیکاڵیزمی پێشووی خۆیان چەشتووە و بەوە گەیشتوون کە دیموکراسی و ناسیۆنالیزمەکەی کەم بووە. زۆریان توێکڵی ڕادیکاڵیزمەکەی پێشوویان شکاندووە و لەژێریدا خەریکن خۆیان وەك نیشتمانپەروەران و دیموکراتە ئێرانییەکان دەناسنەوە و بۆ ئەم خۆناسینەوەیەیان بە دەنگی بەرز جەژن دەگرن. ئەم ڕەوتە دەگاتە سۆسیال دیموکراسی و لیبرالیزمێکی نوێ کە پایەیەکی کۆمەڵایەتی بەرینی لەنێو بۆرژوازیی ئێرانیدا هەیە. ڕەوتێکی ئابووریساز و دژی کرێکار و بێزار لە هەر جۆرە شۆڕشێک. ڕەوتێک کە سەرەنجام دەیەوێ بۆرژوازی لەژێر سیبەری شا و بەرەی میللی و ئیسلام و حیزبی توودە بکێشێتە دەر و بیباتە نێو خەباتی چینایەتیی دنیای کۆتایی سەدەی بیستەمەوە.
کۆمۆنیزمی کرێکاریش بەرهەمی تێڕوانینەوەیەکە. ئەمەش جەمعبەندی ئێمەیە هەر لەم دەورەیە و لەم دنیایە. شۆڕشی ئێران بە بڕوای من سەرەڕای شکستە سیاسییەکەی، پێگەیشتوویی و کامڵبوونێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی زۆر گەورەی پێک هێنا. ئەنجامێکی ئەم شۆڕشە ئەمە بوو، کە قەڵەشت و درزی نێوان سیاسەت و ئابووری لە کۆمەڵی ئێراندا پڕ بووە. دەورانی زەبروزەنگی ئاریامیهری، لە لایەکەوە دەورانی گەشە و هەڵدانی سەرمایەداری و لە لایەکی ترەوە بەستەڵۆکی سەرخانی سیاسی بوو. شۆڕش قەید و بەندی لەسەر سیاسەت لابرد، بۆیە ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانە کە بە تایبەت لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا، لەمێژ بوو پێویست و بابەتی ببووەوە، لە ماوەیەکی کورتدا وەك فیلمێک کە دەوری خێرا کرابێتەوە، ڕووی دا. پەروەندەی ڕەوتە تەقلیدییە بۆرژواییەکان بە خێرایی کرایەوە و وێک نراوە. چەپی ڕادیکاڵ لە چریکی فیداییەوە، تا سۆسیالیزمی خەڵکیی چەشنی پەیکار، لە ماوەی یەک دوو ساڵدا هاتە مەیدان و درایە بەر ڕەخنەی کۆمەڵ و لە مەیدان چووە دەرەوە. هێزە چینایەتییە نوێکان کە زەبروزەنگ نەیهێشتبوو شکڵێکی سیاسیی ئاشکرا بەخۆ بگرن، بوونە مەیداندار. گرنگتر لە هەمووان، بزووتنەوەی کرێکاری و لەنێو ئەویشدا سۆسیالیزمی کرێکاریی ئێران بوو. ئەمە لە چەپی ئێراندا ئاڵوگۆڕی پێک هێنا. هەر ئەو واقیعییەتە کە دەوڵەتی بۆرژوایی لە ئێران ناچار دەکا بزووتنەوەی شوورا ئیسلامییەکان بەرێ بخا، چەپی ناسیۆنال

ڕێفۆرمیست و دژی ڕژێم و غەیرە کرێکاریی ئێرانی خستە ژێر گوشارەوە. جۆرێکی نوێ لە چەپی ڕادیکاڵ قەوارەی گرت، کە ڕێك ڕەنگدانەوەی گوشاری ئەو سۆسیالیزمە کرێکارییە بوو. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕێك بەرهەمی ئەم جێگاوڕێگایەیە.
بە بڕوای من هاتنەگۆڕی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە مانای کۆتایی پێهاتنی پێکەوەژیانی سۆسیالیزمی کرێکاری و ڕادیکاڵیزمی میللی و ڕێفۆرمخوازانەی ئۆپۆزیسیۆنی ناکرێکاری لە ئێران ڕادەگەیەنێ. باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕێك بە مانای جیاکردنەوەی چارەنووسی سۆسیالیزمی کرێکاریی ئێرانە لە چەپی ڕادیکاڵی ناکرێکاریی ئێران و لە مێژووی ئەم چەپە. بۆ ئەمە ئیتر پێویستە پایەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە ئێران دابنرێتەوە سەر مێژووی جیهانیی خۆی و مەوقیعییەتەکەی لە مەوقیعییەتی گشتیی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەرانبەر بە بۆرژوازی و بەرانبەر بە سۆسیالیزمی غەیرە کرێکاری، لە ڕادەیەکی جیهانیدا وەربگیرێ. بەم جۆرە تێڕوانینە و ئاوڕدانەوەی من لە ئەزموونەکانی دە ساڵی ڕابوردوو، وەك کەسێک منی بە زۆر ئەنجامی جیاواز گەیاندووە. چەپی ئێران و تەنانەت حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش دەبێ لە ڕوانگەی بزووتنەوەیەکی چینایەتی و بە ناچار لە میللی واوەتر و لە ڕوانگەی ئاڵایەکی جیهانی بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵدا چاوی لێ بکرێ. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بەرانبەر بەو سۆسیالیزمەی کە بەرەو تێداچوونە، بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستی دیکە بە ڕۆشنی ببینرێ کە بە تەواوی لەسەر بنچینەیەکی چینایەتیی دیکە و لەجەرگەی نارەزایەتیی کۆمەڵایەتیدایە، زیندووە و وەڵامی هەیە. من خۆم بە هەڵسووڕاوی ئەو بزووتنەوەیە دەزانم و جیا لەوەی کە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئێران ئەمڕۆ چۆن لە بارەی خۆیەوە بیر دەکاتەوە، جیا لەوەی کە بزووتنەوەی سەرمایەداری لە دنیادا چی بەسەر هاتووە، جیا لەوەی کە مارکسیزم لە ڕوانگەی ئەمانەوە چییە و چی نییە، وەك هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی نارەزایەتیی کۆمەڵایەتیی کرێکار دەبێ لە فیکری ڕێکخراوبوون و پەرەپێدانی ئەم بزووتنەوەیەدا بم. کەوابێ بە باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری، ئێمە لە تەواوی ئەم ئەزموونە، بە ئاڵای مارکسیزم و بەئەسڵدانانی نارەزایەتیی چینایەتییەوە هاتووینە دەر. ئەمە ڕێك بە پێچەوانەی حەرەکەتی گشتیی چەپی ڕادیکاڵی ئێرانە، کە کامڵبوونی سیاسیی خۆی بە ئاشکراکردنی بێباوەڕییەکەی بە هەردووک ئەمانە نیشان داوە.
بە بڕوای من کۆمۆنیزمی کرێکاری لە لایەکەوە و لیبراڵیزم و سۆسیال دیموکراسی نوێ لە لایەکی ترەوە، نەریتە خەباتگێڕ و مەیلە حیزبییە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە دەورەی داهاتوودا دەبن. هەموو حیزب و ڕەوتەکانی چەپی مەوجوود لەژێر کاریگەریی ئەم دوو ڕەوتە سەرەکییەدا شکڵ دەگرن و جەمسەربەندی دەکرێن. جا ئەو جار بە بڕوای من مەیدانی سیاسەت لە ئێراندا بە جۆرێك کە لەگەڵ واقعییەتە ئابوورییەکانی کۆمەڵ بێتەوە ئارایش دەدرێ. لەنێوان ئەم دوو ڕەوتەدا هەر جۆرە حیزبایەتییەك کە لەژێر ناوی چەپدا بکرێ، جگە لە هەڵبەز و دابەزی فیرقەیی نەوەی پێشووی هەڵسووڕاوانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هیچی تر نابێ و بە هیچ جۆرێک ناوەڕۆک و گرنگییەکی کۆمەڵایەتی جیدی بەدەست ناهێنێ.

**بسووی سۆسیالیسم :** بە ڕادەیەک کە ئێوە جەخت دەکەنە سەر خەسڵەتی چینایەتیی تایبەتی کۆمۆنیزم، یانی ئەم واقیعییەتە کە کۆمۆنیزم بزووتنەوەی نارەزایەتیی دژی سەرمایەداریی کرێکارە، بە هەمان ڕادەش ئەو ڕەخنە کۆنەی کە بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمۆنیستەکان دەگیرا بە شێوەیەکی زەقتر لە ئێوەش دەگیرێ، ئەویش ئەوەیە کە کرێکار لە باری ئابووری و چەندایەتییەوە چ سەنگێکی لە دنیای سەرمایەداری ئەمڕۆدا هەیە؟ دەڵێن بە گەشە و هەڵدانی تەکنیك، یان بە شۆڕشی تەکنیکی، ئیتر کرێکار لە باری چەندایەتییەوە ئەو هێزە نەماوە کە مارکس قسەی لێ دەکا. زۆربەی کۆمەڵ پێک ناهێنێ و ئاڵتێرناتیڤێکی کۆمۆنیستی بە بڕوای ئەمانە زەمینەی نامێنێ. ئەم لێکدانەوەیە بۆ نموونە لە ئەورووپا لەنێو حیزبە بە ناو کۆمۆنیستەکان، ئۆرۆکۆمۆنیستەکان، چەپی نوێ و ئەوانەی تردا تەقریبەن بووەتە لێکدانەوەیەکی گشتی. ئەم حیزبانە لانی کەم لە تیۆریدا بەرەو بەرینکردنەوە و جۆراوجۆرکردنی پایە کۆمەڵایەتییەکانیان چوون. ئەمە بە پێچەوانەی حەرەکەتێکە کە ئێوە دەیکەن. زۆر ئاسان ڕەنگە پێتان بڵێن، کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئێوە داهاتوویەکی ڕۆشنی نابێ، چونکە کرێکار وەك چینێک جێگاوشوێنی ئابووری و سەنگی خۆی لە باری چەندایەتییەوە وەك پێشوو نەماوە. لەم بارەیەوە چۆن بیر دەکەنەوە؟

**مەنسوور حیکمەت**:بە بڕوای من ئەمە ڕەخنەیەکی زۆر بە کەڵکە، چونکە دەرفەتی ئەوە پێک دێنێ کە جیاوازییەکان و سنووره جیددییەکانی ئێمە لەگەڵ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمێک کە تا هەنووکە لە ئارادان و لەگەڵ ئەم جۆرە چەپانە بە تەواوی ڕۆشن بێتەوە. ئەوەی کە لە بارەی چەندایەتی و ئابووری و سیاسییەوە کرێکار لە کۆمەڵی ئێستادا چ سەنگێکە و بۆ نموونە لەچاو کاتی بڵاوبوونەوەی کتێبی سەرمایە، یان ڕوودانی شۆڕشی ڕووسیا، یان لەدوای شەڕی جیهانیی دووەم و ڕووداوەکانی تر، چ فەرق و جیاوازییەکی کردووە، مەسەلەیەکی بابەتییە و دەکرێ ئەندازە بگیرێ و وەڵامی ئایدیۆلۆژیک هەڵناگرێ. ڕێك لەم هەڵوێستە بابەتییەوەیە کە پێم وایە کەسانێك کە نایانەوێ چوونە سەرێکی یەکجار زۆر لە چەندایەتیی کرێکاریی کرێگرتە لە جیهانی ئەمڕۆدا و لەچاو هەموو دەورەکانی پێشوو ببینن، بێگومان خەریکن لەپشت چاویلکەیەکی ئایدیۆلۆژیی دژی سۆسیالیستییەوە چاو لە دنیا دەکەن. کاتێک کە مارکس کتێبی سەرمایە دەنووسێ، سەرمایە وەك پەیوەندییەکی بەرهەمهێنان، وەك پەیوەندییەک لەسەر بنەمای کارکردنی کرێکاری کرێگرتە، لە چەند وڵاتێکی جیهان بەولاوە زاڵ نەبوو. زۆر لەو وڵاتانەی کە ئەمڕۆ ژمارە و هەلومەرجی کاری کرێکارەکانیان لە ئامارەکانی سازمانی جیهانیی کاردا دەنووسرێ، لەو دەورەیەدا ڕەنگە لەسەر نەخشەی سیاسی و ئابووریی جیهاندا هەر نەبووبن. لە هەموو دنیادا کاری کرێگرتە بۆ سەرمایە بووەتە شێوەی دابینکردنی گوزەرانی زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمهێنەران. لەپشت سەری ئەم ڕەخنانەوە، ئەورووپا تەوەرەیەکی بەرتەسك و هەوڵ و تەقالایەکی منداڵانە کە پاکانە بۆ سیاسەتی ڕێفۆرمیستی لە چوارچێوەی ئەورووپای ڕۆژئاوادا دەکا، خەوتووە. دەنا هەموو کەس دەتوانێ ئەڵمانیای ١٩٢٠ لەگەڵ کۆریا و تایوان و بەرازیل و ئەفریقای باشوور ...ی ئەمڕۆ پێکەوە هەڵسەنگێنێ، هیندستان و چینی ئەمڕۆ لەچاو ٥٠ ساڵ لەوەپێش چاولێ بکا و ئەنجامی ئاماریی خۆی بەدەست بێنێ. جگە لەوە، لە حاڵێکدا کە ئەمڕۆ هەر ڕۆژنامەیەك بە هەر زمانێك دەکەیتەوە، پڕە لە قسە و باسی بەرهەمهێنان و حەقدەست و کەڵەکەکردنی سەرمایە و پڕباربوونی کار و بەرانبەرکێی دەوڵەتەکان و ڕێکخراوە کرێکارییەکان، سەیرە کە باسی شۆڕش و بزووتنەوەی کرێکاری سەنعەتی و مۆدێرن لە پەنجا ساڵ پێش، چ بگات بە سەت و پەنجا ساڵ لەوەپێش، کەمتر برەوی هەبێ. ئەم ڕەخنانە گاڵتەجاڕییە. ئەمانە پاکانەی سۆسیالیزمی بۆرژواییە کە دەیەوێ بە خەیاڵی خۆی بۆ جیایی خۆی لە چینی کرێکار و ناڕەزایەتیی کرێکاری، بیانووی زانستی و "مارکسیست پەسەند" بێنێتەوە، یان بۆ ڕاگەیاندنی وەفاداریی خۆی بە پەرلەمان و خەباتی پەرلەمانتاریستی لە لای بۆرژوازی سوێندی تیۆریك بخوا. بە بڕوای من کرێکار هەرگیز وەك ئەمڕۆ لە مەیدانی ئابووری و سیاسیدا بەهێز نەبووە.

بەڵام ئامارەکان و بار و دۆخی بابەتیی چینی کرێکار هەرچییەک نیشان بدەن، وەڵامی ئێمە بەم ڕەخنەیە هەر یەکە. ڕاستییەکەی تەنانەت بۆ ئەوەی مەبەستەکەم ڕۆشنتر باس بکەم، پێم باشە جارێ قەبووڵ بکەم کە کرێکار لە کۆمەڵدا چینێکی کەمایەتییە و سەنگە ئابوورییەکەی کەم بووەتەوە. باشە مەبەست چییە؟ ئێمە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی کرێکاریین، ئێمە بۆ دامەزراندنی ئاڵتێرناتیڤی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کرێکار وەك چینێک خەبات دەکەین. کەسێک دەتوانێ لەسەر بنچینەی گوزارشی ئاماریی سەبارەت بە سەنگی چینەکان، بزووتنەوەکەی و کارەکەی بگۆڕێ کە لەم هەڵبژاردنەدا خۆی خاوەن ئیختیار بێ. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینێکە، جا ئەو چینە ٢٠ لە سەدی کۆمەڵ پێک بێنێ، یان ٥١ لە سەدی هیچ شتێک بۆ ئێمە ناگۆڕێ. جێگاوشوێنی کرێکار لە بەرهەمهێناندا ناگۆڕێ، بنچینەی ئابووریی کۆمەڵ ناگۆڕێ، ئاڵتێرناتیڤی ئەم چینە بۆ سازماندانی کۆمەڵی بەشەری ناگۆڕێ. کرێکار دیسانیش ناچارە بۆ ژیان و گوزەرانی هەموو ڕۆژەی، هێزی کارەکەی بفرۆشێ و هەر بۆیەش هێشتا هەر لە هەمان ڕوانگەوە چاو لە دنیا دەکا و هەر هەمان ڕێگاچارەی بۆ هەیە. کۆمۆنیزم تیۆرێك یان نوسخەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی نییە کە داخۆ مارکس گەڕابێ و لەنێو چینە جۆراوجۆرەکاندا چینی کرێکاری بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردبێ، تا ئەمڕۆ سۆسیالیستەکەی ئێمە بە خەیاڵی ئەوەی کە ژمارەی کرێکاران کەم بووەتەوە، یان ئیتر زۆرایەتی نین بۆ بەدیهێنانی بەدوای بەڕێوەبەرێکی تازەدا بگەڕێ، یان ئەسڵەن لە خێروبێری بگوزەرێ و بەشوێن ئەوەدا بگەڕێ کە ئێستا توێژەکانی زۆرایەتی کام نیزامیان دەوێ، تا ئەویش پێوەی پەیوەست بێ. سۆسیالیزم تاج نییە کە بکرێ لەسەر هەر توێژ و چینێک دابنرێ. مەسەلەی کرێکارە وەك چینێکی تایبەت. کۆمۆنیزم بزووتنەوەی کرێکارە بۆ نابوودکردنی سەرمایەداری، بۆ هەڵوەشاندنەوەی کاری کرێگرتە و لەناوبردنی چەوسانەوە و چینەکان.

مارکس لە هیچ شوێنێکدا ڕەوابوونی کۆمۆنیزمی لە ئیدەی زۆرایەتیبوونی کرێکار دەرنەکێشاوە. لە دەورەی خودی مارکسدا کە پرۆلیتاریا بە هیچ جۆرێک زۆرایەتی نەبوو. کۆمۆنیزم ڕەوابوونی کرێکار و پێویستیی شۆڕشی کرێکاری لە هیچ دەستەواژەیەکی وەك دیموکراسی و زۆرایەتیبوونی زەحمەتکێشان دەرناکێشێ. کرێکار و دوژمنایەتیی لەگەڵ سەرمایە خاڵی دەستپێکردنی ئەم باسەیە. مەگەر خەبات بۆ بەرابەریی ژن و پیاو لە زۆربوونی ژنانەوە دەرکێشراوە، یان ڕەوابوونی خۆی لەوە وەرگرتووە؟ مەگەر ڕەشەکان زۆرایەتین؟ ئایا هیچ هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی مافی ژنان، یان بەرابەریی نەژادی بە نیشاندانی ئامار و لەسەدی ژنان، یان ڕەنگین پێستەکان مەسەلە و خەباتی دەگۆڕێ؟ بۆچی کۆمۆنیزم وەك بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتیی دەبێ شتێکی جیا لەمە بێ؟ واقیعییەت ئەوەیە لە حاڵێکدا کە ئاشکرایە ڕیشەی ناڕەزایەتیی ژنان، یان کەمایەتییە نەژادییەکان لەو جێگاوشوێنە بابەتییەدایە کە لە کۆمەڵدا پێیان دراوە، بزووتنەوەی بەناو کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی مەوجوود ناتوانێ پەیوەندییەکی بابەتیی وا لەگەڵ کرێکار وەك بوونێکی کۆمەڵایەتیی ناسراو نیشان بدا. ئەگەر کۆمۆنیزمی مەوجوود بە ڕاستی نوێنەری ناڕەزایەتیی کرێکاری بووایە، ئەو دەمە ئەم ڕەخنەیە هەر بە ڕادەی ئەو کاتەی کە مەسەلەی ژنان بە نموونە دێنینەوە بە گاڵتە دەگیرا. ئەو کاتە مەسەلەیەکی ئاوا و تیۆرییەکی ئاوا هەرگیز لە چوارچێوەی نەریتی فیکریی کۆمۆنیزمدا نەدەهاتە گۆڕ. بەڵام کۆمۆنیزمی سەردەمی ئێمە لە ڕاستیدا لە هەمان مەوقیعییەتی سۆسیالیزمی خەیاڵیی دەورەی مارکسدایە. کۆمەڵێک ئیدە و مودێلی کۆکراوە کە دەبێ لە لایەن توێژە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەڕێوە ببرێ. کۆمۆنیزم بووەتە نێوی ڕەمزیی ئەو حیزبە غەیرە کرێکارییە ڕیفۆرمخوازانە کە بۆ بەدیهێنانی بەرنامەکەیان هێزی کرێکارانیان پێویست بووە. جا ئەگەر کەسێک بڵێ کرێکاران هێزەکەی پێشوو نین، یان بە گشتی مارکسیزم گرنگیی کۆمەڵایەتیی کرێکارانی زل کردووەتەوە، ئەمجار ئەو ڕەوتە بەناو کۆمۆنیستانە دیارە دەبێ دەور و دووکانیان بەرنە جێگایەکی دیکە، نێو گەلانی ژێردەستە، نێو خوێندکاران، نێو جووتیاران و ئەوانەی تر، ئەمە ڕووداوێکە کە تا ئێستا ڕووی داوە. بەڵام کرێکار بە جێگاوشوێنی بابەتییەوە، بە ناڕەزایەتییەوە، بە نیزامی کرێگرتە و خاوەندارێتی تایبەتی، بە ڕێگاچارە واقیعییەکەیەوە بۆ مرۆڤایەتی، لەسەر جێگای خۆی ڕاوەستاوە و جگە لە مارکسیزم بە هیچی دی ناتوانێ بە نیزامی مەوجود ناڕەزایەتی بکا. ئێمە هەڵسووڕاوی ئەم بزووتنەوەیەین. ئەم بزووتنەوەیە و تەنیا ئەم بزووتنەوەیە وەڵامی ئێمەیە بۆ ئەم بار و دۆخە. فڵانە مامۆستای زانکۆی کۆنە کۆمۆنیست دەتوانێ لە بەیانییەوە ببێتە "سەوز"، سۆسیال دیموکرات، ناسیۆنالیست، یان ئەسڵەن شێخ. چینی کرێکار ناتوانێ.

ڕەنگە بڵێن ئێوە ناڕەزایەتیی کۆمۆنیستی و چینایەتییەکەتان بکەن، بەڵام سەنگی ئاوەهای کرێکاران لە ئابووری و لە کۆمەڵدا گۆڕاوە و سەرکەوتنتان مەحاڵە، یان لەو بارەیەوە کە زۆرایەتیی کۆمەڵ نین، ڕەوابوونی شۆڕشەکەتان قسەی لەسەرە. ئەگەر چاوپۆشی لەوە بکەین کە ئەمە بە فیشاڵ دەرکردنێکی پووچی سەرمایە لە دژی کرێکار دەزانم، وەڵامی من ئەوەیە، بۆ سەرکەوتن، پێویست نییە کە کرێکار زۆرایەتی بێ، چونکە میکانیزمی ئەو سەرکەوتنە ڕێفراندۆمێک نییە کە لە ڕۆژێکی خۆرەتاودا بکرێ.

کۆمەڵ تووشی قەیران و شۆڕش دەبێ. ئەمە قانوونی بنچینەیی دنیای سەرمایەدارییە. لەجەرگەی ئەم دەورە شۆڕشگێڕانەیەدا ڕیزبەستنی کۆمەڵایەتی لەدەوری ڕێگاچارەکان و ئاڵای چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵ، کرێکار و سەرمایەدار، شکڵ دەگرێ. کرێکار بڕبڕەپشتی بەرهەمهێنان، لە کۆمەڵی مەوجووددا وەك ڕابەریی کۆمەڵی نوێ، وەك چینێکی کۆمەڵایەتی کە ڕێگاچارەیەکی واقیعیی بۆ کۆتایی پێهێنانی مەینەتەکانی مرۆڤایەتی بە گشتی هەیە، سەردەکەوێ. خودی بۆرژوازیش هەر بەم شێوەیە بە دەسەڵات گەیشتووە. بەبێ ئەوەی هیچ کاتێک لە بارەی چەندایەتییەوە لە کەمایەتییەکی زۆر بچووکی کۆمەڵ واوەتر چووبێ. زۆر سەرنجڕاکێشە ئەو کەسانەی ئەمڕۆ ڕەوابوونی شۆڕشی کرێکاری لە ڕوانگەی لەسەدی چەندایەتیی چینەکان لە کۆمەڵدا دەخەنە ژێر پرسیارەوە، هەر ئەمڕۆ ڕەوابوونی حوکوومەتی کەمایەتییەکی زۆر بچووك، بۆرژوازییان قەبووڵ کردووە. هێزی چینی کرێکار تەنیا لە زۆربوونیدا نییە. ئەم هێزە لە بنچینەدا لە جێگاوشوێنی ئەم چینە لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و لە بابەتیبوون و دروستی ڕێگاچارەیەکدایە کە کرێکار بە شێوەی گشتی دەینێتە بەرانبەر کۆمەڵ. ڕەنگە ڕۆژێک بگا کە کارمەندانی دەوڵەتی و تایبەتیی زۆرایەتیی خەڵک پێک بهێنن، هەر وەك جووتیاران کە لە هێندێک دەورەی مێژوودا وا بوون. بەڵام ئەو کێشە کۆمەڵایەتییەی کە تەکلیفی ئەم زۆرایەتییە گریمانەییە ڕۆشن دەکاتەوە، کێشەی نێوان چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵ، یانی ئەو چینانەی کە بەرهەمهێنان ئەم جێگاوشوێنەی لە کۆمەڵدا پێداون، وە

کێشەی ئاسۆکانیان و ئاڵتێرناتیڤەکانیانە. کۆمەڵی بۆرژوایی هەر تا ئێرەش بنبەستی هەمە لایەنەی خۆی و ناکۆکی خۆی لەگەڵ بەختەوەری و کەرامەتی مرۆڤ نیشان داوە. کۆمۆنیزمی کرێکاری وەڵامی ئەم بنبەستەی هەیە.
بە هەر حاڵ ئەوا جارێکی دیکەش دەورەی هێزنیشاندانی کرێکار لە مەیدانی سیاسیدا خەریکە دەست پێ دەکا و ئەم جارە بە بڕوای من بە تایبەت لە لانکی سەرمایەداری و لە ناوەندی هەمان ئەو کۆمەڵگایانەوە دەست پێ دەکا، کە گوایە سەنگی کرێکاریان تێدا کەم بووەتەوە. پێم وایە واقیعییەتەکانی چەند ساڵی داهاتوو باشتر لە هەر دەلیلهێنانەوەیەك هێزی واقیعی کرێکار بە سۆسیالیستەکانی پێشوو و حیزبە تازەکانیان حاڵی بکا.

**بسووی سۆسیالیسم**: سەبارەت بە لایەنە تیۆرییەکانی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری زۆر خاڵ ماوە کە دەکرا لێرەدا باسی بکەین. لە سیمینارێکدا کە چەند مانگ لەمەوپێش بۆ ناساندنی ئەم باسە پێشکەشت کرد، بەشێکی زۆری ئەم لایەنانە باس کرا. گوایە قەرارە دەقی نووسراوەی ئەم باسە بڵاو بکرێتەوە، کەوابێ با هەر بەوەندە قەناعەت بکەین و بچینە سەر باسی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. لە سەرەتای قسە و باسەکەماندا لەسەر بەرانبەرکێی مەیلی جۆراوجۆر لە حیزبدا قسەت کرد. سیفەتی وەك ڕاست و چەپ و ناوەند هێشتا تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی ئەم مەیلانە دەرناخا. سەبارەت بە تایبەتمەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم مەیلانە چۆن بیر دەکەیەوە و دەڵێی چی؟
**مەنسوور حیکمەت**: بۆ ناسینی تایبەتمەندییەکانی مەیلە جۆراوجۆرەکانی نێو حیزب، لە پێشدا دەبێ ئەوە ڕۆشن بکەینەوە کە ئەم حیزبە ئەسڵەن لە چ ڕەوتێکدا پێک هاتووە و لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی دەرەوەی خۆی چ کاریگەرییەکی وەرگرتووە. حیزبی کۆمۆنیست لەژێر ئاڵای ئەو بزووتنەوە چەپەی ئێراندا قەوارەی گرت کە نێوی "مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران"ی لەسەر خۆی دانا. چوارچێوەی فیکری ئەم ڕەوتە لە ڕەخنەگری لە خەڵکگەرایی و هەڵگەڕانەوە بۆ سەر ئەرتەدۆکسی مارکسیزم (مارکسیزمی ڕەسەن) پێک هاتبوو. حیزبی کۆمۆنیست هاوکات لەگەڵ داماوی و داڕووخانی سۆسیالیزمی خەڵکی وەك ڕەوتێکی ڕەخنەگر لە سۆسیالیزمی خەڵکی پێک هات. لە باری سیاسییەوە ئەم ڕەوتە چەپترین باڵی ئۆپۆزیسیۆنی چەپی لە ئێراندا پێک هێنابوو. بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە نەك هەر ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی تر لە شکڵ و قەوارەگرتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بەشدار بوون، بەڵکوو خودی ئەم "مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران"ەش دیاردەیەکی تێکەڵاو بوو کە گرنگترین کێشمەکێشەکانی نێوان مەیلەکانی کۆمۆنیزمی ئێرانی لەنێو خۆیدا کۆ کردبووەوە.
ئەگەر لە هەلومەرجی مێژوویی سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە بکۆڵنەوە، دوو ڕەوتی سەرەکی تێدا جیا دەکەنەوە. یەکەم، هەڵسووڕاوبوونی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی چینی کرێکار لە ماوەی شۆڕشدا و قەوارەگرتن یان بە هەر حاڵ هەنگاونانەبەری توێژێک لە کرێکارانی سۆسیالیست لە سەرووی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییەوە. بە وتەیەکی تر سۆسیالیزمی کرێکاری لە ئێران بە هۆی شۆڕشەوە لە مەیدانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیدا یەکجار زۆر هەڵسووڕاو بووەوە. دووەم، لەپاڵ ئەم بزووتنەوە چینایەتییەوە ئێمە شایەدی ڕادیکاڵبوونەوەیەکی فیکری و سیاسی لەنێو چەپی ڕادیکاڵی غەیرە کرێکاری داین. بزووتنەوەی چەپی ئێران بزووتنەوەی ڕووناکبیران بوو. لە ماوەی شۆڕشدا ئەم بزووتنەوەیە کە لە باری جێگاوشوێنەوە دەکرێ بە تەواوی لە سۆسیالیزمی کرێکاری جیا بکرێتەوە، لەبەرانبەر خەڵکگەرایی و شتی تردا بەرەو مارکسیزمی ئوسووڵی و شۆڕشگێڕ وەرچەرخا. "مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران" لە باری عەمەلییەوە بە هەر حاڵ ڕەوتێک بوو، بەڵام نوێنەرایەتی هاوجیهەتی و کاریگەرێتی دوو لایەنەی ئەم دوو ڕەوتە لێکجیاوازە کۆمەڵایەتییەی دەکرد. بە وتەیەکی تر، ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە لایەکەوە پردێك بوو بۆ لێکهەڵپێکانی سیاسی و عەمەلیی ئەم دوو مەیلە کۆمەڵایەتییە لێکجیاوازە و لە لایەکی تریشەوە خۆی بوو بە چوارچێوەیەك بۆ ئەوەی سۆسیالیزمی کرێکاری و ڕادیکاڵیزمی سۆسیالیستیی ئۆپۆزیسیۆنی ڕووناکبیری دیسان ماوەیەکی تریش لەپاڵ یەکدا بژین. ڕەوتێکی ڕادیکاڵ پێک هات کە چەپی ڕادیکاڵتر دەکرد، بەڵام لە لێکدانەوەی ئاخیردا سۆسیالیزمی کرێکاری و ڕادیکاڵیزمی ڕووناکبیریی چەپی ئێرانی هەر وا هاوچارەنووس ڕادەگرت. ئەم لێکهەڵپێکراوی و پێکەوەژیانە بەرهەمی هاوجیهەتی هەردوو ئەم بزووتنەوانە بوو لە خەباتیاندا بەرانبەر بە خەڵکگەرایی و لە کرێکار دووربوونی ئۆپۆزیسیۆنی چەپ و

بێگانەبوونی لەگەڵ تیۆری مارکسیزم. بە هەر حاڵ بە کورتی قسەکەم ئەوەیە کە "مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران" یانی، ئەو ڕەوتە تایبەتەی کە حیزبی کۆمۆنیست لەژێر ئاڵایدا پێک هات، لە سەرەتاوە لەسەر دوو پایەی کۆمەڵایەتی جیاواز دانرابوو. ئەم ڕەوتە بەرهەمی هاوجیهەتی و پێکەوەژیانی دووڕەوتی کۆمەڵایەتیی جیاواز بوو، ڕەخنەی مارکسیستی لەنێوخۆی چەپی ناکرێکارییەوە بە پەلاماربردن بۆ سەر خەڵکگەرایی لە لایەك و سۆسیالیزمی کرێکاری بە شووراکان و مانگرتنەکان و ڕابەرانی عەمەلیی خۆیەوە لە لایەکی تر. ئاشکرایە کە پەرەسەندنی ڕەخنەی مارکسیستی نەدەکرا چەپی ڕادیکاڵ بەرەو چینی کرێکار و بەرەو خۆ ڕێکخستنی زیاتر لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری پاڵپێوە نە نێ. ئەو بزاوتە ڕەخنەگرانە تیۆریك و سیاسییە کە لەنێو چەپی ڕادیکاڵی ئێراندا پێک هات لە هەموو بارێکەوە مەوقیعییەتی سۆسیالیزمی کرێکاریی بەهێز دەکرد. بەڵام وەك ڕەوتێکی دیاریکراوی سیاسی، مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران، خودی سۆسیالیزمی کرێکاری نەبوو. بلۆکێکی دژی پۆپۆلیستی بوو بە مەیلە جۆراوجۆرە جیاوازەکانی نێوخۆیەوە.
هەروەها ڕۆشنە کە بە کۆتایی پێهاتنی پۆپۆلیزم تەمەنی بەکەڵکی ئەم بلۆکەش کۆتایی پێ دێ.
داڕووخانی پۆپۆلیزم و خودی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست وەك بەڵگەی عەمەلیی سەرکەوتن بەسەر خەڵکگەراییدا دیارە، هەر وەك لە کردەوەشدا ڕووی دا، کۆتایی بە خوازراوی و مەتڵووببوونی ئەم چەتر و چوارچێوە هاوبەشە دەهێنا و ئەم ڕەوتەی دابەش دەکردەوە سەر ئەو مەیلانەی کە پێکیان هێنابوو. ئەم ڕووداوە کە قۆناغێکی گرنگی مێژووی پەرەسەندنی سۆسیالیزمی کرێکارییە لە ئێراندا، تا ڕادەیەکی زۆر بە شێوەی سەرهەڵدانی هێندێک ناکۆکی لەنێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا ڕووی دا.
بە هەر حاڵ ئەم چوارچێوە هاوبەشە، بنەمای فەرمی و سەرەکیی پێکهاتنی حیزب بوو. بەرنامەکەی، داخوازەکانی، شێوە و نەریتەکانی هەموویان وەك ئەو ئوسووڵ و حەقیقەتانەی کە حیزب دەبێ لەسەر بنەمای ئەمانە کار بکا قەبووڵ کرابوو. بەڵام حیزبی کۆمۆنیست پاشان هەر بەو ڕەوت و مەیلانەی کە پێکیان هێنا، نەمایەوە. چەند مەیلی گرنگی تر دەخاڵەتیان لە حیزبی کۆمۆنیستدا هەبوو. لە کوردستان ناسیۆنالیزمی کورد هەر لە سەرەتاوە، گەرچی لە شکڵ و شێوەیەکی خەڵکیتر و ڕادیکاڵتردا، لە نەریتی خەباتی کۆمەڵەدا بەشدار بوو. لە کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵەدا مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لەم ڕێکخراوەدا سەرکەوت. ڕەوتی ناسیۆنالیستی بێدەنگ بوو، بەڵام لە پاڵ کۆمەڵەوە هاتە نێو حیزبەوە. لە لایەکی دیکەوە لە ئاستی سەراسەریدا، حیزبی کۆمۆنیست و لەپێش ئەویشدا تەنانەت خودی ئەو ڕێکخراو و فراکسیۆنانەی کە بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ ناو دەبران، ببوونە جەمسەرێک کە چەپی ڕادیکاڵی ئێرانیان بە گشتی بەرەو خۆیان ڕادەکێشا. بتەوێ و نەتەوێ مەیلە جۆراوجۆرە مەوجوودەکانی نێو چەپی ڕادیکاڵی ئێران، بە هەندێک چاکسازی و ئیسڵاحەوە، هاتنە نێو حیزبەوە. ساڵی ٨٣ حیزبی کۆمۆنیست چوارچێوەیەکە بۆ هەڵسووڕانی هەموو ئەم مەیلانە لەژێر چەتری گشتیی "مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران"دا. دیار بوو ئەم سەنگ و سووکییەی مەیلەکان، بە لەبەرچاوگرتنی گەشەی بیر و بۆچوونی سیاسی لەنێو حیزبدا و لەویش گرنگتر بە لەبەرچاگرتنی ئاڵوگۆڕی بابەتی لە ئاستی کۆمەڵایەتی لە ئێران و لە ئاستی جیهاندا، نەیدەتوانی هەر وەك پێشوو بمێنێتەوە. سەرجەمی ئەم هۆیانە مەیلە سیاسییەکانی نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی لێك دوور خستەوە. چەپ و ڕاست و ناوندێکی پێک هێنا کە بەرهەمی گەشەی مەیلەکانی نێو حیزب بوو لە هەلومەرجی نوێی ئێستادا.

**بسووی سۆسیالیسم** :لە سەردەمی تایبەتی ئەمڕۆدا بە بڕوای تۆ مەیلەکانی ڕاست و چەپ و ناوەند کامانەن؟

**مەنسوور حیکمەت** :با لەپێشدا ئەوە بڵێم کە لەسەر کاغەز و لە باری فەرمییەوە لەنێو حیزبی کمۆنیستی ئێراندا بە ڕواڵەت هیچ باڵبەندییەک نییە. تێڕوانینە فەرمییەکانی ئەم حیزبە سەبارەت بە مەسەلە بنچینەییەکانی تا ئێستا زۆربەیان لە لایەن مەیلی چەپەوە لەم حیزبەدا بەیان کراوە و پێداگرتنێکی زۆر لە لایەن زۆر کەسەوە لەم حیزبەدا لەسەر ئەوە هەیە کە تێڕوانینە فەرمییەکانی حیزب لە ڕاستیدا تێگەیشتنە هاوبەشەکانی تەواوی حیزبی بەیان کردووە. یەکێک لەوانەش خودی باسی کۆمۆنیزمی کرێکارییە. بڕیارەکان بە تێکڕای دەنگ پەسەند کراون و ئەمە کەم یان زۆر شێوەیەکی باوی نێو حیزب بووە. تەنانەت باسکردنی ئەوەی کە هێڵ و مەیلی جۆراوجۆری ناسازگار پێکەوە لە حیزبدا هەن، زۆر کەس تووڕە دەکا. گەرچی لەم دواییانەدا هاوڕێیانێکی زیاتر ئەم واقیعییەتانە بە فەرمی دەناسن. بە هەر حاڵ دەمەوێ بڵێم،

بێجگە لە چەپ کە ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئاشکرایە و بە تایبەت پاش کۆنگرەی سێیەم هەوڵی داوە وەك مەیلێکی جیاواز قسە بکا، ڕاست و ناوەندی نێو حیزب ڕەوتگەلێکی وا نین کە بکرێ وەك فراکسیۆن، یان بە پلاتفۆرم و قسەکەری لەپێشدا مەعلوومکراویانەوە بیانبینی. بەڵام بوونیان و ڕادەی هێزیان بە تەواوی دەبیندرێ و بە تایبەت لەم دەورەیەی دواییدا، پاش کۆنگرەی سێیەم، بەرانبەرکێی مەیلەکانی نێو حیزب زۆر گەشتر بووەتەوە و شکڵی کۆنکرێتتری بە خۆوە گرتووە. با ئەوەش بڵێم کاتێک قسەی مەیلەکانی نێو حیزب دەکەم، دوو ئاستم لەبەرچاوە. یەکەم ئاستی سیاسی، یانی کاتێک کە مەیلێک خۆی وەك جیهەتگیری، سیاسەت و نەریت و پراتیکە دیاریکراوەکان نیشان دەدا، وە دووەم ئاستی ڕێکخراوەیی، یانی ئەوەی کە کادرەکان و ئۆرگانەکان سەر بە کام مەیلن. سەبارەت بەوەی دووەمیان باسەکەم لە بنچینەدا هەڵدەگەڕێتەوە سەر کادرەکانی ئەو کۆمیتە سەرەکییانەی کە دەتوانن بڕیار بدەن نەك ئەندامانی حیزب بە شێوەیەکی گشتی. شێوەی جەمسەربەندیی ئەندامان بەدەوری ئەم مەیلانەدا تەنیا کاتێک بە دروستی دەتوانێ هەڵسەنگێندرێ، کە هەرکام لە مەیلەکان لەوە زیاتر خۆی لە کادرەکان و سیاسەتەکاندا نیشان دابێ و بەرانبەرکێیەکی کۆنکرێتتر لەم ڕادەیەدا پێک هاتبێ. ئەمە شتێکە بەوە دەچێ کە ئەمڕۆ خەریک بێ، ڕوو بدا.

بە گشتی دوو ڕەوتی ڕاست هەیە کە حیسابیان لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لێك جیایە. یەکەم، ناسیۆنالیزمی کورد لە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبدا و تا ڕادەیەک لە ڕێکخستنی دەرەوەی وڵاتدا نفووزێکی دیاری کراوی هەیە. ئەم ڕەوتە هەر وەك باسم کرد، تا ئەم دوواییانە زۆر بێدەنگ بووە و بەو نوێڵانەی کە لە ئاستێکی عەمەلیتردا بۆ کاریگەریدانان لەسەر کاروباری حیزب لە دەستیدا بووە و بە نفووزی مێژوویی نەریتەکانی لە خەباتی چەکدارانە و شتی لەم بابەتە قانیع و دڵخۆش بووە. ئەم وەزعە ئەمڕۆ هێندێک گۆڕاوە و تا ڕادەیەک ئەم ڕەوتە زیاتر خۆ دەنوێنێ. مەیلەکەی تر بەرهەمی هێرشی جیهانی بۆرژوازییە دژ بە سۆسیالیزم بە گشتی و دژ بە مارکسیزم بە تایبەت. لە دەرەوەی حیزب ئێمە ئەمە بە شێوەی بوون بە سۆسیال دیموکرات و بوون بە لیبراڵ و بوون بە چەپی نوێی هەڵسووڕاوانی پۆپۆلیستیی چەپی ئێران دەبینین. لەنێو حیزبیشدا کاریگەرییەک لەم بابەتەوە دەبیندرێ. بەڵام دیسانیش بە لەبەرچاوگرتنی هەژموونی فیکریی مارکسیزمی ڕادیکاڵ و ئەرتەدۆکسی مارکسیزم لە حیزبی کۆمۆنیستدا، ئەم مەیلە وەك مەیلێکی خامۆش و بێدەنگ دەبینرێ. ناکرێ بەم ڕەوتە بڵێی ئاکادیمیزم، چونکە ڕاستییەکەی تەنانەت جەوهەری کاری تەحقیقی و نووسینیشی لە خۆی نیشان نەداوە. زیاتر شێوەی خۆنواندنی ئەم ڕەوتە محافەزەکاریی سیاسی، ناهەڵسووڕاویی عەمەلی، مەحفەلیزم و شتی لەم چەشنەیە. لە باری فیکرییەوە بە بڕوای من ئەمانە نوێنەری مەیلێکی دیموکراتیك و سۆسیال دیموکراتن، دیارە ئەم مەیلە ڕاستانە پێکەوە نایەنەوە و هیچ کامیشیان لە بوونی ئەوەی تریان لە حیزبدا ڕازی نین.

ناوەندی ئەم حیزبە، وە لە ڕاستیدا لە باری چەندایەتییەوە گەورەترین بەشی ئەم حیزبە لە هەمان نەریتی مارکسیزمی شۆڕشگێری دژی پۆپۆلیست پێک هاتووە کە حیزبەکەی خۆی بە سازکراوی دەبینێ و مەسەلەی بنەڕەتیشی، بەڕێوەبردنی حیزب و بە وتەیەکی تر تەشکیلاتدارییە. ئەمە ڕەوتێکە، ناتوانێ کۆتایی پێهاتنی سەنگ و سووکیی فیکری و سیاسیی پێشوو ببینێ و بە فەرمی بناسێ. ئەوە نابینێ کە چوارچێوەی فیکری و سیاسیی دژی پۆپۆلیستی بە کۆتایی پێهاتنی پۆپۆلیزم خۆی دەبێتە شتێکی بێ کریار و ناکافی. بە بڕوای من خەتی ناوەند لە باری کۆمەڵایەتییەوە بە پێچەوانەی ڕاست، پایەیەکی ماددی نییە. ئەم جۆرە مارکسیزمە شۆڕشگێڕە، یانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ڕووناکبیرانی کۆمۆنیست، دەورەی تەواو بووە و هەر جۆرە کۆمۆنیزمێکی ڕادیکاڵ و لە باری فیکرییەوە ئەرتەدۆکس، تەنیا لەسەر بنچینەی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکار دەتوانێ وجوودی هەبێ. ئێمە ئەم قسەیەمان لە کۆنگرەدا کرد، بەبێ ئەوەی کەسێک لەو ناوەندە پانوبەرینە ڕەخنە و هۆشیارکردنەوەکەمان بە خۆ بگرێ. بە هەر حاڵ ئەم ناوەندەی ئەمڕۆ، هەمان چەپی پێشووی حیزبە کە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا قسەیەکی زیاتری پێ نییە، وەڵامێکی بۆ گیروگرفتەکانی کۆمۆنیزمی ئەمڕۆ نییە و جاری وا هەیە تەنانەت بە داخەوە پرسیارێکیشی نییە، چونکە حیزبێک هەیە کە دەبێ بپارێزرێ، گەشە بکا و ئەندام بگرێ و ڕۆژنامە دەرکا و شتی تر. هەر وەك گوتم، لە هەموو پلەیەکی حیزبی کۆمۆنیستدا، لە کۆمیتەی ناوەندییەوە تاکوو خوار، بێجگە لە لقەکانی هەڵسووڕانی حیزب لەناوخۆی ئێراندا، ئێمە ئەم ناوەندە وەك مەیلی سەرەکی دەبینین.

مەیلی چەپ مەیلێکە کە بە باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری و بە هەوڵدانی ئەم ساڵانەی دوایی بۆ بەدەستەوەدانی بنەمایەکی فیکری و عەمەلی بۆ ڕێکخستنی سۆسیالیستیی چینی کرێکار و باسکردنی

مەسەلەکانی کۆمۆنیزم لە ڕوانگەی سۆسیالیزمی کرێکارییەوە دەناسرێتەوە. ئەم ڕەوتە لەپێش پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست و بە تایبەت لە کۆنگرەی "یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست"وە وردەوردە قاڵبی هاوبەشی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێرانی شکاند. بە کافینەزانینی پاکیی تیۆری و جەختکردن لەسەر خەسڵەتی کۆمەڵایەتیی کاری کۆمۆنیستی وەك ڕێکخستنی نارەزایەتیی سۆسیالیستیی خودی چینی کرێکار ئەم ڕەوتە دەناسێنێتەوە. لە باری کۆمەڵایەتییەوە، ئەمە لقێک لەو کۆمۆنیزمەیە کە لە هەموو ئەم وتووێژەدا باسم کرد. پایەی ماددیی ئەم ڕەوتە لە کۆمەڵدا، زۆر بابەتی و بەهێزە و هەر ئێستا سەرنجی ئەو بەشانەی ڕێکخستنی حیزبی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە کە ڕاستەوخۆ لە شوێنی کرێکاری و بزووتنەوەی نارەزایەتیی چینی کرێکاردا هەڵدەسووڕێن. ئەمە ئەو مەیلەیە کە حیزب بە گشتی و لە ئاستی فەرمیدا خۆی پێوە دەناسێنێ، بەبێ ئەوەی کە لە مەیدانی عەمەلی و هەموو مەیدانەکانی هەڵسووڕانی حیزبدا، هێزێکی عەمەلیی وای هەبێ کە لەگەڵ جێگاوشوێنە فەرمییەکەی یەك بگرێتەوە.

بسووی سۆسیالیسم :گوتت ئەم مەیلانە بە هۆی کاریگەری وەرگرتن لە هێندێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەوە لێك دوورکەوتوونەوە. ئەم فاکتەرانە کامانەن و جیایی ئەم مەیلانە بە چ شکڵ و شێوەیەك خۆی نیشان دەدا؟

مەنسوور حیکمەت :گرنگترین فاکتەر بە بڕوای من گۆڕانکارییەکە کە خەریکە لە دنیادا بەسەر بزووتنەوەی بەناو سۆسیالیستیدا دێ. کاتێک "ڕیڤیژینیزم" بابەتێتی خۆی لەدەست بدا، ئەو چەپە ڕادیکاڵەش کە خۆی بە "دژی ڕیڤیژینیزم" ناساندووە زەمینەی بوونی خۆی لەدەست دەدا. چەپی ڕادیکاڵ، یەکێکیش لەوانە ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە ئێران کە داکۆکییەکی تەواو و کامڵ لە پاکیی تیۆری و گەڕانەوە بۆسەر تیۆری مارکس دەکرد، لە بنچینەدا وەك ڕەخنە لە ڕیڤیژینیزم و لە بەرانبەرکێ لەگەڵ ڕیڤیژینیزمدا گرنگی و بابەتێتی هەبوو نەك وەك چوارچێوەی نارەزایەتییەکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی. کەوابێ ئەوەی ئێمە شایەدی بووین، ئەوە بوو کە خەت و بیرکردنەوەی فەرمیی نێو حیزب، خەسڵەتی ڕەخنەگرانە و پەلاماردەرانەی بۆسەر دنیای دەوروبەری خۆی لەدەست دەدا و دەبێتە ئایدیۆلۆژیی حیزبیکی سیاسی و فەلسەفەی بەڕێوەبردنی حیزب. ئەمە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دیاردەیەکی زۆر ناسراوی نێو حیزب بوو، کە ڕابەران دەیاننووسی، تا ڕۆژنامە دەرچێ و ڕادیۆ بەرنامەی هەبێ. ئەو هەستکردن بە لەسەر هەقبوونە و پەلەکردنە بۆ سەلماندن و داسەپاندنی ڕوانگەی خۆ، بەرانبەر بە مەیل و ڕەوتەکانی تری نێو کۆمەڵ، کە خەسڵەتی دەورەی ڕەخنەگرانەی دژی پۆپۆلیستی بوو، وردەوردە نەما. ئەمە چارهەڵنەگر بوو، چونکە چوارچێوەی دژی پۆپۆلیستیی حیزب کاری خۆی کردبوو، وە بەری ڕێکخراوەیی خۆی دابوو. دوای پێکهاتنی حیزب، مەسەلەی واقیعیی حیزب دەبێتە مەسەلەی بەڕێوەبردنی حیزب. ئەم مەسەلەیەمان لە هەمان سەرەتای "بسووی سۆسیالیسم"ی ژمارە یەکدا، ساڵێك لەدوای پێکهاتنی حیزب باس کرد. بە هەر حاڵ بەرەوپاش گەڕانەوەی مەیلەکان دەکرێ لەوەدا ببینرێ کە خەتی فەرمی هەر لە شوێنی خۆیدا مایەوە و ڕێکخراوچێتی بەسەردا زاڵ بوو، سستی لە خۆنیشاندانی ئەم ڕەوتە لە هەمان حاڵدا لەگەڵ گۆڕانکارییەکی فیکری و سیاسی زۆر گرنگ لە تەواوی ئەو بزووتنەوەیەدا هاوکات بوو، کە بە کۆمۆنیزم ناسرا بوو. ئەمە ڕەوتێکی بەرینی تێڕوانینەوە و پاشگەزبوونەوەی تیۆری، لەنێو چەپی ڕووناکبیریدا پێک هێنا. تەنیا کۆمۆنیستێک دەیتوانی لەم دەورەیەدا هەڵسووڕاویی پێشوو لە خۆی نیشان بدا و گەشە و هەڵدانی پێشووی هەبێ، کە وەڵامی بۆ مەسەلەکانی ئەم دەورەیە هەبێ.
ئەم وەڵامە لە چوارچێوەی فیکریی پێشوو دەرنەکێشرا، بەڵکوو بە ڕەخنەگرتن لەم چوارچێوە فیکرییە لە ڕوانگەی سۆسیالیزمی کرێکارییەوە بەدەست هات (یان بە هەر حاڵ بە بڕوای من بەدەست هات). بە وتەیەکی تر، بە ڕۆشنبوونەوەی بەرتەسکییەکانی چوارچێوەی فیکریی دژی پۆپۆلیستی و بە دەرکەوتنی لاوازییە عەمەلییەکانی ئەم ڕەوتە لە توانا واقیعییەکەیدا بۆ ڕێکخستنی کرێکاری، سۆسیالیزمی کرێکاری وەك مەیلێک کە دەخاڵەتی لە حیزبی کۆمۆنیستدا هەبوو، ئەمجارە وەك نەریتێکی جیاواز دەستی بە قسە کرد. لەم دەورەیەدا ئێمە شایەدی ئەدەبییاتێکی جیاوازین کە ئەم خەتە دەیهێنێتە گۆڕ و ڕیشەی لە نەریتی فیکریی دژی پۆپۆلیستیدا نییە. باسەکانی پەیوەست بە سۆڤێت، باسەکانی پەیوەست بە ڕێکخستنی کرێکاری و شتی تر، گەرچی وەك خەتی فەرمی لە ئۆرگانە ناوەندییەکاندا بڵاو دەبنەوە، ئاشکرایە کە لە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەوە بەرانبەر بەم خەتە فەرمییەی تا ئێستایە و تەنانەت هێندێک ئەسڵ و پایەی بەرنامەیی و

تێگەیشتنی بنچینەیی تا ئێستای حیزب. بە بڕوای من پاش پێکهاتنی حیزب، خەتی کرێکاری، ڕەوتی چەپ، وردەوردە وە پاش کۆنگرەی سێیەم، ئیتر بە شێوەی فەرمی حیسابی خۆی لە خەتی فەرمیی حیزب جیا دەکاتەوە، تا ئەو جێگایەی هەڵدەگەڕێتەوە سەر نێوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەك پەلامارێك بۆسەر ناوەند دێتە گۆڕ. ڕەوتی چەپ بانگەشەی ئەوە دەکا، کە لەگەڵ نەریتە فیکری و عەمەلییەکانی زاڵ بە سەر حیزبدا، جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی هەیە.
بزووتنەوەی ڕەوتە ڕاستەکانیش لە ئاڵوگۆڕە جیهانییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. ناسیۆنالیزمی کورد بە تایبەت لەژێر کاریگەریی بار و دۆخی ناوچەکەدایە. بێ ئاسۆیی ئەم نەریتە لە دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیست بە ڕۆشنی دەبینین. سەرلێشێواوی سیاسی و عەمەلیی حیزبی دیموکرات و ڕەوتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە عێراق لە کەس شاراوە نییە. ناسیۆنالیزمێکیش کە بە قەبووڵکردنی چوارچێوەی ڕادیکاڵتر و زمانی مارکسیستی، خۆی لە حیزبی کۆمۆنیستدا زیندوو ڕاگرتووە، هەر ئەم بێ ئاسۆییە داگیری کردووە. ناسیۆنالیزم ناسیۆنالیزمە و بە بوونی لە حیزبی کۆمۆنیستدا، ئاسۆ و ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکەی ناگۆڕێ. قەیرانی سۆسیالیزمی بۆرژوایی لە ئاستی جیهانیدا، سستیی خەتی فەرمی لە حیزبدا و سەرەنجام ڕەوتی بەرەوپێشچوونی شەڕی ئێران و عێراق کە دەرەتانی ئەم ڕەوتانە تەنگتر دەکاتەوە، توانستی وەرچەرخان و مانۆر و خوڕاگریی ئەم ڕەوتە کەم دەکاتەوە. پەلاماری چەپی نێو حیزبیش لەم مەوقیعەتە زیاد کەن، دیارە ئەم ڕەوتە دەبێ سەرەنجام لە هەڵوێستی ئیسپاتییەوە جووڵە و ڕاوەستاوییەك لە خۆی نیشان بدا.
مەیلەکانی چەپی نوێی و سۆسیال دیموکراتیك ئیتر بە فەرمی بەرهەمی بار و دۆخی جیهانیی ئەم دواییانەیە. ئەم بار و دۆخە کۆمەکی بەوە کردووە، کە بەشێک لە هەڵسووڕاوانی چەپی ڕادیکاڵ، تازە مەیلەکانی خۆیان بناسن. هەموو باسی ئێمە ئەوە بوو کە چەپی ئێران لە بنەڕەتەوە ڕەوتێکی دژی ملهوڕی بووە. سەرنجام وردەبۆرژوازیی ناڕازیی ئێرانی کە دە ساڵ لەوە پێش بە هۆی بایەخداربوونی مارکسیزم مەشغەڵەکان و مەیل و بۆچوونەکانی لەژێر ناوی مارکسیزمدا باس دەکرد، ئەمڕۆ کە هەموو دنیا خەریکن، کۆتایی پێهاتنی مارکسیزم ڕادەگەیەنن، بۆچی دەبێ ئەم قاڵبە نەشکێنێ و ئەم ناوە بەدوای خۆیدا بکێشێ. جگە لەوە، تازە دەرفەتێك بەدەست هاتووە کە ڕووناکبیری چەپی ئێرانی لە ئاستێکی بەرینتردا ڕەگە فیکرییە غەیرە مارکسیستییەکان زیاتر بناسێ. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، بە بوونی گۆرباتشۆفیزم لە ڕووسیا و کونێك کە لە توێژی ئۆزۆندا پێک هاتووە و شتی لەم چەشنە، زەحمەتە بکرێ ئەم مەیلە لە حیزبێکدا بە نەریتی تایبەتیی دژی پۆپۆلیزمەوە ڕازی ڕابگیرێ. ئەم ڕەوتە ئیتر بە هیچ جۆرێک ناتوانێ لەگەڵ باسەکانی ئەمڕۆ سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری بسازێ.
هەموو ئەمانە یانی، ئەوەی کە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشدا هەر وەك کۆمەڵ بە گشتی، سۆسیالیزمی ناکرێکاری دەگاتە بنبەست و دەتاوێتەوە و سۆسیالیزمی کرێکاری خۆی لە مێژووی چەپی ناکرێکاری و لە بیر و بۆچوون و پراتیکەکەی جیا دەکاتەوە. هەلومەرجی جیهانی، ئەم ڕەوتەی لەنێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا یەکجار خێرا کردووەتەوە.

بسووی سۆسیالیسم :هێز و نفووزی واقیعیی مەیلە ڕاستەکان لە حیزبدا چەندەیە؟

مەنسوور حیکمەت :وەك هێزێکی ڕێکخراوەیی و بابەتی زۆر کەمە. بەڵام نفووزی عەمەلییان لەسەر کاروباری حیزب بە شێوەی پێکهێنانی کۆسپ لەسەر ڕێگای پێشڕەویی سیاسەتە ڕادیکاڵەکانی حیزب کەم نییە. گوتمان ئەمە حیزبێکی مارکسیستیی ڕادیکاڵە. ناسیۆنالیزم و سۆسیال دیموکراتیزم و شتی لەم چەشنە لە حیزبدا هیچ مەشرووعییەتێکیان نییە. کەوابێ هێز و دەور و نەخشی مەیلە ڕاستەکانی حیزب، نەك بە شێوەی ئیسپاتی لە هێزی سەربەخۆیاندا، بەڵکوو لە توانایی ئەواندایە بۆ کولکردنەوەی تیژی سیاسەتەکانی چەپی نێو حیزب. ئەوەی کە جیابوونەوەمان لە نەریت و ڕەوشتەکانی چەکدارانەی میللی و جێگۆڕکێیان لەگەڵ خەباتی چەکدارانەی کۆمۆنیستی لە کوردستان دەبێتە ڕەوتێکی دوورودرێژ، ئەوەی کە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستیی ڕۆشن بین، ڕێکوپێک، پڕکار و بەدەربەست، لە دەرەوەی وڵات تووشی ئەم هەموو هەڵسوکەوتە دەبێ، ئەمانە گشت شوێنەوار و نیشانەی ڕاوەستانی ئەم مەیلانەن. ئەمانە ئاڵاهەڵگریان نییە و لەو چوارچێوە مارکسیستی و ڕادیکاڵەدا کە بەسەر حیزبدا زاڵە، ناتوانن خۆنواندنێکی سەربەخۆیان هەبێ. بەڵام واقیعین و دەکرێ لە هەموو هەڵسووڕان و کاروبارێکی ڕێکخراوەییدا زەحمەت سازکردنەکانیان نیشان بدەی. لە سەرجەمی خۆیدا، مەیلی ناسیۆنالیستی لەچاو ڕاستی ڕووناکبیری و

سۆسیال دیموکراتیك دیاردەیەکی بابەتیترە و باشتر دەکرێ ئەندازەی بگیرێ. ئەوەی دووەمیان زیاتر وەك مەیل و بۆچوونی فەردی و مەحفەلی لێرە و لەوێ دەبینرێ.

بسووی سۆسیالیسم :کەوابێ، تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر مەیلەکانی نێو حیزب، ڕەخنەی ئێوە لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە، لە بنچینەدا ڕووی لە مەیلی ناوەندە لەنێو حیزبدا. چونکە هەر وەك خۆت باست کرد، مەیل و نەریتەکانی ڕاست تەنانەت لە هەمان چوارچێوەی کۆنی فیکری و سیاسیی حیزبیشدا جێگایەکیان نییە. بەڵام لە ڕەخنەگرتن لە ناوەندا، دەبێ مەسەلەیەک ڕۆشن بێتەوە. ئەگەر باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری و چوارچێوەی فیکری سەرەتایی حیزب بە هەر حاڵ هەردووکیان نوێنەرایەتی جەختکردن و هەڵگەڕانەوە بۆ ئەرتەدۆکسی مارکسیزم دەکەن، ئیتر بەپێی ڕێسا نابێ ڕەخنەی ئەمڕۆی ئێوە ڕەخنەیەکی تیۆری لە چوارچێوەی فیکریی سەرەتایی حیزب بێ. بەکردەوەش وا پێدەچێ کە لە دەروونی حیزبدا باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری نەك وەك ڕەخنەیەك لە سیستەمی فیکریی تا ئێستای حیزب، بەڵکوو بە ڕەخنەیەك لە پراتیکی حیزب دانراوە. ئایا ئەم لێ حاڵیبوون و تێگەیشتنە بە دروست دەزانی؟

مەنسوور حیکمەت :نەخێر، هەڵبەت زۆر لە هاوڕێیان پێیان خۆشە بەم شێوەیە بیر بکەنەوە، چونکە ئەم شێوەیە بە جۆرێک باسی ئەمڕۆ لەدرێژەی باسەکانی دوێنێدا نیشان دەدا و لێکهەڵپێکرانی مێژوویی حیزب ڕادەگرێ. بە بڕوای من کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕەخنەیەکی تیۆریی جیددی لە چوارچێوەی فیکریی ناسراو بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێرانی تێدایە. ئەوەی کە هەردووکیان جەختیان کردووەتە سەر ئەرتەدۆکسیی مارکسیزم بۆ وەکیەك فەرزکردنیان، یان تەنانەت لە باری تیۆرییەوە بەس نییە. هەموو قسەکە لەسەر تێگەیشتنی جیاوازی ئێمە لەو مارکسیزمە و لەو ئەرتەدۆکسەیە. بە وتەیەکی تر، کۆمۆنیزمی کرێکاری لە سەرجەمی خۆیدا لە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی جیددی سەبارەت بە ڕابوردووی فیکری و سیاسیمان قەراری گرتووە. با ئەمە زیاتر ڕوون بکەمەوە، چونکە پێم وایە بە تایبەت لە باری چارەنووسی ئەم ڕەوتە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا گرنگە.
پێشتریش باسم کرد کە من لە بەرانبەرکێی بزووتنەوەکانەوە، وەك دیاردە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، بۆی دەچم و تەنیا لەسەر ئەم بنچینەیە دەتوانم بەرانبەرکێی مەکتەبەکان و دەزگا فیکرییەکان بناسم. "مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران" بزووتنەوەیەکی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو. چوارچێوەی فیکری بزووتنەوەیەکی ماددی بوو، کە لە کۆمەڵی ئێراندا لە دەورەیەکی دیاریکراودا بەڕێ کەوت و بەرەنجام و بەرهەمی واشی لە ئاستی کۆمەڵدا بەدواوە بوو، کە بە تەواوی هەستی پێ دەکرێ و دەکرێ ببینرێ. زۆر کەس پێیان خۆشە ئەمە وەك ناوێك حیساب بکەن کە "یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست" وەك گرووپێکی کۆمۆنیستی لەسەر خۆی دانابوو. ئەمانە تەنانەت مێژوونووسێکی باشیش نین. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران لەنێو چەپی ڕادیکاڵی ناکرێکاریی ئێراندا ڕەوتێکی ڕەخنەگر بوو، کە لە ماوەی ساڵەکانی ٧٩ تا ٨٢ نفووزێکی بەرینی کردە ناو چەپی ئێران و سەرەنجام سیمای سیاسی و تیۆری ئەم چەپەی گۆڕی. ئەم ڕەوتە ناوەڕۆکی هاوبەشی تەواوی مەیلە چەپە ڕادیکاڵەکانی ئێران، یانی خەڵکگەرایی بردە ژێر پرسیار و بووە ئامرازێك بۆ داچڵەکاندنێکی فیکریی بنچینەیی لەنێو ئەم چەپەدا. ڕاستییەکەی لە مێژووی چەپی ئێراندا زۆر کەم حاڵەتێکی ئاوا کلاسیك لە گەشە و گشتیبوونەوەی ڕەخنەیەك و سیستەمێکی ڕەخنەگرانە بینراوە. ڕێک هەر وەك چۆن مەکتەبێك لە نیگارکێشی یان مۆسیقا و ڕەخنەی ئەدەبی گشتی دەبێتەوە، مارکسیزمی ئێرانیش لە چوارچێوەی چەپی ڕادیکاڵدا گشتی بووە. هەندێک بیر و بۆچوون کە لە پێشدا لە لایەن گرووپێکی بچووکەوە هاتنە گۆڕ، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زۆر قسەکەر و موبەللیغ و لایەنگری لە هەموو بەرینایی چەپی ئێراندا بەدەست هێنا. لە هەموو ڕێکخراوەکاندا گوشاری ئەم ڕەوتە ڕەخنەگرە زیادی کرد، نەك هەر مەیلی زۆر بەهێز بە لایەنگری لەم ڕەخنەیە پێک هات، بەڵکوو موخالیفەکانیش زۆر زۆر زمان و فۆرموولبەندییەکانی ئەم ڕەوتەیان وەرگرت و بەکاریان هێنا. ئەم ڕەوتە ئاڵای بەرەو چەپ وەرسووڕانی سۆسیالیزمی ڕادیکاڵ لە ئێران بوو، وە زۆر هێزێکی وا بەرینی گرتە بەر، کە بەکردەوە بووە ڕێڕەوی سەرەکیی ڕادیکاڵیزمی چەپ لە ئێران و بە بایەخترین و هەڵسووڕاوترین حیزبی سیاسیی چەپی ڕادیکاڵ، حیزبی کۆمۆنیستی پێک هێنا.
چەپی ئێران لە ماوەی شۆڕشی ٧٩دا پارچەپارچە بووەوە، ناوەندەکەی تووشی سەرلێشێواوی بوو،

ڕاستەکەی بەرەو حیزبی توودە و سۆسیال دیموکراسی وەرسووڕا و چەپەکەی لەسەر بنەمای ئەم ڕەخنە مارکسیستییە شۆڕشگێڕە لە خەڵکگەرایی، بوو بە ڕەوتێکی حیزبی بەهێز.
ئاشکرایە کە ئەم ڕەوتە ڕەخنەگرە بەرانبەر بە خەڵکگەرایی پشتی بە ئەرتەدۆکسی مارکسیزمەوە دابوو. ئاشکرایە کە بەشێکی زۆر لە هەڵسووڕاوانی ئەم ڕەوتە مارکسیزمیان لە ڕەخنەگرتن لە پۆپۆلیزمدا بەرتەسک نەدەکردەوە و ئاوا نەیان دەهێنایە خوارەوە. بەڵام بە هەر حاڵ ئەم ڕەوتە وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سیمایەکی تایبەت و دیاریکراوی لە خۆی نیشان دەدا. ئەوەی کە ئێمە وەک هەڵسووڕاوان و سەردەمدارانی ئەم ڕەوتە، چ تێگەیشتنێکمان لە مارکسیزم هەبوو، باسێکە و ئەوەش کە بزووتنەوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ وەك بزووتنەوەیەکی بابەتی و ناسراو چ تێگەیشتنێکی لە مارکسیزم بە دەستەوە دەدا باسێکی ترە. ئەمەی دووەمیان زۆر گرنگترە. لە هەموو بزووتنەوەکاندا هەر وایە. ئەو بەشە لە بیر و بۆچوون و ئاگایی ڕابەران و هەڵسووڕاوانی ڕەوتێک دەبێتە تایبەتمەندیی فیکری و بابەتیی بزووتنەوەیەك بە گشتی، کە لەگەڵ پێداویستییەکان و تایبەتمەندییە ماددی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم بزووتنەوەیە بێتەوە. بزووتنەوەیەك بە هەر حاڵ مەشغەڵەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوی دەبێ، کە نیشاندەری هەموو ئاسۆی هەڵسووڕان و سەردەمدارانی فیکریی ئەم بزووتنەوەیە نییە. ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، ئاڵای ڕادیکاڵبوونەوەی چەپی ڕووناکبیریی ئێران لەژێر گوشاری مارکسیزمی کرێکاری و مەزنی مەعنەویی مارکسیزم بوو کە تازە خەریک بوو بە شێوەی دەستی یەکەم، یان بە گێڕانەوەیەکی ئوسووڵیتر لەنێو چەپی ئێراندا دەهاتە گۆڕ. بە هەر حاڵ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ وەك ڕەوتێک، تا ئەو جێگایە دەگەڕایەوە بۆ ئەرتەدۆکسی مارکسیزم کە بۆ چەپێکی ناکرێکاری لە شۆڕشێکی دیاریکراودا بەکار دەهات. ڕەنگە زۆر هەڵسووڕاوی ئەم ڕەوتە لە مێشکی خۆیدا ئاسۆیەکی واوەتر، یان بەرتەسکتر لەوەیان بووبێت.
گەڕانەوە بۆ مارکسیزم لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا و لە چوارچێوەی گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا کە ئەم بزووتنەوەیە لەپێش خۆی دانابوو، کرا. کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەم چوارچێوە و ئەم گیروگرفتە کۆمەڵایەتییە دەداتە بەر ڕەخنە و دەیشکێنێ. کەوابێ، کۆمەڵێک لە مەسەلەی تیۆری و گیروگرفتە فیکری و بەرنامەییەکان دادەنێتە پێش خۆی، کە بە هیچ جۆرێک ناکرێ لە چوارچێوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا بێتە گۆڕ، چ بگا بەوەی کە وەڵامیان بدرێتەوە. پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە، کە ڕەوتی "مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران" و کۆمۆنیزمی کرێکاری هەرکامیان دەگەڕێنەوە بۆ کام بەشی مارکسیزم. ئەگەر بمەوێ ڕەخنەی تیۆری ئەمڕۆی خۆم لە سیستەمی فیکریی ناسراو بە "مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران" ئاسانتر باس بکەم و لە ڕستەیەکدا بیڵێم، دەبێتە ئەوە: ئەم ڕەوتە ڕوانگەیەکی مێژوویی و تێگەیشتنێکی کۆمەڵایەتی لە خودی مارکسیزم وەك تیۆری و بزووتنەوەیەك نەبوو. بە بڕوای من ئەم ڕەوتە مارکسیزمی وەك تیۆرییەك زۆر باش تەفسیر دەکرد، هەڵبەت تا ئەو جێگایەی بۆ ئەو کارە کۆمەڵایەتییەی کە لە پێشی بوو پێویستی بە هەڵگەڕانەوە بۆسەر مارکسیزم هەبا. ئەم ڕەوتە ئەنجامگیریی سیاسی و تاکتیکیی تەواو دروستی لەم تیۆرییە دەکرد. تا ئەمڕۆش دانەدانەی هەڵوێستەکانی ئەم ڕەوتە بەرانبەر بە گیروگرفتە سەرەکییەکان و مەسەلە سیاسییەکانی دەورەی شۆڕش و پاش شۆڕش دروستن و لەسەر جێی خۆیانن. بەڵام کەم و کووڕییەکە لەوەدا بوو کە مارکسیزم بۆ ئەم ڕەوتە سەرەنجام تیۆرییەك بوو، تیۆرییەك کە ڕاستییەکانی دنیای سەرمایەداری ڕۆشن دەکردەوە و ڕەخنەی لێ دەگرتن. تیۆرییەك کە ڕەخنەی کرێکار لە کۆمەڵی سەرمایەداری بەیان دەکا. ئەم ڕەخنەیە و ئەم تیۆرییە خاڵی دەستپێکردنی بیر و بۆچوون و بیرکردنەوە سەبارەت بە پراتیکی کۆمەڵایەتی بوو. مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران دەیەویست بزووتنەوەیەکی پراتیکی و هەڵبەت کرێکاریش، لەسەر بنچینەی ئەم تیۆرییە ڕێك بخا. ئەمە ڕوانگەیەکی سەرەوبنە. بە بڕوای من هەر لێرەدا ڕوانگەی غەیرە مێژوویی ئەم ڕەوتە و جیاوازی لەگەڵ یەکێک لە بنەڕەتیترین پایەکانی مارکسیزم دەردەکەوێ. مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران هێشتا مارکسیزم وەك تیۆرییەك بە شێوەیەك چاولێ ناکا کە مارکس باسی دەکرد. بە وتەیەکی تر، خودی مارکسیزم وەك تیۆرییەکی دیاریکراو بە شێوەیەکی غەیرە کۆمەڵایەتی و غەیرە مێژوویی دەبینێ. تێزەکانی مارکس لە بارەی فۆیەرباخەوە، کە بە وردترین شێوە ڕوانگەی مارکس سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان بیر و بۆچوون و پراتیکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی باس دەکا، خودی مارکسیزمیش وەک بیر و بۆچوونێک دەگرێتە بەر. ناکرێ هەموو ڕا و بیر و بۆچوونێك وەک بەرهەمی کۆمەڵ ببینرێ، بەکارهێنانی مێژووییان بۆ بدۆزرێنەوە، ڕاستبوون و ڕاستنەبوونیان بە پراتیکی کۆمەڵایەتییەوە گرێ بدرێ، لە هەمان حاڵدا لە خودی

مارکسیزم وەك بیر و بۆچوونێکی جیاواز و لەپێشتر لە پراتیکی کۆمەڵایەتی، جیاواز لە بەکارهێنانی مێژووییەکەی و وەك کۆکراوەی حوکمە ڕاستەکانی سەبارەت بە جیهان حاڵی بێ. ڕۆشنە کە بەشە جۆراوجۆرەکانی تیۆری مارکس، لێکدانەوەی لەسەر شێوەکانی بەرهەمهێنان، لەسەر سەرچاوەی سوود، لەسەر دەوڵەت و شتی تر هەموویان حوکمی زانستین و بە جیاواز دەکرێ تێیان بگەی. بەڵام قەبووڵی ئەمانە قەبووڵی مارکسیزم نییە، چونکە بنچینەی مارکسیزم ڕەخنەگرییە، نەك ڕەخنەی مێشکێك لە دەوروبەری خۆی، بەڵکوو ڕەخنەی پراتیکێك و بزووتنەوەیەکی بابەتی و ماددی لە تەواوی کۆمەڵ. ناکرێ حوکمە مارکسیستییەکان وەك کۆمەڵێک بیروباوەڕ کۆ بکرێتەوە و نێوی مارکسیزمی لێ بنرێ. مارکسیزم پێش هەموو شتێک یانی، لە هەمان هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و لەجەرگەی پراتیکی کۆمەڵایەتی_ ڕەخنەگرانەدابوون کە تازە دەرفەتی ئەوە دەخوڵقێنێ، ئەم حوکمانە وەك ڕەخنە بەکار ببرێن. لە سیمینارەکەدا هەوڵم دا ئەوە ڕۆشن بکەمەوە کە چۆن ئەم هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە تایبەتە و ئەم پراتیکە کۆمەڵایەتییە تایبەتە ناکرێ لە مارکسیزم وەك تیۆرییەك جیا بکرێتەوە و چۆن مارکسیزمی غەیرە کرێکاری ناکۆکییەکە لەنێو خودی خۆیدا.

لە کۆنگرەی دووەمدا من ئاماژەم بە لاوازی ئەم چوارچێوەیەی کە ئێستا لە ئارادایە کرد. گوتم ئێمە نەك هەر بۆ تیۆری مارکسیزم، بەڵکوو دەبێ بۆ ئەو شوێن و پایە کۆمەڵایەتییە بگەڕێینەوە کە تیۆری مارکسیزم خۆی دەگەڕێتەوە سەری. مارکسیزم ڕەخنەیەکی زانایانە و خێرخوازانە لە سەرمایەداری نییە. ڕەخنەی کرێکارە وەك چینێکی دیاریکراو و وەک نارازییەکی زیندوو لەنێو کۆمەڵی سەرمایەداریدا. بۆ حیزبێکی سیاسی ڕاوەستان لەسەر ئەم شوێنە کۆمەڵایەتییە هێندەی قەبووڵبوونی زێدەبایی، نیشانە و مەحەکی کۆمۆنیستبوونە. ئەمە بۆ هاوڕێیانی ئێمە ڕاگۆڕینێکی تیۆریك سەبارەت بە چوارچێوەی پێشوو نەبوو. بەڵکوو پێداگرتنێك بۆ جیهەتگیرییەکی پراتیکی بەرەو چینی کرێکار بوو. لە حاڵێکدا هەر وەك باسم کرد، ئەمە مەسەلەیەکی لە بنەڕەتدا تیۆرییە کە خۆی لە جیاوازیگەلێکی جیددی لە خستنەڕووی تیۆریی ئەو مەسەلانەدا دەنوێنێ کە بەرەو ڕوومانە و هەر ئێستاش خۆی نواندووە. نموونەیەکی ئەم جیاوازییەمان لە باسەکانی سەبارەت بە مەسەلەی سۆڤێتدا بینی. بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە چوارچێوەی نەریتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێراندا، هۆی شکستی یەکجاریی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت بە "زاڵبوونی ڕیڤیژینیزم" دەزانێ. باسی ئێمە، من و هاوڕێ ئیرەج ئازەرین، لە بۆڵتنی سۆڤێتدا، ڕێک ئەم لێکدانەوەیە دەداتە بەر ڕەخنە و ڕەتی دەکاتەوە. لەبری ئەوەی بگەڕێین هۆیەکانی شکست لە لادانی ئەم و ئەو لە مارکسیزم وەک تیۆرییەك دەرکێشین، ئێمە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار و ئاستەنگەکان و ئاسۆداربوون و بێ ئاسۆییەکەی دەکەینە بنەما. جا ئەمجار لێرەوە دەچینە سەر لێکۆڵینەوەی ئەو هۆیانەی کە بەکارهێنانی مارکسیزم وەک تیۆرییەك لە لایەن بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی چینەکانی ترەوە گۆڕا. لە بارەی خودی دەستەواژەی ڕیڤیژینیزمەوە ئێمە ڕوانگەی مەکتەبی ڕەت دەکەینەوە و ڕیڤیژینیزم وەك سیستەمێك و وەك سەرخانی فیکری ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە دەدەینە بەر لێکۆڵینەوە و بەپێی جیاوازیی کرێکار لەگەڵ ئەم بزووتنەوانەدا دەگژیان ڕۆ دەچین، نەك بەنێوی وەرگەڕان لە مەکتەب. سەبارەت بە مەسەلەی وەك هەلومەرجی جیهانی، خەباتی ئابووریی کرێکار، ڕیفۆرم، لێکدانەوەی حیزبە سیاسییەکان، لێکدانەوەی مێژووی کۆمۆنیزم، دیاریکردنی ئەرکەکان و ئاسۆی حیزبی کۆمۆنیست، کاری کۆمۆنیستی لەنێو چینی کرێکار و شتی تریش، دەکرێ ئەو جیاوازییە جیددییە تیۆرییانە ببینرێ کە لەنێوان کۆمۆنیزمی کرێکاری و چوارچێوەی فیکریی پێشوودا پێک دێ. ئەم جیاوازییانە، تا ئەو کاتەی کە چوارچێوەی فیکریی پێشوو پۆپۆلیزمی دەدایە بەر ڕەخنە، بە تەواوی دەرنەدەکەوتن. باسم کرد لەم مەیدانە دیاریکراوەدا، تا ئەو جێگایەی کە بیر و بۆچوونی مارکسیستی دەچێتە شەڕی خەڵکگەرایی، قسەیەکی زۆر لەوە زیاتر، یان جیاوازتر ناکرێ بکرێ. بەڵام کاتێک کاری پۆپۆلیزم تەواو دەبێ و گیروگرفتی تازە، بە تایبەت مەسەلەی پراتیکی کۆمۆنیستی و قەیرانی سۆسیالیزمی بۆرژوایی دێتە گۆڕ، خاڵە لاوازەکانی چوارچێوەی پێشوو دەردەکەوێ.

بسووی سۆسیالیسم :بەڵام بەشێکی گرنگ لەم جیاوازییە تیۆرییانە کە دەیهێنییە گۆڕ، لە ساڵەکانی ڕابردوودا هەر لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا و وەك هێڵی فەرمی، یان تێگەیشتن و هەڵێنجان لە هەڵوێستە فەرمییەکانی حیزب هاتووەتە گۆڕ.

**مەنسوور حیکمەت** :بەڵێ ڕاستە. مەبەستم لە "مارکسیزمی شۆڕشگێڕ" ئەو چوارچێوە و سەنگ و سووکییە فیکرییە نییە کە لە سەردەمی ئێستادا دەڕوانێتە سەر حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. بە بڕوای من ئەم نێوە بە مانای دەقیقی وشەکە دەکرێ وێنایەك لە ڕەوتی ئێمە تا پێش کۆنگرەی "یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست" بێ. واتە، تا ئەو بڕگەیە کە باسی پراتیکی کۆمۆنیستی بە شێوەیەکی جیددی هاتە گۆڕ و کەم و کووڕییەکانی سیستەمی فیکریی پێشوو دەرکەوت. دوای ئەم بڕگەیە و بە تایبەت پاش پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست، وردەوردە بۆچوونێک لە چوارچێوەی خەتی فەرمیی حیزبدا دێتە گۆڕ کە ئیتر هی ئەم نەریتە نییە. خودی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە شێوەیەکی فەرمی، سێ ساڵ و نیو لەوەپێش، لە کۆنگرەی دووەمدا هاتووەتە گۆڕ. ئەمە بڕگەیەکە ئیتر ئێمە بەرانبەرکێیەکی کەم یان زۆر فەرمی و ئاشکرای کۆمۆنیزمی کرێکاری لەگەڵ چوارچێوەی فیکریی پێشوو، وە لەگەڵ مەیلە فیکرییەکانی دیکەی نێو حیزب دەبینین. ئەوەی کە لە دەورەیەکدا، لە ڕاستیدا هەتا کۆنگرەی سێیەم، ئەم باسانە وا دێنە گۆڕ کە لەگەڵ ڕابوردوودا لێک هەڵپێکراون، نابێ سێبەر بخاتە سەر جیاوازییە فیکری و عەمەلییەکانی ئەم ڕوانگەیە لەگەڵ چوارچێوەی پێشوو. من خۆشم بە ڕادەیەک کە چەند ساڵ لەمەوپێشەوە لەو بەرانبەرکێیە گەیشتووم، هەتا ئەو جێگایەی لە توانامدا بووە بۆ نیشاندانی خەسڵەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بە تایبەت تێڕوانینێک کە لەم دەورەیەدا باسم کردووە، خۆپارێزیم لە بەکارهێنانی دەستەواژەی "مارکسیزمی شۆڕشگێڕ" کردووە.
با ئەوەش بڵێم کە جیاوازیی ڕوانگەکانی ئەمڕۆمان لەگەڵ چوارچێوەی فیکریی پێشوو، شتێک نەبووە کە بە جارێك پێی گەیشتبین. ئەمڕۆ زانیومانە کە ئەمانە نەریتی فیکریی لێک جیاوازن، بەڵام مەرج نییە لە سەرەتاوە لە بەرینایی تیۆری و قووڵایی کۆمەڵایەتیی ئەم جیاوازییانە ئاگادار بووبین.

**بسووی سۆسیالیسم** :ئەم باسانە چۆن دەکرێ لە حیزبی کۆمۆنیستدا بچنە پێش و جێ بکەون. با بە شێوەیەکی تر پرسیارەکەم بکەم، هەر وەك باست کرد، لە حیزبی ئێمەدا لە ئاستی فەرمیدا موخالەفەتێک لەگەڵ ئەم ڕەوتە دەرنابڕدرێ. هەر ئەمڕۆ هەموو ڕێکخستن و ئۆرگانە حیزبییەکان لەگەڵ ئەم ڕوانگەیەدا موافیقن، بۆ نموونە ئەو باسانە کە بە قەولی تۆ ڕەخنەیەکی بنچینەیی لە چوارچێوەی فیکری و سیاسیی حیزب دەگرێ، وەك هەڵوێستێکی ڕەسمی لە ئۆرگانی ناوەندیی حیزبدا چاپ دەبن. سەرەڕای ئەم قەبووڵکردنە گشتییە، گرێی کارەکە لە کوێدایە؟

**مەنسوور حیکمەت** :"مووافەقەت"کردن ئەو شتە نییە کە ئێمە بە شوێنیدا دەگەڕێین، هەرگیز لەم بارەیەوە کەممان نەهێناوە. ئێمە موافیقمان ناوێ، هاوفیکرمان دەوێ. مووافیق کەسێکە کە وەڵامی مرۆڤ بە پرسیارێك بە هەر حاڵ قەبووڵ دەکا، بەڵام هاوفیکر کەسێکە کە لە خودی پرسیارەکەدا لەگەڵ مرۆڤ شەریکە. هۆی موخالەفەتنەکردنی فەرمیی مەیلەکانی تر لەگەڵ ئەم باسانە پێش هەموو شتێک ئەوەیە کە ئاڵتێرناتیڤیان نییە. ئاڵا هەڵگریان نییە، یان بەپێی محەکەکانی خۆیان پێیان وایە کە لە هەلومەرجی ئێستادا موخالەفەتکردن بە زەرەریانە. بە کورتی بۆ موخالەفەتکردن ئامادە نین. قەبووڵکردنی فەرمی و پاشان ڕاوەستانی عەمەلی لەبەرانبەر ئەو ئەنجامگیرییانەی کە لەم باسە دەردەکێشرێ، هەرسکردنی ئەم باسانە و کولکردنەوەی تیژییەکەیان، شێوەی سەرەکیی ڕەفتاری ئەم مەیلانە بە باسەکانی ئێمەیە.
ئەم هێڵە پێویستی بە مووافیق نییە. پێویستی بە کادر و ڕابەر و هەڵسووڕاوە. دەورەی خەباتی دژی پۆپۆلیستی بهێننەوە بیر، هەر ئەندامێک و هەڵسووڕاوێکی ئەم ڕەوتە نوێنەرێکی پڕ لە هەست و بە متمانە بەخۆ و تێکۆشەرێکی ئەم خەتە بوو. ئەمانە ئەو کەسانە بوون کە وەڵامی مەسەلەی واقیعی و پێویستییەکانی خۆیان وەرگرتبووەوە. ئەم ڕەوتە نوێنەری بیروباوەڕ و ئەرکە سەرەکییەکانی خودی ئەوان بوو. بۆ بەسەرکەوتنگەیاندنی ئەم بیروباوەڕەیان لە شوێنی هەڵسووڕانیان، لە ڕێکخراوەکەیاندا و لە هەر ناوەندێك کە دەیانتوانی جێی بخەن، پێیان دادەگرت. ئەمڕۆش کار بەبێ هەڵسووڕاوان و ڕابەرانێکی ئاوا ناچێتە پێشەوە. ئێمە ئەمانەمان بەو ئەندازەیەی کە پێویستە نییە و دەبێ پێکی بهێنین.

**بسووی سۆسیالیسم** :کەوابێ مەسەلەکە لەسەر کادرسازییە؟

مەنسوور حیکمەت :ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە باش نییە. یەکەم، کادرسازی لایەنی فێرکاری و پەروەردەکردنی هەیە کە هەرگیز مەبەستی ئێمە نییە. دووەم، هەوڵدانی ئێمە لایەنێکی بەهێزی ڕێکخراوەیی هەیە. مەبەستمان فێرکاری، یان تەرویجکردنی ئەم باسانە نییە. ئێمە خەریکین ڕوانگە و سیستەمێکی فیکری و عەمەلیی دیاریکراو لە ئاستی کۆمەڵدا دەهێنینە گۆڕ، تا هێزە ماددییەکانی خۆی لێ کۆبێتەوە. لە پێشیشدا گوتم کە پایەی ماددیی ئەم ڕەوتە لەنێو بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی سۆسیالیستی و لەنێو خودی چینی کرێکاردایە و دەبێ لەوێ بۆی بگەڕێی. ئێمە هەڵبژاردنێکی فیکری و سیاسیمان ناوەتە پێش کۆمۆنیستەکان، هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی چینی کرێکار و هەروەها دیارە هەڵسووڕاوانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش بە تایبەت. ئەوانەی کە مەسەلەی خۆیان و ئۆردووی خۆیان لەم بۆچوونانە و لەو مەیلە فیکری و سیاسییەدا دەبیننەوە، دیارە بە دەورییەوە خڕ دەبنەوە. قسە تەنیا لەسەر کادری ئەم ڕەوتە نییە، ڕابەرانی ئەم خەتە دەبێ هەڵکەون و یەکگرن.
لە لایەکی تریشەوە حیزب دەبێ بەکردەوە لەسەر بنچینەی ئەم مەیلە کۆمۆنیستییە پێک بێ. لە پێشیشدا گوتوومە کە ئەم حیزبە حیزبێکی چەندپایە و چەندبنەیە و بە بڕوای ئێمە دەبێ ببێتە حیزبێکی یەکپایەی سۆسیالیزمی کرێکاری لە ئێران. ئەمە یانی خەبات بۆ وەلابردنی مەیلەکانی دیکەی نێو حیزب، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ هەموو بڕیارنامەکان و پەسەندکراوەکانی مەوجوودی چەپی کرێکاری لەنێو حیزبیشدا موافیق بن. لە بەرەیەکی چەند حیزبیشدا ڕەنگە لەسەر سیاسەتەکان تەوافوق هەبێ. ئێمە حیزبێکی یەک مەیلمان دەوێ. ئێمە هاوتیۆری و هاوعەمەلیمان لەسەر ئەو بابەتانە دەوێ کە هیچ کات لە بڕیارنامەکان و پەسەندکراوەکاندا باسیان ناکرێ. هاوعەمەلییەك کە سەرچاوەکەی لەوەدایە کە هی حیزبێک و نەریتێکی خەباتکارانەی واحیدە. تەنیا لەم حاڵەتەدایە کە دەکرێ ئەو هێزە یەکجار زۆر و بەرینەی کە بۆ پەرەپێدانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و بزووتنەوە حیزبییەکەی هەیە، بەدی بێنی. بە هەر حاڵ ئەم مووافەقەتانەی کە هەن لە مەیدانی ڕێکخراوەییدا ئێمە بێ ئەرک ناکا. بە پێچەوانەوە دەبێ لەم هەلومەرجەدا بۆ یەککاسەکردنەوەی حیزب لەسەر بنچینەی کۆمۆنیزمی کرێکاری کەڵک وەرگرین. ئەو پێشڕەوییە ڕێکخراوەییەی کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دەیەوێ، زۆر لە مووافیقبوون و قەبووڵکردنی هەمووان واوەترە. زۆر کۆنکرێتتریشە. هەڵبەت ئەمەش واقیعییەتێکە هەتا ئەم مەیلە ژمارەیەکی پێویست ڕابەر و کادری بەتوانا و لێهاتووی نەبێ، بەدەستەوەگرتنی مەیدانە جۆراوجۆرەکانی هەڵسووڕانی حیزبێکی گەورە و بەرینی وەك حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆی کارێکی ئاسان نییە.

بسووی سۆسیالیسم :ئایا، لانی کەم تا ئەو جێگایەی هەڵدەگەڕێتەوە سەر حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، پێت وانییە ئەم "هەڵبژاردن"ە زۆر بە شێنەیی دەچێتە پێشەوە؟ ئایا سێ چوار ساڵ پاش کۆنگرەی دووەم، کە ڕەنگە لەوێدا ئەم باسانە بۆ یەکەمجار لەژێر سەردێڕی واحیدی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا دەهاتە گۆڕ، نەدەبوو لە باری هەڵکەوتنی ئەو جۆرە کادر و هەڵسووڕاوانەی کە مەبەستی تۆیە پێشڕەوییەکی لەوە زیاتر کرابا؟ ئەگەر چارەنووسی باسەکانی ئەمڕۆ لەچاو باسە دژی پۆپۆلیستییەکان کە توانی زۆر بە خێرایی کار بکاتە سەر چەپی ئێران، هەڵسەنگێندرێ، ڕەنگە هەندێك خاڵ ڕۆشن بکاتەوە.
مەنسوور حیکمەت :بە بڕوای من دەبێ لێرەدا چەند هۆ لەبەرچاو بگرین. یەکەم هاتنەگۆڕی باسەکانی ئەمڕۆ وەك ڕوانگەیەکی ئاڵتێرناتیڤ بەرانبەر بە چوارچێوەی فیکریی پێشوو بەکردەوە، لانی کەم لە ڕوانگەی ئەم هاوڕێیانەوە کە نەک لە کۆبوونەوەکانی ئۆرگانەکانی سەرووی حیزب، بەڵکوو لە ڕێگەی بڵاوکراوە و نووسراوەکانەوە ئاگاداری ئەم باسانە بوون، دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی سێیەم نەک کۆنگرەی دووەم. لە ڕاپۆرتێکدا کە پێشکەشی کۆنگرەی دوو کرا، لە وتار و نووسراوەکانی ئۆرگانی ناوەندی و شوێنی تردا بە هەر حاڵ خودی ئێمەش، هەڵبەت بە نادورست، لەچاو ئەمڕۆ باسەکەمان بە لێکهەڵپێکراوییەکی زیاترەوە لەگەڵ ڕابوردووی فیکریی حیزب دەهێنایە گۆڕ. قسەی دابڕانی فیکری و شتی لەم بابەتەمان زۆر دەکرد، بەڵام جێگای ئەم تەفسیرەی تێدا دەمایەوە، کە ئەمە ڕەوتی پەرەسەندنی تیۆری و سیاسیی حیزبە. باسەکەمان وەك هەوڵدانێک بۆ گەشکردنەوە و کامڵکردنی خەتی فەرمی دەرك دەکرا. ئەم دۆخە پاش کۆنگرەی سێیەم گۆڕاوە و خودی ئێمەش هەوڵمان داوە تەنانەت لە فۆرمی کارماندا، وجوودی دووڕێیانێك و پێویستی هەڵبژاردن لەنێوانیاندا زەقتر بخەینە بەرچاو.

دووەم، شێنەیی چوونەپێشێک کە دەبینرێ، زیاتر لە دەروونی دیوارە حوقووقییەکانی حیزبە، وە ئەویش نەك شوێن و ناوەندە کرێکارییەکانی حیزب بگرێتەوە، تا بگات بە دەروونی ئەو ڕەوتەی کە من بە مانای بەرینی وشەکە پێی دەڵێم حیزب. لەو مەیدانە بەرینترەدا، یانی لەنێو ئەو کۆڕ و کۆمەڵ و تۆڕە کرێکارییانەی کە بەدەوری حیزبەوەن، ڕەنگدانەوەی باسەکانی ئەم دواییانە فەرق دەکا و لە زۆر بارەوە هیوابەخش و گرنگە. تازە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم هاوڕێیانە لە باسەکان بە وردی ئاگادار نین، زۆربەی بەڵگەکانیان نەدیوە و شتی تر.
هەڵبەت ئەو هەڵسەنگاندنەی کە باست کرد، دەتوانێ هێندێک لایەنی زیاتر ڕۆشن بکاتەوە. لە لایەکەوە فەزای شۆڕشگێڕانەی دە ساڵ لەوەپێش بێگومان خیراییەکی زۆری بە تەکلیف ڕۆشنکردنەوەی بزووتنەوەکان و تاکەکان دەبەخشێ. بێجگە لەوە، ئەو بیر و بۆچوون و ڕوانگەیەی کە ئەو کاتە درابووە بەر ڕەخنە، زۆر بێ ناوەڕۆک و بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕاست و غەیرە مارکسیستی بوو. ئەم بیر و بۆچوونە لە دوو بارەوە تێک شکابوو. لە باری تیۆرییەوە ناکۆکییەکانی لەگەڵ مارکسیزمدا دەرکەوت. لە باری سیاسییەوە دەرکەوت کە بە گشتی چوارچێوەی فیکریی هیچ جۆرە ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕادیکاڵ پێک ناهێنێ. شۆڕش دەری خست نەک هەر لێکدانەوەکانی ئەم ڕەوتە، بەڵکە درووشم و داخوازەکانیشی زۆر کەم و بێبەهان. کاتێک پیشەسازی میللی کرا، یان سەفارەتی ئەمەریکایان داگیر کرد، ڕەوتێک کە ناوەڕۆکی سیاسی و ئابوورییەکەی شتێکی لەوانە زیاتر نەبوو، هەر لە خۆوە نفووزی لەنێو بەشە ڕادیکاڵترەکانی کۆمەڵدا لەدەست دەدا. بەڵام گرنگتر لە هەمووان ئەوەیە، کە باسی دژی پۆپۆلیستیی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران باسێک بوو لەنێو خۆی نەریتێکی خەباتکارانەی دیاریکراودا. ڕەخنەگر و ڕەخنە لێگیراو هەردووکیان لە جێگا و شوێنێکی کۆمەڵایەتی یەکساندا بوون. چەپی غەیرە کرێکاری، ئۆپۆزیسیۆنی چەپی ڕووناکبیری، لەگەڵ ڕەوتێکی ڕەخنەگرانە لەنێو خۆیدا بەرەوڕوو بوو، کە بە تایبەت وەڵامی سیاسی و عەمەلی هەر ئەم نەریتەی دەدایەوە. هۆی گشتیبوونەوەی خێرای باسەکانی ئەو کاتە ئەمە بوو. ئەمجارە مەسەلەکە بە تەواوی جیاوازە. هەر وەکوو باسم کرد، کۆمۆنیزمی کرێکاری خەریکە نەریتێک دەداتە بەر ڕەخنە، کە شەریکی پرسیارەکەی نییە. باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەڵامی هێندێک دژایەتی و ناکۆکییە. وەڵامی هێندێک پرسیاری تیۆری و عەمەلی دیاریکراوە. بەڵام نەریتی چەپی ڕادیکاڵی غەیرە کرێکاری ئەم پرسیارانەی نییە. لەبەرانبەردا ڕێک لەو دەورەیەدا و لەژێر کاریگەریی ئەم باسانەدایە کە بەشی پێشڕەو و سۆسیالیستی بزووتنەوەی چینایەتی بەدەربەست و بە مەیلێکی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاترەوە سەرنجی داوەتە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەم باسانەی کە تێیدا دەکرێ. بە هەر حاڵ ئێمە دەمانەوێ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی خۆمان بکەینە خاوەن ئاسۆ و خاوەنی چوارچێوەیەکی پتەو بۆ خەبات. بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکارمان مەبەستە. زۆر باشترە کە هەڵسووڕاوانی چەپیش لەم باسانە تەئسیر وەرگرن و لەم بزووتنەوەیە نزیک ببنەوە. بەڵام ئەو ناوەندە سەرەکییەی کە ڕووی باسەکانمان لێیەتی ئەوێ نییە. من خۆم پێم وایە، کاتێک چەپی غەیرە کرێکاری بە شێوەیەکی واقیعی و لە ڕادەیەکی بەریندا لەژێر کاریگەری ئەم باسانەدا ئاڵوگۆڕی تێدا ڕوو دەدا، کە لە لایەکەوە سۆسیالیزمی کرێکاری وەك بزووتنەوەیەکی حیزبی و سیاسی توانایەکی زیاتر لە مەیدانی سیاسیدا بنوێنێ و دووەم، ئەم بیر و بۆچوونە لە کێشەی خۆیدا لەگەڵ مەیلە فیکرییە بنەڕەتییەکانی نێو کۆمەڵ کە ئەمڕۆ چەپی غەیرە کرێکارییان تۆقاندووە و شک و گومان و ڕاڕاییان تێخستووە، سەنگەربەندییەکی بەهێز پێک بهێنێ. پێم وایە، ئەمە قانوونێکی بنچینەیی خەباتی سیاسییە کە وەرسووڕانی ڕادیکاڵیزمی چینەکانی تر بەرەو بزووتنەوەی کرێکاری و بیر و بۆچوونی سۆسیالیستیی کرێکار، پەیڕەوی لە توانستی کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکا بەرانبەر بە بۆرژوازی بە گشتی. ڕەنگە زۆر لە چەپە ڕادیکاڵەکانی ئێمە ئەمڕۆ هەڵبژاردنە فیکرییەکەیان بە قازانجی کۆمۆنیزمی کرێکاری نەکەن. بەڵام زوو بێ، یان درەنگ ناچار دەبن، هەڵبژاردنێکی سیاسی و عەمەلی بکەن.

**بسووی سۆسیالیسم :**وەک بڕگەیەکی گرنگ باسی کۆنگرەی سێیەم دەکرێ. خودی باسەکان پێشینەیان دەگەڕێتەوە سەر کۆنگرەی دووەم و تەنانەت پێشتریش بۆسەر ئەو ڕێبازەی کە لە گۆڤاری "کۆمۆنیست"دا بەرەو پێشتان دەبرد. تکایە گرنگیی کۆنگرەی سێیەم وەك خاڵی وەرچەرخانێک زیاتر ڕۆشن بکەنەوە.

**مەنسوور حیکمەت:** پێشینەی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەر بەو جۆرەیە کە تۆ دەیڵێی. بەڵام باسم کرد کە تا کۆنگرەی سێیەم ئەم باسە قاڵبی کۆششێکی بە خۆوە گرتبوو، کە لە ڕواڵەتدا لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە، بۆ دەقیقکردنەوە و ڕۆشنکردنەوەی بۆچوونە فەرمییەکانی حیزب بکرێ. ئەم وەزعە واقیعی نەبوو. واقیعییەت ئەوە بوو، کە باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری نە لە درێژەی خەتی فەرمیدا بوو، وە نە کۆمیتەی ناوەندی وەک کۆمیتەیەک، یان ناوەندێک، ئەم باسانەی بە خۆیەوە پەیوەست کردبوو. ئەم باسە مەیلێک بوو. لە کۆنگرەی سێیەمدا و لە ڕاستیدا لە پلینۆمی سێزدەهەمی پێش ئەم کۆنگرەیەدا، ئێمە ئەم واقیعییەتەمان ڕۆشن کردەوە. دوای کۆنگرە باسەکەمان لە چوارچێوەی فەرمی هێنایە دەر و لەگەڵ چەند هاوڕێیەک، بە شێوەیەکی کۆنکرێت هاوڕێیان ڕەزا موقەددەم و ئیرەج ئازەرین، گەڵاڵەیەکمان بۆ بەڕێوەبردنی کەمپەینێک سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری، چ لە ئاستی عەلەنیدا و چ لەنێوخۆی حیزبدا داڕشت، کە سیمیناری کۆمۆنیزمی کرێکاری یەکێک لە یەکەم هەنگاوەکانی ئەم کەمپەینە بوو. بەم جۆرە پاش کۆنگرەی سێیەم نووکی ڕەخنەگرانەی ئەم باسانە تیژتر دەبێ و بەکردەوە ناوەندێک بۆ بەرەوپێشبردنی قەوارە دەگرێ. کەوابێ جیاواز لەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەم باسانە بە خەتی فەرمیی خۆی بزانێ، یان نا، کە دەیزانێ، ئێمە وەك هەڵسووڕاوانی ئەم کەمپەینە مەبەستی خۆمان بەوە داناوە کە ئەم باسانە لە ئاستی عەلەنیدا (و ئەویش نەک هەر لە چوارچێوەی چەپدا) بێنینە گۆڕ و هەوڵ بدەین حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر ئەم ڕوانگەیە ساغ و پتەو بکەینەوە. جا سەرنجڕاکێش ئەمەیە، کە بەم هەنگاوە لە ماوەی شەش مانگی پاش کۆنگرەی سێیەمدا، پتر لە هەموو دەورەی پێشوو لەنێو حیزبدا بەدەربەستی سەبارەت بەم باسانە پێک هاتووە و سەرنجیان دراوەتێ. هەروەها هەوڵمان داوە بۆچوونی کۆنکرێتی خۆمان سەبارەت بە مەیدانە سەرەکییەکانی هەڵسووڕانی حیزب گردوکۆ بکەین و ئاڵتێرناتیڤەکانی خۆمان لەو مەیدانانەدا بدەین. تا ئێستا سەبارەت بە هەڵسووڕانی کرێکاری لە ئێراندا، سەبارەت بە هەڵسووڕانی حیزب لە کوردستان و هەروەها لە دەرەوەی وڵات تیۆری خۆمان بە وردی دەربڕیوە. سەبارەت بە هەڵسووڕانی کرێکاری لە شارەکان، بۆچوونەکانمان لە گۆڤاری "کۆمۆنیست"دا بڵاو کردووەتەوە. سەبارەت بە کوردستانیش نووسراوەیەکی دووروودرێژمان بەو کۆمیتانەی کە مەسەلەکەیان پێوە پەیوەستە و بە تەواوی ڕێکخستنیش داوە. هەڵبەت ئەمانەش کۆمەکیان بە ڕۆشنبوونەوە و گەشتربوونەوەی زیاتری باسەکانمان لەو دەورەیەدا کردووە.

**بسووی سۆسیالیسم:** پێشتر گوتت لە هەمان حاڵدا کە هەوڵدان بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری هەوڵدانێکی سیاسی و فیکرییە بۆ پتەوکردنەوەی پایەکانی ئەم ڕەوتە و شکڵپێدانی بزووتنەوەیەکی بەرین لە ئاستی کۆمەڵدا، پێشڕەوییەکان و هەنگاوە دیاریکراوە ڕێکخراوەییەکان لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشدا زامن دەکا. سەبارەت بە لایەنە سیاسی و فیکرییەکانی ئەم مەسەلەیە قسەمان کرد. دەمەوێ لایەنە ڕێکخراوەییەکەی زیاتر ڕۆشن بکەیەوە. شێوازی تایبەتی ئەم گۆڕانکارییەی کە دەتانەوێ لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا پێک بێ چییە؟

**مەنسوور حیکمەت:** هەر وەکوو باسم کرد، باسی ئێمە سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە جێگاوشوێنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەرنەکێشراوە، بەڵام هێندێک ئەرکی ڕۆشنمان لەبەرانبەر حیزب دەنێتە سەرشان. ئێمە دەمانەوێ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی سۆسیالیزمی کرێکاریی ئێران بێ و بە تەواوی پەروەندەی "چەپی ڕادیکاڵی"ی خۆی ببەستێ. ئەم حیزبە دەبێ ببێتە حیزبێکی یەك پایە و یەك مەیل. بەرنامەکەی، ڕابەرییەکەی، نەریتەکانی، کادرەکانی، سەرقاڵییەکانی، هەڵسووڕانی ڕۆژانەی و شتەکانی تر بە تەواوی دەبێ ڕەنگدانەوەی جێگاوشوێنێکی ئاوا لە کۆمەڵدا بێ. مەرجی ئەم کارە ئەوەیە کە ئەم مەیلە بتوانێ یەکەم، لە ئاستی کۆمەڵدا خۆی بە هێزەوە نیشان بدا و دووەم، لەنێوخۆی حیزبدا ئامادەیی پێویست بۆ بەدەستەوەگرتن و ڕێنوێنیی هەڵسووڕانی حیزب بەدەست بێنێ. گوتم کە کادر و ڕابەرمان دەوێ. ئەمە دەبێ لە ماوەی ڕەوەندێکی خەباتی سیاسیدا پێک بێ، کە تێیدا مەیلە جۆراوجۆرەکانی نێو حیزب بە شێوەیەکی ڕۆشنتر و گەشتر بەرانبەر بە یەک ڕادەوەستن. با جەخت بکەمە سەر ئەوەیش کە مەسەلەکە تەنیا لەسەر ئەوە نییە کە کادرەکانی ئێستای حیزب تەکلیفی خۆیان ڕۆشن بکەنەوە. وەختێک باسی کادر و ڕابەر دەکەم، تەواوی سۆسیالیزمی کرێکاریی ئێرانم مەبەستە. ئەندامانی ئەو حیزبە بەرینەی کە ئێمە

خۆمان بە ئەندامی و حیزبی کۆمۆنیست بە بەشێکی دەزانین. ڕەوتی هەنگاو بەرەوپێش هەڵهێنانەوەی کادرەکان و ڕابەرانی ئەم خەتە لە هەمان حاڵدا، ڕەوتی گۆڕانی ڕایەڵ و پۆی حیزب و کرێکاریبوونەوەی و هەروەها چوونی زیاتری حیزب بۆ نێو جەرگەی خەبات و ناڕەزایەتیی کرێکاریشە. ئێمە بەرنامەیەکی حیزبی لەسەر بنچینەی ئەم ڕوانگەیە دەنووسین و بۆئەوەی ببێتە بەرنامەی حیزب هەوڵ دەدەین. لەسەر ئەم بنچینەیە و لەسەر بنچینەی مەوازینی حیزب، ڕابەریی حیزب و هەموو پایە ڕێکخراوەییەکانی حیزب دەبێ بدرێتە دەست سۆسیالیزمی کرێکاری و حیزب خۆی لەسەر بنچینەی نەریتە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی ئەم ڕەوتە ڕێك بخا.
لەم ماوەیەدا و هەر لە ئێستاوە، بە بڕوای من دەبێ هەوڵ بدرێ تا بۆچوونەکان و ئەنجامگیرییە سیاسی و پراتیکییەکانی مەیلی چەپ و کرێکاری لە حیزبدا بەڵێبڕاوی و خێراییەکی زیاترەوە عەمەلی پێ بکرێ. دەبێ بە تایبەت مەیلە ڕاست و بێگانەکان لەگەڵ نەریتی کرێکاری وەلا ببرێن.
دەبێ هەوڵ بدرێ بە بەرەوپێشبردنی بەردەوامی حیزب بەرەو بزووتنەوەی چینایەتی و بە زیادکردنی بەڵێنی حیزب لەو مەیدانەدا، ڕەوتی کرێکاریبوونەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەروا درێژەی پێ بدرێ.

بسووی سۆسیالیسم :دەڵێی "لەم ماوەیەدا". چ ماوەیەکی زەمەنیتان بۆ تەواوی ئەم گۆڕانکارییە لەبەرچاو گرتووە؟

مەنسوور حیکمەت :هەتا کۆنگرەی چوارەمی حیزب دەبێ تەکلیفی مەیلە جۆراوجۆرەکان لە حیزبدا ڕۆشن بکرێتەوە. خودی کۆنگرە بڕگەیەکە کە ئێمە دەمانەوێ لەوێدا سەرکەوتنی سۆسیالیزمی کرێکاری لەنێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا فەرمی ببێتەوە. بە بەرنامە و ڕابەری و هەموو شتێکییەوە.

سەرچاوە: تفاوت های ما - "بسوی سوسیالیسم"، دوره دوم - شماره ٤، آبان ١٣٦٨
وەرگێڕانی: محەمەد میسری
تایپکردنەوەی: ئامانج ئەمین

پیاچوونەوەی: فاتمە ئەحمەد